سەلام ناوخۆش

ئایین

و

ناسیۆنالیزم

لەجیاتی پێشەکی

ئەم کۆمەڵە نووسینە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە هەژموونی ئایین و ناسیۆنالیزم لە کۆمەڵگەی کوردی دەدوێ. بەشێکی زۆری ئەم نووسینانە لێرەو لەوێ بڵاوکراونەتەوە، تەنیا بەشی سەرەکی ناونیشانەکە نەبێ کە لە هیچ شوێنێك بڵاو نەکراوەتەوە. خوازیارم شیابم بابەتیانە لەم بابەتە بدوێم و هەقی بابەتەکەم دابێت.

سەلام ناوخۆش

٢٠٠٦/٩/٢٥

گوتاری ناسیۆنالیستی کوردی

١- ناسیۆنالیستی کوردی و ژیانی حیزبایەتی

دەگوترێ کە ناسیۆنالیستی دەرهاوێشتەی شۆرشی فەرەنسی و ئینگلیزی بێت، مارکسەتیش گوتەنی ئەومەسەلەیە بزافێکی پاشکەوتوی سەرمایەداری یە، بەو واتایە ناسیۆنالیستی نەك هەر لەناو کورد بەڵکو لەجیهانی بەناو ئیسلامیش فۆرمی دروستی خۆی نیە. جارێ سەبارەت بەکوردەوە خودی مەسەلەکە زیاتر کاردانەوە بووە نەك کردار. هەتا تورك وعەرەب وفارس لەئیسلام هەڵنەگەڕانەوە لە بریتی دین پەسەندی کەلتوری دۆزی نەتەوەی خۆیان نەکرد کورد هەر باوەڕی بە" برایەتی" هەبوو. هەر ئلەسەدەی هەژدەهەمەوە ڕوناکبیرێکی وەك مەلائەحمەدی خانی دەرکی بەوە کردووە کەئەو نەتەوە هاوسێیانە لەگەڵ کورد ڕاست نین. لە سەدەی نۆزدەهەمیش ڕۆناکبیرێکی تر وەك حاجی قادری کۆیی هەمان بانگەوازی کوردانە" ئاراستەی میرانی کورد" کردووە، بەڵام چەند دەسەڵاتی ئەو نەتەوانە لەگەڵ میللەتەکەمان ڕاست نەبووینە ئەوەندەش (بەڵکو زیاتریش!)دەسەڵاتی خێڵەکی کوردی کە خۆی لە دامودەزگای میرئاغا وشێخ دەنواند، لەگەڵ میللەتی خۆیان ڕاست نەبوینە. عەقڵی ئەوان تەنیا بەقەد قەلەمرەوییەکەی خۆیان بووە هەتا

ناونیشانی میرنشینەکانیشیان تەواو دەلاڵەت لەو واقیعە دەکات : میرنشینی سۆران ، میرنشینی بابان ، میرنشینی بەهدینان ، میرنشینی ئەردەلان ئەو میرنشینانە نەك هەر لەسەر بنەمای نەتەوەیی دانەمەزرا بوون ، بەڵکو رێگریش بوون لەسەر پرۆژەی نەتەوەیی . چۆن ئێستا ئەو هەموو دەولەتە عەرەبیە نەتەوەیی نین بەلکو رێگرن لەسەر" یەکێتی عەرەب " ....

لەو دوو سەدەیەدا ئاغاو بەگ و میروشێخی کوردی نەك هەر نەیانتوانیوە "کوردایەتی" لەناو کوردان بلاو بکەنەوە ، بەلکو ململانێ خێلەکی ئەو میرانە هەتا رۆژگاری ئەمرۆش رەنگدانەوەیەکی نێگەتڤی لەبیرکردنەوەی تاکی کوردا دروست کردووە .

هەرچەندە هەندێ لەرۆناکبیرانی کورد وەك ئیسحاق سکوتی و عبداللە جودت بەدامەزرێنەری کۆمەلەی ئیتحاد وتەرەقی دادەنرێن، بەلام بەحوکمی ئەوەی ئەو حیزبە کوردی نەبووە بۆیە دامەزراندنی ئەو حیزبە بەدەسپێکی حیزبی کوردی دانا نرێ . هەندێ توێژینەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کەیەکەم حیزبی کوردی لەبەرایی سەدەی بیستەم دامەزراوە ، حیزبەکەش ناوی " عەزمی قەومی " بووە لەپاش ئەو حیزبە لەگەلّ دەستپێکی سەرکەوتنی سەرکەوتنی ئینقیلابی ۱۹۰۸ هەندێ رۆشنبیری کورد وەك ئەمین عالی بەدرخان ، عبدلقادر شەمزینی و خەلیل خۆشەوی

و كەسانی دی چەندەها كۆمەڵە وحیزبی كوردیان دامەزراندوە . كۆمەڵەی (تەعاون وتەرقی كورد) و(هێڤی) وپارتی (دیموكراتی كورد) بەدەستپێكی ژیانی حیزبی كوردی دادەنرێت ئەو حیزبانە رۆژ نامەو گۆڤاری زمان حالی خۆیان هەبووە بۆ ئەوەی " كوردایەتی " لەناو كۆمەڵەی كوردەواری بلاْوبكەنەوە . لەپاش ئەمانە چەندەها كۆمەڵە و حیزب لەبەشەكانی كوردستان دروست بوون وەك كۆمەڵە داركەران ، برایەتی ، هیوا ، شۆرش ، رزگاری ، یەكێتی تێكۆشین ، سەربەخۆی كوردستان لەباشورروباكور ، خۆیبون ، ژیانەوەی كوردستان – ژێ – كاف ، حیزبی دیموكراتی كوردستان ، پارتی دیموكراتی كوردستان ، كۆمەڵە ، كۆمەڵەی ماركسی – لینینی ، بزوتنەوەی سۆشیالیستی ، پاسۆك ، پارتی گەلی دیموكراتی كوردستان ، یەكگرتن.........

ئەو جۆرە حیزبانە سەرپەرشتی چەندەها ڕاپەرینی وشۆرشی كوردیان كردووە لەوانە :

١- ڕاپەرینەكانی شێخ محمود ١٩١٩ -١٩٣٢
٢- ڕاپەرینەكانی بارزان یەك ، درو، سێ
٣- ڕاپەرینەكانی سمكۆی شكاك وسەید تەها
٤- ڕاپەرینی شێخ سەعدی پیران ١٩٢٥
٥- ڕاپەرینی ئارارات ١٩٢٧ -١٩٣١
٦- ڕاپەرینی دەرسیم ١٩٣٦ – ١٩٣٨

٧- ڕاپەرینی دیموکراتی ئێران ١٩٤٥ -١٩٤٧
٨- شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١ -١٩٧٥
٩- شۆڕشی گولان ١٩٧٦ - ١٩٨٨
١٠- شۆڕشی گەلی کوردستان ١٩٧٦ -١٩٨٨
١١- ڕاپەرینەکانی پ.ك.ك ١٩٧٨ .....؟

بێگومان هەرەس وپاشاگەردانی ونیسکۆ بەشی هەموو ئەو ڕاپەرین و شۆڕشانە بووە . هۆکارەکانی ئەو شکستانە لەهەموو قۆناغەکاندا بەزۆری هەروەك یەك بووە ئەوەتە شۆڕشەکەی شێخ عبیدەاللای نەهری لە١٨٨٠ بەهۆی کۆمەڵێك فاکتەری ناوەخۆو تەبایی داگیرکەران (عوسمانی و ئێران) وئیمپریالیزمی بەریتانی و روسیایی قەیسەری بووە دوا شۆڕشی کوردیش بووە قوربانی هەرسێ فاکتەری ناوەخۆ(ململانێ حیزبەکان) وبوونی زیاتر لە سێ سەد فەوجی بەرگری نیشتیمانی (جاش) تەبایی داگیرکەران لە سەرلێدانی بزافی کوردی هەروەها دەستخەرۆ کردن وپشت تێکردنی ئەمریکار سۆڤیەت لەبزافی کوردیدا .

٢- قۆناغەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی

وەك ناسیۆنالیزم بەراتا رۆژئاوا ییەکەی هێشتا لەناو کوردا سەرییهەڵنەداوە . دوو هۆکاری سەرەکی ئەگەری ئەم دیاردەن :

یەکەم : لەکوردستاندا هەرگیز ریفۆرمی دینی وەك

بزوتنەوەیەکی سۆسیۆدینی سەرپیهەلنەداوە هەتا ئەو بزاڤە مارکسی وشیوعەیەتەی کەلەسەدەی ڕابردوودا بەشێکی زۆری ولآتی گرتبۆووە هەر لەچوار چێوەی حیزب وروناکبیریندا بووە نەك وەك سیستەم وبونێکی کۆمولآیەتی کۆمەلگای کوردی .

دووەم : بەحوکمی ئەوەی کوردستان ولآتێکی کۆلۆنیاکراو بووە . بۆیە ئیستعماری ناوەخۆ وەیکردووە کوردستان وەك هەرێمك لە چوار بەشەکانی دی عێراق ، ئێران ، تورکیا ، سوریا پاشەکەوتووتر بێت و بەگۆڕانی کۆمەلآیەتی سروشتی تێپەر نەبێت ....

جانەوەی پێی دەوترێ " ناسیۆ نالیزمی کوردی " بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە ، دەکرێ ئەوبزاڤە لەچەند قۆناغێك کورت بکەینەوە .

١- قۆناغی ڕوناکبیری کوردی : ئەم قۆناغە مەلا ئەحمەدی خانی ١٦٥٠ – ١٧٠٧ سەرقافلەیەتی و حاجی قادری کۆی ١٨١٧ – ١٨٩٧ تەواو کەری ئەو بزاڤەیە . مەسعودمحمد و جەمال نەبەز و ئەمیری حەسەن پورو هەژاری موکریانی ئەو ڕوناکبیریەی خانی و کۆیی بەدەستپێکی ناسیۆتالیزمی کوردی دادەنێن .

٢- سەرهەلدانی بنەمالەکان وەك بنەمالەی بەدرخانیەکان و بنەمالەی شێخ عوبیدللا شەمزینی .

٣- بزافی مەشروتیە ی ئێران و مەشروتیەی تورکیا . ئەو دوو بزاڤە دەرفەتێکی چاکیان بۆ کورد رێکخست کەرۆناکبیرنی کورد

وەك فارس وتورکەکان "حیزبی کوردی "دابمەزرێنێت . ئەو قۆناغە، قۆناغی حیزب دروستکردن، بۆتە دەسپێکێك بۆقۆناغی ئایندەی کورد. لەو قۆناغەش روناکبیرانی هەردوو بنەماڵەی بەدرخان وشەمزینی دەورێکی سەرەکییان بینیوە لەدروست کردنی رێکخراو و حیزب و کۆمەڵەی رۆشنبیری ودەرکردنی رۆژنامە وگۆڤار .

٤- حوکمداریەتی شێخ محمود .

٥- سەرهەڵدانی مارکسیەت هەرچەندە هەرزوو ئەو تەرزە فیکرە لەگەڵ عبدللە جودت هاتۆتە ناوبزافی کوردی یەوە بەلام وەك بەرنامە لەعێراق وباشوری کوردستان دروستبونی حیزبی شیوعی بەپلە یەك و"رزگاری " و" شۆرشی " "هیوا " بەپلە دوو گۆرانێکی لەچەمکی ناسیۆنالیزمی کوردیدا دروست کردووە .

٦- دامەزراندنی دیموکراتی کوردستانی ئێران وپارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق .

٧- هەرەسی ئەزمونی تاك حیزبی (پارتی) لەباشور و(دیموکرات) لەرۆژهەلات دامەزراندنی پ.ك.ك لەباکور. لەو قۆناغەدا چەندەها حیزبی مارکسی ,قەومی ، ئیسلامی دروست بوون بەلام ئەو ئەزمونەش لەگەڵ راوەستانی شەری کەنداوی یەکەم ناسراو بە شەری عێراق و ئێران لەساڵی ١٩٨٨ دوچاری هەرەسێکی جوزئی بوو .

لەو حەوت قۆناغەدا ناسیۆنالیزمی کوردی زۆری هەر

لـەقۆناغی " ڕزگـاری نیـشتیمانی " دابـووە ، هەرچـی قۆنـاغی هەشتەمە ، قۆناغی پەرلـەمان و حکومـوتی دەسـتوری کوردیـە .
هەندێ نوسەر لەژێر کاریگەری حیزبی ئـەم قۆناغـەش بـە دریـژە پێدەری قۆناغی شەش وحـەوت دادەنـێن بـەلاّم لەڕاسـتیدا ، ئـەم قۆناغە . تەحصیلی حاسیلی هەندێ گۆڕانکـاری نێونەتـەوەتی وەك ڕۆخانی مارکسیەت وبلۆکی ڕۆژ هەلاّتی کۆمۆنیستی ، گۆڕانکاری هەرێمی وەك ئاکامەکانی شەڕی کەنـداوی یەکـەم لەسـەر عێـراق وهەرەسی عێراق لەشەڕی کەنداوی دووەم دا ڕزگار کردنی بەشێکی باشوری کوردستان و دروست بوونی بۆشایی سیاسیە لە هەرێم .

٣- ناسیۆنالیستەکانی هاوسێ و ناسیۆنالیزمی کوردی

١/ ناسیۆنالیزمی تورکی

لەدوای بزاڤی دەسـتورخوازی عوسمـانی ١٩٠٨ ، بـالّی پـان - تورکیزم کەپێکهاتبولە (ئەحمد ڕەزا ، تەلعەت پاشا ، ئەنوەر پاشا ، جەمال پاشا ، دەسـتی لـەبالّی - عوسمـانیزم سـتاند ئـەو بالّـەی تەرەقی تەنیا پەسەندی ڕەگەزی تورکیان دەکرد وبانگەشەی ئەوەیان دەکرد کە زوو تورکەکان خۆیان لە عەرەب جودا بکەنـەوە . لـەژێر کاریگەری جولەکەی وەك لۆملی وبرنارد لـویس ودەیڤـد کـۆهین ، تورکەکان وەهمێکیـان بۆخۆیـان دروسـت کردبـوو وەك " ڕەگـەزی تورك لەڕەگەزی هەموو گەلانی تری ڕۆژئاوای چاکتروپاکترە ".

لەسەردەمی کەمالیەکاندا ، کەلوتکەی ناسیۆنالیستی تورکی بوون، تاك و ولآتی تورکیایان لەمێژووی پێنج سەد ساڵەی موسڵمانیتی دابڕی. ئەمەش لەو گروپە چاوەڕێ دەکرا چونکە ئەو بزاڤە لەکۆمەڵگەیەکی نائیسلامی لەدایك ببوو زێدی دەرەوەی بزاڤەکە فەرەنسا بوو لەناوەوەشی ناوچەی سلانیکی جولەکەنشین بوو . تورکەکان زۆر باوەڕیان بەئەزمونی ناسیۆنالیزمی فەڕەنسی وئیتالی وئەڵمانی هەبوو . ئەوبزاڤانەش تەواو دژە دین بوون . هەر لەو ڕوانگەوە مەرجی سەرەکی بەریتانیا وفەڕەنسا هەڵوەشاندنەوەی " خەلافەتی ئیسلامی " بوو . لەئاکام سالی ١٩٢٣ کەمالیەکان یەکەم دەولەتی قەومی عەلمانیان لەتورکیا دامەزراند لەسالی ١٩٢٤ خەلافەتی ئیسلامیان هلوەشاندەوە ئەلف بایی عەرەبیان ڕەتکردەوە و ئەلف بایی لاتینیان سەپاند .

ناسیۆنالیزمی تورکی هەتا دەرکەوتنی حیزبی ڕەفا تەواو دژە ئیسلام بوو . ئەو ئەزمونەی تورکیا هەتا کۆتایی سالآنی هەشتاو بەراییەکانی نۆوەد درێژەی کێشا ، ئەویش هەروەك چۆن " ناسیۆنالیزمی ستالین بەپەیڕەوی مارکسیەت " هەرەسی هێنا ئەویش هەرەسی هێنا ، بەلآم لەحیزبی رەفاوە هەتا جیزبەکەی ئەردوگان تورکەکان جارێکی تر ناچاربوون ئاوڕ لەئیسلام بدەنەوە بەو ئەزمونەش دووسێ جار توانیان دەسەلآتی حکومەت لەناسیۆنالیزمی قەومی بستێنن . ئەو بیرۆکە ناسیۆنالتی

ئیمپریالیە چونکە لەسەر بنەمایەکی رەگەزی دامەزراوە هەر بەروخانی ریفۆرم دەکری نەك بەتەعدیلکردنی روالەتی . سەبارەت بەکوردی باکور هیچ گۆرانێکی نەوعی لەدەسەلاتی (قەومی عەلمانی) . (قەومی ئیسلامی) روی نەداوە رووش نادات چونکە ئەو تەرزە یە لەراژەی مرۆڤایەتی مرۆڤ دانی یە .

٢- ناسیۆنالیزمی عەرەب

هیچ نەتەوەیەك بەقەد عەرەب سودی لەئیسلام وەرنەگرتووە . لەرووی شارستانیەوە نەتەوە نەبووە بەقەد عەرەب پاشکەوتوترو پرکێشەتر بەلام بەئیسلام بوونە باشترین نەتەوە نەك لەرووی رەگەزەوە بەلکو لەرووی ئینسانیەوە . بەرووخانی ئەمپراتوریەتی عەبلسی عەرەب توشی چەندەها پاشاگەردانی سیاسی وکۆمەلایەتی ورۆشنبیری بوون . ئەو هەموو پاشاگەردانیەش ژێدەرەکەی دەگەرێتەوە بۆ هەلگەرانەوەی دەسەلاتی عەرەبی لەئیسلام و خودانە عەرەب پەسەندی ودنیا ویستی سەرانی عەرەب.

بەلاوازی ئەمپراتوریەتی عوسمانیش ، رۆژ هەلاتناسی و مسیونیزەکان هەروەك چۆن تورکەکانیان هاندا پەیرەوی ناسیۆنالیزم بکەن بەهەمان شێوەش عەرەبەکانیان هاندا کەلەدژی دەسەلاتی عوسمانی شۆرش بەرپا بکەن . کەسانی وەك لۆرانس

وژەنیوال لۆرد ئەلنبی دەوری سەرەکیان بینی لەوروژاندنی هەستی عەرەبێتی وهاندانی سەرانی عەرەب لەدژی خەلافەتی ئیسلامی. لۆرد ئەلنبی خۆی دەنوسێ : ئەگەر یارمەتی سوپایی عەرەب وکرێکارە عەرەبەکان نەبووایە ، نەماندەتوانی سەرکەوتن بەسەر دەوڵەتی عوسمانی بەدەست بێنن "بەحوکمی ئەوەی عەرەب خۆیان (بەزەنی خۆیان) بەمیراتگری رەسەنی ئسلام دەزانن ، بۆیە هەتا بزاڤی ئیسلامی غەیرە عەرەبیشیان زۆر پێ قەبوڵ نیە. سەبارەت بە سیاسەتکردنی عەرەبێتیش ئەوە عەرەبە نەسرانیەکانی سوریا ولوبنان لەلایەك و ئەو عەرەبانەی کە لەزانکۆی ئەمریکی لەبیروت دەیانخوێند ، هەروەها ئەو عەرەبانەی لەقوتابخانەی تەبشیریەکانی سوریا ولوبنان ومصر پێگەیشت بوون بزوێنەری ناسیۆنالیزمی عەرەبی بوون . لێرەدا بەپێچەوانەی تورکەکان ، عەرەبەکان زیاتر پەسەندی ناسیۆنالیزمێکی روکەشکراو بەئیسلامیان پەسند کرد. ئەمەش پەیوەست بوو بەو کەلتورە پڕ سەروەریەی یەی عەرەب لەمێژووی ئیسلامدا هەروەها لەنیشتیمانی عەرەبیدا سێ شوێن زۆر پیرۆز هەن وەك مەکەو مەدینە وقودس . لەوپێودانگەوە گوتاری ناسیۆنالیستی عەرەبی لە"شەریفە حوسێنەوە" تاکو "سەدام حوسێن" گوتارێکی "نیفاقی دینی" پێوەیە . هەرچەندە ئەو گروپە ناسیۆنالیستە تەواو دژ بەدینن . سەدام حوسێن زۆربەی سەرانی ئیخوانی موسلیمین – عێراقی لەناو برد یان زیندان کرد،

ئەسەد ئەوەی لەدەستی هات دژی موسڵمانەکانی سوریا بەکاریهێنا . لەمیصریش دەسەلاَتی عەرەبی هەردوو رۆناکبیری عەرەبی " حەسەن بەنا " و " سەید قوتب " یان کوشت . ناسیۆنالیستی عەرەبی ئەوە هەلوێستی بوو لەبەرامبەر " موعارەزەی عەرەبی " ئەدی لەنیشتیمانی عەرەبی ئەو زومرەیە توندترین سیاسەتیان لەبەرامبەر " موعارەزەی غەیرە عەرەبی " بەکارهێناوە : کورد ، ئەمازیغی و قوبتی بەشی هەرە زۆر یان لەو ستەمە قەومی ودینی بەرکەوتووە.

٣- ناسیۆنالیزمی فارسی

فارسەکان لەدوای ڕوخاندنی ئەمپراتۆریەتی میدی - کوردی خۆیان بەخاوەنی یەکەمی هەر شارستانیەکی (ئاریان) دادەنێن . چۆن عەرەب بەئاسانی نەبوو نەموسلمان هەتا هەرسێ شەڕە دێرینەکەیان : (بەدر)و (ئوحد) و(خەندەق) و (ئەحزاب) لەگەڵ ئیسلام نەکرد ، فارسەکانیش هەتا شەڕی (نەهاوەند) و (مدائین) و (قادسیە) هتد... لەگەڵ ئیسلام نەکرد نەبوونە موسڵمان. چونکە ئەو شەڕانە لەسەردەمی خەلیفە عومەری کوڕی خەتاب بوون ، بۆیە کە بوونە موسلمانیش دینێیکیان هەلبژارد کە لە مێژوودا ناسراوە بە (شیعە) ئەوشیعانەش بوونە دوژمنی سەرسەختی عومەر هەتا عومەریشیان شەهید کرد . ئەو کەلتورو

مێژوو وشارستانیەی ئێران فارسەکانی ئێران هەردەم خۆیان بەساحێب دادەنێن . لەهەموو قۆناغەکانی دەسەلاتی فارسی (سەفەوی) و(قاجاری) و(پادشایی) و(ئیسلامی) مەزهەبیەت ڕوالەتێکی سەرەکی ئەو دەسەلاتە بووە . هەندێ باوەڕیان وایە کەفارسەکان لەسەردەمی رەزا شایی پەهلەوی بەدروستی لەسالی ١٩٢٥ دەولەتێکی قەومییان دامەزراندووە بەلام لەڕاستیدا سەفەویەکانیش هەر ناسیۆنالیست و مەزهەبی بوون ، شەڕی چالدێرانیش هەر تەنها شەڕێکی مەزهەبی نەبووە ، بەلکو شەڕێکی قەومیش بور . هەر لەدوای ئەوشەڕەش رۆژ هەلاتی کوردستان بەیەکجاری کەوتە ژێر دەسەلاتی سەفەوییەکان.

وشەی "ئێران " سەبارەت بەدەسەلاتی فارسیەوە وشەیەکی هەلخەلەتێنەرە . لەنەزەری خۆیان (ئێران) واتە ولاتی (فارسەکان) چونکە هیچ غەیرە فارسێك لەئێران بەقەد فارسێك مافی نی یە . هەرچی کورد وبلوج وتورکمان وعەجەم هەیە لەدەستوری دەولەتی ئێستاش وەك نەتەوەیەکی جیا لەفارس پێناسەیەکیان بۆ نەکراوە بەلکو هەریەکە بە (هاولاتیەکی) ئێرانی دانراون . رەگەزنامەی ئێرانی ـش بەواتای ڕەگەزنامەی فارس دێ بۆیە ئەگەر کچێکی فارسی شوو بەغەیرە ئێرانیەك بکات هەتا لەئێرانیش دابنیشێ قەت ڕەگەزنامەی ئێرانی نادەنە پیاوەکە بەلکو هەر حسێبی (غەوارە)ی بۆدەکەن !

ئـەم جـۆرە ناسـیۆنالیزمـە کـە ناسـیۆنالیزمێکی مـەزهەبیـشە لەگەڵ هەردوو ناسیۆنالیزمی تـورکی وعـەرەبی ، ناسـیۆنالیزمی ناسروشتین. سەرانی ئـەو سـێ ناسـیۆنالیزمە لەسـەر بنەمایـەکی کۆلۆنیالیستی دامەزراون وهیچ رەگێکی مـەدەنی وئینـسانی لـەو سێ ناسیۆنالیزمە دانین هەتا ئێستاش لەقەلەمڕەوی دەسـەڵاتیاندا نەتەوەی خۆیان بە باڵادەست وزۆر بـەرزوو پـیرۆز دادەنـێن هەرچـی نەتەوەکانی تری وڵاتەکەن بەهاوڵاتی پلەدووسێ دادەنێن ، هەربۆیە د. اسماعیل بێشکـچی دەنووسـێ ئەوانـەی دوژمنکـارن وسروشـتی بزوتنەوەکانیان ناوەڕۆکێکی ئیمپریالیستی ئیستعماریان هەیە.

٤- ناسیۆنالیزمی جولەکە

هەرچـەندە جولەکـە هاوسـێی کـورد نـین بـەڵام لەمێـژوودا ماوەیـەکی زۆر لەکوردسـتان وتورکیـا وئێـران ژیـاون . ئـەو ناسیۆنالیزمە بەڕوالەت وئەدگارێکی تایبەتی هەیە . لەگـەڵ هـی ناسیۆنالیزمێکی تردا بەراورد نـاکرێ .ئـەو ناسـیۆنالیزمە زیـاتر لەسەر بنەمایی دین دامەزراوە نەك نەتـەوەیی . ڕاسـتە ئیـسرائیل دەوڵەتێکی قەومی، دینیـیە بـەڵام رەگـەزی جولەکـە فرەرەگـەزە . جولەکە هەیە کوردە ، عەرەبە، ڕووسیـیە، پۆلەندیە ، مەغرییبیـە، ئینگلیزیە ، فەرەنسی یە. ئەمانە ئەوەی کۆیان دەکاتەوە دینە نـەك تەنها نەتەوە . نەتـەوە لەنـەزەر ئـەوان " ئومـەیـە" خۆشـیان وەك

له قورئاندا هاتووه به" شعب الله المختار " دادەنێن .

ناسیۆنالیزمی جولەکە لەوە بە ناسیۆنالیزمی عەرەب و تورکی وفارس دەچێ کە بنەمایەکی ئیمپریالیستی ئیستعماری هەیە. بەلأم ئەوان بەوە لەدەسەلأتی ناسیۆنالیستی عەرەب وتورکی، فارس جیا دەکرێتەوە (قەوم) و(دین)ی خۆیان بەسەر کەس داناسەپێنن هەروەها شەڕی ئەوان لەگەڵ عەرەب شەڕێکی دینییە نەك قەومی . بە واتای کەئەوان بانگاشەی (دین) دەکەن. ئیشیش بە(دین) دەکەن هەرچی هەرسێ ناسیۆنالیزمە کەی ترز نەئیسلامینە نەعەلمانینە .کورد واتەنی لەسەر هیچ دینێك نین!!

٥- ناسیۆنالیزمی کوردی

ناتوانین ناسیۆنالیزمی کوردی بەپێوەری هیچ کام لەو ناسیۆنالیزمانە شرۆڤە بکەین چونکە ئەم ناسیۆنالیزمە نەتەواو ناسیۆنالیزمیەکی نەتەوەیی وەیە ناسیۆنالیزمێکی دینی یە یاخود مەزهەبیە. لە سەردەمی رۆناکبیرانی وەك (خانی) و(حاجی قادری کۆیە) فۆرم و ناوەرۆکی ئەم ناسیۆنالیزمە رۆحێکی دین ئاراستەی دەکرد. راپەرینەکانی شێخ عوبیدوللای نەهری وشێخ محمود وشێخ سەعید وبارزان تارێژەیەکی زۆر لەسەر ئەم شێوازە بووە. راپەرینەکەی دەرسیم ١٩٣٦- ١٩٣٨ وێرای مەسەلە قەومیەکە، ئەگەر و فاکتەری مەزهەبی (عەلەوی)یش لە پشت ئەو راپەرینەوە

بوو. ئەو جۆرە ناسیۆنالیزمە پەیوەست بەعەقلیەت وبزوێنەری سەرکردەکانی ئەو ڕاپەرینە بووە کە زۆربەی هەرەزۆری سەید شێخ یان مەلا بوونە وزۆربەی کۆمەڵی کوردەواریش ئەوسا گوێڕایەڵی ئەو زاتە شۆڕشگێرانە بوون .

لە قۆناغی دەسەلاتی تاکلایەنی پارتیش ١٩٥٨-١٩٧٥ بە حوکمی ئەوەی سەرکردایەتی لەدەست مەلا مستەفای بارزانی بوو، هەرچەندە زۆربەی ئەندامانی سەرکردایەتی پارتی مارکسیش بوون، بەلام خەڵك زیاتر لەگەڵ بەرەی مەلا مستەفا دابوون نەك هیچ بەرەی تر ...... بەواتای خەڵك زیاتر "مەلایی" بوونە نەك "حیزبی" هەرچەندە لەو زەمەنە جەماعەتی "کاژیك " هەبوون بانگاشەی "سەربەخۆیی" و"دەوڵەتی کورد"یان دەکرد، بەلام کاریگەری ئەوانە لەناو خەڵك زۆر سنورداربوو. لە دوای هەرەسی ١٩٧٥ هەموو حیزبە کوردیەکان تێڕوانینی تریان بۆ ناسیۆنالیزم ودین هەبوو . حیزب نەبوو لەبەرنامەیاندا بەندێك لەسەر (مارکسیزم) لینینزم " ی تێدا نەبێ تەنیا پارتی سۆشیالیستی کورد نەبێ ئەوانە تارادەیەکی زۆر زیندووکەرەوەی بەرنامەی (کاژیك) بوون. لە قۆناغی ١٩٧٦ -١٩٨٦ حیزبەکان ئەوەندە خەریکی (جیابوونەوە)و(شەڕی یەکتر) بوون نیوئەوەندە خەریکی پرۆژە قەومیەکەی کورد نەبوون، بەلام خۆیان لە هەمان گێژەنی ١٩٧٥ دۆزیەوە، بەڵکو زیاتریش . ئەو "ناسیۆنالیزمە"

"ناسیۆنالیزمێکی ستالینی " بوو بەهیچ جۆرێ دین لەبەرنامەکەیدا جێی نەدەبۆوە . لەدوای پاشاگەردانیەکەی گەورەترین کارەساتی لەدوای خۆی بەجێهێشت لەسەردەمی دەسەلأتی پەرلەمان و حکومەتیش ١٩٩١-٢٠٠٦ ناسیۆنالیزمی کورد دەسەلأتدار فۆتۆکۆپیەکی دروستی ناسیۆنالیزمی تورکی وعەرەبی یە . عەرەبەکان ئەوە سەدەیەك زیاترە نەوە لەدوای نەوە بە"عروبە" فرچك دەدەن کەچی تاکی عەرەب ئەوەندە لەدەسەلأتی عەرەبی بێزارە (چونکە هیچی نیە) لەگێژەیەك دەژی هەر پێلاوەکەی بەولأتەکەیەوە دەیبەستێتەوە . ئەمرۆ سەدەیەك زیاترە شتێك نیە پێ بوەترێ (بەرهەمی عروبە!) غەیرە مالۆێرانی قەومی ، دینی ، کەلتوری و رۆشنبیری وئابوری ! تەرکەکانیش ئەوە سەدەیەکە خۆیان لەئیسلام دابڕیوە و هەموو خەمیان ئەوەیە " لەبازاڕی یەکێتی ئەوروپی " وەربگیرێن . ئەو تورکیایەی بەشێکی ئەوروپای لەژێر دەست بوو ئەمرۆ لەئەوروپا حسێبی دەوڵەتێکی بچووکی ئەوروپی بۆناکەن !!!

ناسیۆنالیزمی نوێی کوردیش خۆی لە حکومەتێکی حیزبیدا مۆلداوە ناوێرێت خەون بەدەوڵەتێکی بچوکی کوردیش تەنیا لەباشوری ولأتەوە ببینێت ! ئەگەر مەسەلە دەوڵەت بێت ئەوە عەرەب زیاتر لەبیست دەوڵەتیان هەیە کەچی رۆناکبیری عەرەبی یان لەهەندەران لەکەلتورێکی دوورە کەلتوری خۆی ژیان

دەگۆزەرێنی یان ئەوەتە لەزیندانە...

ئەوەی تر کە لەوولاّت دەژین ئەوە "ڕۆناکبیری حیزبن نەك ولاّت ومیللەت" ئەو تورکیایەیی کەبانگەشەی دیموکراسیەت دەکات هەموو لیبرالیەکەی بەرگەی ڕایەکانی بێشکچی ناگرێ !ناسیۆنالیزمی کوردیش هێشتا نەیتوانیوە لەچوار چێوەی ئەزموونی عەقلیەتی ناسیۆنالیستی عەرەبی وتورکی دەربچێ . گەورەترین نەهامەتی ئەو ناسیۆنالیزمە (بێ بەرنامەیی) (بێ پرۆژەیی)"یە .

ئەو ئەزمونە فۆتۆکۆپیە گوتارەکەشی هەر لەگوتارەکەی ناسیۆنالیزمی عەرەب وتورکی دەچێت – ئاگای لەوە نیە زەمەنی ئەوە بەسەر چوو هەرچی (حیزب) پیبلّێ ڕاست بێ و بێ بیرکردنەوە وتێڕامان خەلّك وەربگرێ . ئەو نەوەیەی ئێستا ئەوەندە قێزی لەو گوتارە دەبێتەوە کە ئیرادەی دەدزێ و مێشکی لەقالب دەدا ، بۆیە دەیەوێ لە "تەلیسمی تەلقین"دەربچێ و متەلەقیەکی ئاکتیف بێ وتوانای خودی هەبێ ڕەخنە لەهەموو شتێ بگرێ . ئەو نەوەیەش هەر حیزب بە ئەزموونی تالّی خۆی دروستی کرد ، حیزب دەزانێ "هێشتا ساواین "و " چوار دەورەمان دوژمنە " هێشتا کاری خۆی دەکات !! ئەو گوتارە وەهمیە هەر خۆی خۆی هەلوەشاندەوە هەروەك چۆن لەعەرەبستان وتورکیا وهەلّوەشایەوە!

٢- ريفۆرمی ناسیۆنالیسزمی کوردی

لەمێـــژوودا هــیچ ناســـیونالیزمێك لەغــەیری نەهامـــەتی و کارەسات هیچی تری بۆ نەتەوە و ولاتەکەی نەهێناوە، هەروەها ئەو بزاڤــە بۆتـــە کارەســـات بەســـەر هاوسێکانیـــشیدا . ئەوەتـــە ناسیۆنالیزمی ئەلمانی کەخۆی لە" نازیەت " و" عەقلی هیتلەر " دا دەدیت چ کارەساتێکی بەسەر ئەلمانیا و بەشێکی زۆری ئـەوروپا ودەوروبەری ئەوروپا هێناوە . بەهەمان شێوە ناسیۆنالیزمی ئیتـالی فاشیەت ومۆسۆلینی چ نگبەتیەك و پاشەگەر دانیـەکی دووچـاری ئیتالیا کرد .

لەمـــەدا دەردەکـەوێ کەناســـیۆنالیزمی واتــای " خۆشەویـستی ودابینکردنـــی خۆشـــگوزەرانی نەتـــەوە ناگـــەینێ وەك ســـەرانی بانگەشەی بۆدەکەن ، بەڵکو لەخشتەبردنی تاکـەکانی نەتەوەیـە . هەروەها ناسیۆنالیزم نەك بزاڤێکی ئینسانی نیە ، بەڵکو لەکـەدار کـردن وپێـشلکردنی حورمـــەت و رێـزو مـــافی هـــەر مرۆڤێکـە . لەهەمووش گرینگتر ، ناسیۆنالیزم بەربەستێکە لە بەرامبەر هـەر پێشکەوتن و ڤەژینێکی شارستانی وژیاری!

وێرای ئەمانەش ناسیۆنالیزم پالنەرێکی سەرەکی ئیمپریالیـزمـە . ئەوەتە ئەوروپیەکان چیان بەسەر گەلانی ئاسیاو ئـەفریقیا هێنـا . هەندێ " جاش قەلەم " ئەو هـەموو داگیرکردنانـە بەپێویـسیەکی مێژوویی دادەنێن و هەروەها بانگاشەی ئەوە دەکەن کە داگیرکردنی

مصرو جەزائیر مەغریب و لیبیا لەلایەن ئینگلیز و فەرەنسا کاریگەرێکی پۆزەتقی لەسەر رەوشی سیاسی و کۆمەلایەتی شارەکانی عەرەب و عەقلیەتی روناکبیری عەرەب هەبووە !!

لە راستیدا ئەو داگیرکاریانە بێجگە لە دروستکردنی هەندێ عەرەبی عەقلْ ئیستعماری و وێرانکردنی هەموو تایبەتمەندیەکی کلتوری ئەو ولأتانە هیچی تری لێنەکەوتەوە .

ئەورووپیەکان لەژێر کاریگەری مرۆڤسالاری دەستبەرداری ئەو بیرە نامۆیە بوونە مەگەر لەچەند ولاتێکی ئەلمانی وفەرەنسی و ئینگلیزی نەبێ !! ئەوانە کەخۆیان لەو عەقلیەتە رزگار کرد توانیان رووی رەشی باپیرانیان بەچەندەها پرۆژەی ئینسانی سپی بکەنەوە !

لە سایەیی " تورکایەتی " چ میللە تێك بەقەد تورك پاشکەوتوترە ؟ کەمالیەکان ئەوە سەدەیەکە وای لەتاکی تورك کردووە کە جگە لەتورکی گرینگی بەچیتر نەدەن . هەموو شتێ لەتورکیا بە تورکی یە! هەموو فیلمەکان دەبلەجەی تورکی دەکرێ بۆیە هیچ کەنالێك بۆ فێربوونی زمانێکی غەیرە تورکی لەتورکیا دانیە لەئێران و تورکیا هەتا پسپۆرەکانی بواری پزیشکی ئینگلیزی باش نازانن. ئەوانە چونکە خویان بەو خۆپەسەندیە گرتووە بۆیە هەتا تەیارە ئیسلامیە دەسەلأتدارەکەی، کەخۆی لە حیزبەکەی ئەردوگان دەنوێنێ ناتوانێ وەك ئیسلامیەکی تەواو

مامەڵــە لەگــەڵ کــورد بکــات . ئــەوان خۆیــان بــەریفرۆمێکی ناسیۆنالیزمی دادەنێن بــەڵام جگــە لەرووکەشــکردنی تورکایــەتی بەئیسلام چیتر نیــیە ...... ئەگــەر پاســاوی ئــەوان بــۆ(PPK) مارکسیەتەکەیەتی ئەوا خۆسێ بەشی خەڵکی باکوری کوردستان تەواو پەیرەوی ئیسلام دەکەن؟! خودی مەسەلەکە ئەوەیە تورکەکان ناتوانن خۆیان لەدیوەزمەی تورکایــەتی رزگــار بکــەن . هــەر ئــەو خۆرزگــار نەکرنەیــە بۆتــە هۆکــار و پاســاوێك بــۆ ئەورووپیــەکان کەتورکیا لەیەکێتی ئەورووپا وەرنەگرن !

هەتا دەسەڵاتی تورك بەو عەقلیەتە بیر بکاتەوە ئەوە سەدەیەکی تریش لەبازنەی بۆش دەسورێتەوە . ئاکــامیش مەرگەســات بەشــی تاکی تــورك وکــورد دەبێــت . ناســیۆنالیزمی عــەرەب هــەتا ئــەو سەرکردانەی لەدەسەڵات بن ، چــاوەڕێی هــیچ ڕیفرۆمێکــی جــدی لێناکرێ چونکە دەسەڵات وعروبە بۆتــە عەقلیــەت، عەقلیــەتیش بەئاسانی ناگۆردرێ . سەرانی ناسیۆنالیستی عەرەب لــە ٩٩,٩٩٪ کەمتر رازی نین سەیر لــەوە دایــە جــاش قەلەمــەکانی نیــشتمانی عەرەب ئەمە بەخۆشەویــستی خــەڵك بــۆ دەســەڵات لێکدەدەنــەوە نازانن ئەوە هەردەسەڵات خۆیەتی ئــەو ژمارەیــە بــۆ ســەرۆکەکەی دادەنێ . جا ئەگەر ئەمە فیرعەونیەت نــەبێ چــیە ، چــونکە هــیچ پێغەمبەرێك لەناو گەلەکەیدا هەرگیز ئــەو ڕێژەیــەیی نــەهێناوە ! هەروەك بەناو زیاتر میلیارێك " موســڵمان " هەیــە ئایــا خــوای

گەورە و دادوەرو کاربەجیٚ لەو میلیار " موسلمانە " چەند دەنگ دەهیٚنیٚ ؟! باوەڕ ناکەم نیو میلیار موسلمان لەخوا ڕازی بیٚت ! ئەگەر ڕازی بیٚ دەبیٚ بەرنامەی خوا بالاٌ دەست بیٚ ئەمڕۆ لەچەند وولاٌتیٚکی عەرەب بەرنامەی خوا کاری پیٚدەکریٚ ؟! ئایا تەنیا نوسینی برگەی " ئیسلام ئاینی رەسمی دەولەتە " یان " ئیسلام سەرچاوەیەکی سەرەکی تەشریعی ولاٌتە " یان " ئیسلام یەکیٚ لەژیٚدەرە سەرەکیەکانی یاسای ولاٌتە " ئەمانە جگە لەخەپاندنی خەلکی سادە هیچی تر نیە !

دەسەلاٌتی ناسیۆنالیزمی عەرەبی بانگەشەی " ئیسلامەتی " خۆی دەکات ، بەلاٌم هەر کۆمەلٌەو تاکیٚکی ئیسلامی تەواو پەیڕەوی ئیسلام بکاو هەولٌبدا خەلٌك بانگ بکا بۆ ئیسلامەتی ئەو دەسەلاٌتە ئەگەر نەیکوژیٚ لەزیندان هەموو گیانی دەڕزیٚنیٚ ! وەك وتمان ، عەرەبایەتی ڕەگیٚکی لە فیرعەونیەتە جگە لە خۆی کەسی ترنابینیٚ . لە قەلەمرەویەکەیدا شتیٚك نیە بەناوی " ئەویتر!" ئەفسوس بەشیٚك لەو ڕەوتە ئیسلامیەیی عەرەبی چونکە هیٚشتا خۆی رزگار نەکردووە لەخیٚوی " عروبە " ، بۆیە لەبەرامبەر مافەکانی کورد زۆر بیٚ تەسکانە گوتارو رەفتار دەکەن . دەبیٚ نەزانن کە لەکۆمەلگای ئیسلامیدا هەرگیز شتیٚك بوونی نیە بەناوی " گەلی سەردەستە " وگەلی ژیٚر دەستە " هەروەها دەبیٚ چاك نەزانن کەئەوەی بۆ عەرەبیٚکی موسلمان هەیە دەبیٚ هەمان

شتیش بێ جیاوازی گەردێك بۆ كوردی موسڵمانیش هەیە وەبزانم ئەوان هێشتا دەرك بەماهیەتی ئیسلام ناكەن ، بەڵكو زیاتر گرینگی بەهەندێ ئەزمونی تاڵی بەناو ئیسلام لەمێژوودا دەكەن ، بۆیە واچەقبەستوون وئەو سەری تۆنێلەكە بەڕوونی نابینن !!!

هەرچی ناسیۆنالیزمی كوردیە بەشێكی بەناوی " كوردایەتی" كورد نەماوە گێژوو كاسی نەكەن . چۆن جاران هونەر بۆهونەر هەبووە ئەوانەش كوردایەتی لەپێناو كوردایەتی دەكەن نەك پرۆژەیەكی نەتەوەیی ستراتیژیان بۆكورد پێبێت ! باوەڕ ناكەم كەس بەقەد كورد خوێنی لەپێناو " كوردایەتی" دابێ كەچی هەر لەمیر بەدرخانەوە بگرە هەتا ڕاپەرینی ١٩٩١ بەشی كورد هەرپاشا گەردانی بووە . هۆكارەكانی پاشگەردانی زۆر ڕوونن : ڕۆژئاوا + داگیركاران + دەسەڵاتی كوردی خۆی!

لەدوای ڕاپەین ئومێدێكی زۆر لای تاكی كورد دروست بوو بەوەی حكومەتێكی مەدەنی كوردی دامەزرا ! بەڵام بەحوكمی ئەوەی ئەوانەی حكومیەتیان بەڕێوە دەبرد هەر بەعەقڵی چیا مامەڵەیان لەگەڵ ئەو دەزگا مەدەنیە كرد بۆیە نسكۆ لەدوای نسكۆ و بێ ئومێدی ڕووی لەتاكی كورد كرد . دەسەڵاتی قۆرخ كرا بۆ بابای حیزبی ناشایستە زۆربەی شوێنە شیاوەكانی دەسەڵاتی مەدەنی لەپەرلەمان و حكومەت و زانكۆ بەكەسانی حیزبی پڕكرانەوە ، خەریكە دام ودەزگاكانمان بەدەردی دام ودەزگاكانی

سەردەمی ڕژێم دەچن .گەنجێکی زۆر ئەوە پازدە ساڵە بەرەو ڕووی مەرگی حەتمی دەبێتەوە بۆ ئەوەی بەس ڕزگار بێ لەفەزای دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمی کوردی !!

ئایا دەسەڵاتی کوردیش دەتوانن وەك ڕۆژئاوا ییەکان ڕزگار یان بێت لە خێوی "ناسیۆنالیزمی " وپرۆژەیەکی حەزاری ئینسانی پێشکەش بەکورد بکەن یان هەروەك عەرەب وتورك وهەر لەبازنەی بۆش دەسوڕێنەوە ؟!

ئەوە باخۆیان بەکردەوە نەك بەقسە بەوەڵام بێن !

بەکورتی خۆم هەمان ڕای مەلا سەعیدی کوردی کەناسراوە بەشێخ سەعیدی نەورەسیم هەیە دەڵێ :" نزیکەی پانزدە ساڵە من دەیهێنم و دەیبەم و بیرم لای ئەم مەسەلەیەیەو گەیشتوومەتە دووئامانجی گرینگ ، لام وایە تەنیا دوو شت چارەنوسی کوردستان دیاری دەکەن ، یەکێتی نەتەوەیی و هۆشیاری ئاینی .... د.جەبار قادر چەند بابەتێکی کوردناسی _ ل١٤

ئەوە ڕای شێخ سەعید بووە بۆ بەرایی سەدەی بیستەم بەتایبەتی بۆ قۆناغی دوای مەشروتیەتی تورکیا ١٩٠٨ . لەخوێندنەوەی خۆشم بێجگە لەپەسەندکردنی ڕای شێخ ، ئێمەش لەپاش ڕاپەڕین ئەوە پانزدە ساڵە کورد باجی ئەو دووشتە سەرەکیە دەدات کار بۆ یەکێتی نەتەوەیی ناکات... ئەوەی بەو ناوە دەکرا هەر کوردایەتی بۆ کوردایەتیە نەك بۆکورد هەرچی هۆشیاری ئاینی یەکەیە.

لەوەشدا زۆر کڵۆڵین هەرگیز لەمێژوودا نەمانتوانیوە سوود لە ڕۆحی ئیسلام وەربگرین . دین لەوەی هەبووە تەنیا وەك عادات وعیبادەت وەرمان گرتووە لایەنە سەرەکیەکەمان فەرامۆش کردووە.□

ناسیونالیزم بەدوای ((دین))دا دەگەڕێ بۆ ئەوەی خۆی پێ پیرۆز بکات

سازدانی: سەنگەر ڕەمزی زراری

ئایین پانتاییەکی گەورەی هەیە لە کۆمەڵگای کوردی و کاریگەری لەسەر هەموو تاکەکان هەیە، جا چ ئەوانەی پابەندبن بەدین و چ ئەوانەش کە پابەند نین پێیەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوانەی قسە لەسەر چەمك و دەلالەتە ئایینییەکان و رۆشنبیری ئایینی دەکەن رێژەیەکی کەم و ئیلییەتێکی بچووکن، ئەگەر نا ئەوانی دی زۆربەیان بێدەنگن، یان ئەوانەن کە بەرێنماییە دینییەکان و مەسەلە فیقهییەکانەوە خەریکن، هەرچی لایەنە بنەڕەتی و سەرەکییەکەی دینە کە بیروباوەڕو عەقیدەو فیکری دینی دەگرێتەوە، زۆر کەم قسەی لەسەر کراوە. ئێمە لە گۆڤاری (کاروان) هەوڵدەدەین ئەم تەوەرە لەمیانەی چەند گفتوگۆیەکدا بۆ قسەکردن لەسەر ((ئایین لە پەیوەندیدا بەچەند کایەیەکی دیکەوە)) تەرخان بکەین و هەرجارەی شارەزایەکی ئەم بوارە بدوێنین.

له حەوتەمین گفتوگۆدا (ئایین و ناسیونالیزم) خراوەتە بەرباس و مامۆستا (سەلام ناوخۆش) وەلامی پرسیارەکانی داوەتەوە.

+ سەرەتا (ئایین) و (ناسیونالیزم) بەشێوەیەکی گشتی چ خالێکی هاوبەش و چ خالێکی جیاوازیان هەیە؟ چۆن بەراورد لەنێوان ئەم دووانەدا دەکرێ؟

- جیهانبینی (ئاین) و (ناسیونالیزم) زۆر لەیەك جودان. ئایین خۆی تەنها هەر (دینداری) ناگەیەنێ، بەڵکو (دینداری) تەنیا بەشێکی ئاین دەگەیەنێ. ئاین خۆی پەیڕەو، ڕێباز، شەریعەت، تقوس و باوەڕ و، هتد دەگرێتەوە. دەکرێ ئایین ئاسمانی بێت وەك ئایینی جور و گاور و موسوڵمان .. هەروەها دەکرێ(نا-ئاسمانی) بێت، ئەوەتە کە قورئان دەفەرموێ (لكم دينكم ولی دين) ئەوە ساخ دەکاتەوە کە ئایینی قورەیشییەکان ئاسمانی نەبووە هەر لەسەر ئەو شەنگست و بنەما فیکرییە، دەکرێ هەموو هزرێکی سیاسی یاخود سیستەمێکی سیاسی کەبانگەشەی بونیادنانی کۆمەڵگاو تاك لەسەر بنەماکانی دەکات ناوی ئایینی لێ بندرێت، چونکە ئەگەر (بتپەرستی) ئاین بێت بۆچی (مارکسیزم) و (لیبرالیزم).. هتد، ئایین نەبێت؟! هەرچی (ناسیونالیزم)ە: جیهانێکی زۆر بەرتەنگ دەگرێتەوە (نەتەوە) لەبنەما هەرە سەرەکییەکانی (ناسیونالیزم)ە. ئەو تاکرەهەندییەی ناسیونالیزم لەزاتی

خۆیدالەهەڤدژییەکی رەها دەژێت پەسەندکردنی رەگەزێك بەسەر رەگەزێکیدی بەهیچ جۆرێ خوێندنەوەی پۆزەتیڤانەی (ئەویتر) لەخۆ ناگرێ، ئەمەش خۆی لەخۆیدا نەفی کردنی ئەویتر دەگەیەنێ. ئەو توندڕەوییەی لە ناسیونالیزم سەرچاوە دەگرێت هیچ پانتاییەك بۆ دایەلۆگ ناهێڵێتەوە. ئەزموونی (نازیزم)و (فاشیزم) و (عەرەبایەتی)و (تورکایەتی) و (فارسایەتی) بەڵگەی کۆنکرێتیین لەسەر (رۆحیەتی نێگەتیڤی)ی ناسیونالیزم .

حەتمەن کەسانێ هەن بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەو دیاردەیە لە (ئایین)یش بەرجەستەیە! لێرەدا دوو شتی جیاوازهەن، ئەو (ئایین)ەی ئێمە لێرە گەرەکمانە ئیسلامە -دەقەکانی قورئان و فەرموودەکانی پێغەمبەری ئیسلام- نەك ئاکارو رەفتاری بەشێك لە موسڵمان و ئەو دەوڵەتانەی مۆرکی ئیسلامییان هەیە-. بەواتایەکی دی، هەروەك چۆن لە زماندا، Competence زانیاری و .performance بەکارهێنانی زانیارییەکانی زمان هەیە، شیمانەی دروستی و نادروستی لێ دەکرێ... ئایین خۆی وەك competence وایە لەهەڵە بەدەرە، ئەوەی هەڵەی لێدەوەشێتەوە رەفتارو کرداری مرۆڤە.. هەرچی بنیاتی ناسیونالیزمە لەیەك کاتدا competence و performance ی وەك یەکە، ئەگەر وانییە بۆچی خۆ عەرەب و تورك و فارس لەگەڵ کورد هاودینن بۆچی قەبووڵی کورد

ناکەن؟!

لەم روانگەیەوە (ئایین) و (ناسیونالیزم) لەهیچ خالێکدا هاوبەش نین، بەلاّم ئەوەی هەڤدژی لەگەلّ چەمکی ئایین بەرپا ناکات(سۆزی نەتەوایەتی)یە، ئەو سۆزە لەهەموو کەسێکدا هەیە، چونکە حالّەتێکی رەمەکییە هەموو مرۆڤێک سۆزی بۆ نەتەوەو نیشتیمانەکەی هەیە. ئەو سۆزەیە والەمرۆڤ دەکات ئاسایشی کەسیی و نەتەوەیی و دینی ولاّتەکەی خۆی بپارێزێت. لێرەدا بەحوکمی ئەوەی ئایین - شەریعەت- تقوس و دەولّەتە واری فرە رەنگی و فرە دینی و فرە نەتەوەییە، هەرچی ناسیونالیزمە رەشماڵێکە تەنها جێگەی نەتەوەی شێخ و ئاغا و بەگی لیّ دەبێتەوە (ئەوانی دی) وەك تورکی ناسیونالیست دەلّێن: دەکریّ تەنها کۆیلەو خولام بن!!

+ هەندیّ جار زاراوەی (ناسیونالیزمی ئایینی) بۆ نموونەی وەکو (پاکستان و ئێرلەنداو فەلەستین) بەکار دەهێندریّ، پێت وایە جۆرە ناسیونالیزمێك هەبیّ کە لەسەر بنەمای ئایین دابەش بکریّ، ئەگەر ئەم جۆرە دابەشکردنە هەبیّ چ مانایەك بۆ نەتەوە دەمێنێتەوە؟

- (ناسیونالیزمی ئایینی) بۆ غەیری (جوولەکایەتی) کۆکردنەوەی دوو دژە، ئەوەندەی دەزانریّ دوو دژ لەیەك بونیاد کۆنابنەوە، بەلاّم هەرچی جوولەکایەتییە لەیەك کاتدا هەم (دین)

دەگمەنی و هەم (جوولەکە) و دەگمەنیش، جوولەکایەتی لەسەر بانگەشەی (ئەنەستیا) و (ئادەمۆ) ملکیەت، بەڵکو هەموویاندا هەموو جوولەکەکان لە فەلەستینی گردبکاتەوە پشتیوانی دەکرێ و فەرمی سەرەتا لەمەوەی هەر جوولەکەیەکیش دروست نەکرابێت. لەبیانی بەرامبەر هیتلەر ئاڵمانیا بیسەر ئەوروپای ئاڵمانیادا هەبێت؛

هەروەها لەسەر ئاڵمانی ئەسایش پاکستان و ئیرلەندیان فەلەستینە. ئەوە زیاتر کێشەی ئاینی یەکێکی ئاینی بەهاتووە مەزهەبییە. لەدوای سەربەخۆیی هیند (هیندستان و پاکستان و بەنگلادیش) سەرەتا پاکستان لە هیند جودا بووە و سەرکەوتنی ئەمەی زۆرینەی پاکستانییەکان موسڵمان بوون لەبرا ئەمەزەهەبی هیندستانن. کە زۆربەی هەرە (زۆری) هیندۆسن. (کەشمیر و بەنگال) جوولە یەکە ناتەبا!

پاکستانییەکان ناچار بوون لە بەرامبەر (هیندۆسییەکان) بەڵام بەگشتی پێویستی براکانیان لەسەر هیندا، ئیرلەندییەکان لەمیانێکی بێ وچانی قەومی و مەزهەبی لە دژی ئینگلیزەکان دای هەمیشە خاکەکەیان (قەومی) ئەیان بەدەکرد سەرباشیەکانی براکانیان، بەڵکو جودایی مەزهەبیش، کە میژووی ئیرلەندا مێژوویەکی خوێناوییە - گرنگ هاوڕێشانی مەسەلەی قەومییەکەیان. لەمەشدا باجێک بەجێی لەوەندە لە ئینگلیز زۆرتر ئیرلەندییەکان لەمێژووی ئەوەی ئینگلیزی دەربخەن. ئینگلیز چی بوو

دەمێنێتەوە؟!
فەلەستینییەکان چ قەومی بن یاخود ئیسلامی یان شیوعی لەبەرامبەر جوولەکەدا قودس و پیرۆزی قودس، خاڵێکە هیچ گەنگەشەیەك هەڵناگرێ! ئەو سێ ڕەوتە دەبێ تەواو لەیەك جودا بن، چونکە هەر یەکە فکرێك ئاراستەی دەکات کە هەڤدژە لەگەڵ ئەویدی...

ئەوە(ناسیونالیزم)ە بەدوای(دین) دەگەڕێ بۆ ئەوەی خۆی پیرۆز بکات نەك دین. ئەم مەسەلەیەش ڕەگێکی دێرینی هەیە: زۆرێك لەمیللەتە دێرینەکان هەر بۆ ئەوەی مێژوو بۆخۆیان دروست بکەن و نەتەوەو زمانیان بەپیرۆز بناسێنن چەندەها ئەفسانەیان دارشتووە. ئەڵمانەکان باوەڕیان وابووە کە ڕەگەزی ئەڵمانی ڕەگەزێکی پیرۆزە، چونکە ئەوان لەبیناکردنی (بورجی بابل) لەدژی خودادا بەشدارییان نەکردووە، ئاشوورییەکان دین و قەوم تێکەڵ دەکەن هەر بۆ ئەوەی لەبەرامبەر هاوسێکانیان وجوودێك بۆخۆیان دروست بکەنەوە، ناسیۆنالیستە عەرەبەکان (عەرەبایەتی) بەبنەمای ئیسلام تێ دەگەن و ئەوەی باوەڕی وانەبێ کە عەرەب ڕەگەزێکی بەرزی هەیە ئەوە لەشعوبیە دەمار پیسەکانە! ئەوەی عەرەبی خۆش نەوێ ناچێتە بەهەشتەوە زمانی بەهەشت بەعەرەبییە! ئەو جۆرە تێڕوانینە بۆ ئەو میللەتانەی لەڕابردوودا شارستانیەك و مێژوونێکیان هەبووە لە نۆ ستالیژیایەك زیاتر چیدیکە ناگەیەنێ،

ئەگەر ئەوان مەبەستیان سەپاندنی خۆشیان بێ!.

بەکورتی هەروەك چۆن سۆشیالیست، سەرمایەداری یەکدی قبوول ناکەن ئەگەر درۆش لەگەڵ یەك بکەن ئەوە نابێ و ناسیونالیزمیش لەغەیری پەیوەندییەکی نیفاقی چی دیکە ناگەیەنێ.

+ بەڕای هیگل (تەنها مافی نەتەوە بەهێزو دەسەڵاتدارەکانە کە بژین و نەتەوە لاوازەکان دەبێ تێکبشکێندرێن)، کارل بیرسۆنیش پێی وایە یاسای (البقا و للاصلح -مانەوە بۆ چاکترینە) یاسایەکی سروشتییە لەپەیوەندی نێوان گەلاندا، ئایا بیروڕای لەمجۆرە وامان لێناکات باوەڕ بەو بۆچوونە بهێنین کە دەڵێت: ناسیونالیزم هۆکارێکە بۆ بەدیهێنانی ئامانجی (پەرتکەو زاڵبە)؟

- هەندێ وا زەن دەبەن کە بیرۆکەی (نەتەوەی باڵادەست) و (نەتەوەی ژێردەست) یەکێ لە دەرئەنجامەکانی شۆڕشی فەرەنسی و ئینگلیز بووە، بەڵام بەر لەو شۆڕشەی ئەورروپاش، باوەڕی وا لەمێژە باو بووە. دیاردەی کۆیلایەتی بەشێکی ئەو جوداییە نەتەوەیی و ئینسانییە دەگەیەنێ. گومان لەوەدا نییە کە ناسیونالیزم زادەی(عەقلی غەربییە) لەسەر بنەمایەکی کۆلۆنیالی دامەزراوە. رۆمانی (رۆبینسن کروزو)ی دانیال دیفۆ کە یەکەم رۆمانی

ئینگلیزییە- ئەو رەگە ناسیونالیزمییەی کۆلۆنییەی لەخۆ گرتووە..(هیگل)یش کە ژیان بەنەتەوەی بالاْدەست رەوا دەبینیّ مردنیش بۆ نەتەوەی ژێردەست دادەنیّ، تەنیا گوزارشت لەعەقلّ و بیرکردنەوەی کۆمەلّگای خۆی دەکات.

رۆژهەلاْتییەکان هەر بەو بیرۆکانە گۆشکران بۆیە لەرۆژهەلاْتی ناوەراستدا هیچ (ریزێك) بۆ غەیری خۆیان دانانێن. کوردو ئەمازیغی و قیبتی و ئەرمەنی باجی ناسیونالیزم دەدەن. ئەوانەی کوردو ئەمازیغی و قیبتی و ئەرمەنی دەچەوسێننەوە دەسەلاْتدارە قەومییەکانی تورك و عەرەب و فارسن!

کەدەوتریّ ناسیونالیزم هۆکارێکە بۆ بەدیهێنانی ئامانجی (پەرتکە، زالّ دەبی) هەر بیرۆکەی رۆژئاواییەو قەومییەکانی رۆژهەلاْت لەئەوان فێربوونە... رۆژئاواییەکان لەشەری دینیدا نەیانتوانی تەواوی ولاْتی موسلمانان داگیر بکەن، بەلاْم بلاْوکردنەوەی ناسیونالیزمیان لەجیهانی ئیسلامیدا کردە ئامانجی ستراتیژی هەر کارێکی خۆیان لەرۆژهەلاْتدا، توانیان هەر بەیارمەتی عەرەب و تورکەکان ناسیونالیزم لەدەڤەرەکە بلاْوبکەنەوەو چەندەها دەولّەتی قەومی نا-دادگەر لەناوچەکەدا دابمەزرێنن. بۆنموونە هەر لەرێگای پەیمانی سایکسبیکۆ و سیڤەر و سانریمۆن و لۆزان، توانیان لەئەرزی واقیعدا دەولّەتی قەومی بسەپێنن، ئاکام کرداری دابەشکردنی کوردستان بۆ چواربەش-ی

لێ کەوتەوە! ئەو پەرتکردنە هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ ئەوەی هەر یەکە لە ناسیونالیستی عەرەبی و تورکی و فارسی بەسەر بزاڤی رزگاریخوازی کورد زاڵ بێ... ئەو پەرتکردنە، چونکە سەرەتا بەپاڵپشتی ناسیونالیستی کۆلۆنیالی رۆژئاوایی بوو. تێشێکی وای لەجەستەی کورد مۆڵدا، سەدەیەك دەبێ هەروا دێت بەتێشتر دەبێ. بەجۆرێ هەتا لە لای هەندێ حیزبی کوردییەوە یەکبوونەوە وای لێهاتووە تەنها خەون بێ!.

+ رابەرو شۆڕشگێڕانی نەتەوەی کورد زۆربەیان پیاوی ئایینی بوون، ئایا ئەمە گرنگی رۆڵی ئایین دەگەیەنێ لەخەباتی نەتەوەیی گەلی کورد؟

- ئەدەب و مێژووی سیاسی کورد ئەگەر زانایانی ئایینی لێ دەربێنی چی دەمێنێتەوە؟! لەبواری ئەدەبدا فەیلەسوف و شاعیرێکی وەك (ئەحمەدی خانی) لە مەم و زینەکەیدا تەواوی بیرکردنەوەی رۆژئاوا لەبەرامبەر ناسیونالیزم دا هەڵدەوەشێنێتەوە. ئەو لەکاتێکدا (١٦٥٠-١٧٠٥) باس لەکوردایەتی دەکات کەچی هێشتا رۆژئاواییەکان لەقۆناغی دەوڵەتی ئیمپراتۆری دابوون شاکارەکەشی بەرامبەر رژمیۆر جولییتی ئینگلیزییە! ئەو زاتە زانایەکی ئایینی بووە!! نالی شاعیر، شیعری کوردی هێندە بەرزکرد خستییە ئاستی شیعری فارسی و عەرەبی، ئەو زاتە کە پاڵپشتی میرنشینی بابان بوو، مەلا بوو!، حاجی قادری کۆیی و

مەلای گەورە.. هتد، ئەوانە هەموو مرۆڤی لەخواترس بوون و خەمی نەتەوەی خۆیان دەخوارد بەشیعرەکانیان میللەت و میرەکانیان ئاگادار دەکردەوە!

کام سەرکردەی کورد زانایەکی ئایینی نەبووە؟! بۆچی بەدرێژایی سەدەی هەژدەهەم و نۆزدەهەم و بیستەم بۆرژواو رۆشنبیری کورد بەبێ زانایان شۆڕشیان پێ نەکراوە؟! هەتا لەململانێی نێوان حیزبەکانیشدا کەسایەتی دینی وەك رەمزێکی کاریگەر خراوەتە روو. حیزبێکی وەك "یەکێتی" کە لەسەرەتا مارکسی و لینینی و لەدوای راپەڕین سۆشیال دیموکرات، ئەگەر هەژمونی دین نەبێ چی وای لێدەکات "شێخ محمود" بکاتە رەمزێکی دینی بۆ حزبەکەی؟! دەکرێ بڵێین ئیسلام فاکتەرێکی شۆڕگێڕی بووە لەبەرامبەر داگیرکردنی کوردستاندا، سەرکردەو شاعیرەکان باوەڕیان بەسەربەخۆیی کوردستان بووە، نەك کوردستان بەشێك بێت لەعێراق و تورکیاو ئێران... بەلاّم هەرکە بزاڤی کوردیی بە(عەلمانی)کرا بیرۆکەی سەربەخۆیی کوردستان کرا بە خەونی شاعیران!! مارکسیەت ئەو بەلایەبوو پەتای حوکمی زاتی و لامەرکەزیەتی لەناو بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان چاند. ئەمەش هەر بەهۆی وابەستەی مارکسیەکان بەمۆسکۆوە بوو، ئەوان هێندەی مژۆڵی خەباتی چینایەتی! یەکریزی پرۆلیتاریابوون هێندە گرنگیان بەدۆزی نەتەوەیی نەدەدا.. بەشێوازێکی دی زانایانی کورد

چ وەك سەرکردە یان رۆشنبیر ئالای سەربەخۆییان لەبەرامبەر ناسیونالیزمی عەرەبی و تورکی و فارسی بەرزکردبۆوە هەرچی گرووپی (نا-ئایین)ی ناو بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان بوو باوەڕیان بەو ئامانجە ستراتیژییە نەبوو، بەڵکو هەموو پێکۆڵیان بۆ پاراستنی (یەکێتی نیشتیمانی) عێراقی و ئێرانی و تورکی بوو. لەئاکام بەونبوونی زانایانی ئایینی لەشانۆی سیاسییدا، بیری نەتەوەیی کوردیش تووشی نسکۆیەك بوو تاکو ئەمڕۆش بەتەواوی راست نەبۆتەوە!!

+ بۆچی سەرکردەیەکی وەکو سەلاحەدینی ئەیوبی گرنگییەکی ئەوتۆی بە نەتەوەکەی خۆی نەداوە، ئایا ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە پیاوانی ئایینی کورد گەلەکەیان فەرامۆش دەکەن و لەسەر حیسابی بیری نەتەوایەتی گرنگی بەبیری ئایینیان دەدەن؟

- پێم سەیرە کە دەڵێن سەلاحەدین گرنگی بەنەتەوەی خۆی نەداوە!! بۆچی سەلاحەدین کوردایەتی نەکردووەو ئیسلامەتی کردووە؟! لەسەردەمی سەلاحەدیندا ململانێی ئایینی لەئارادابوو، لە لایەکی دیکەش لەهەموو ئەوروپا دەوڵەتێکی نەتەوەیی نەبووە. هەتا سەردەمی رێنیسانس هەر شەرم بوو زمانێکی نەتەوەیی وەك ئینگلیزی، فەرەنسی، سویدی شتی پێ بنووسرێ. لەئەوروپا (لاتین)ی زمانی دین و سیاسەت و ئەدەب و کولتوور بوو! جا

ئەگەر هەموو ئەورووپا نیزامێکی ئیمپراتۆری تۆتالیتاری هەبووبێ هەموو گەلان ناچار کراون بێن شەڕی دینی (خاچپەرستی) لەگەڵ گەلانی ڕۆژهەلاتی ئیسلامی بکەن. لە ڕۆژهەلاتیش هەموو گەلانی موسڵمان لەژێر سایەی خەلافەت دابوون.. سەلاحەدین بەشێکی دەسەلاتی خەلافەتی پەیڕەو دەکرد ئەوە سەلاحەدین بوو کوردی بەهەموو جیهانی ئیسلامی و هەتا ئەورووپاش ناساند. وێڕای ئەمەش زانایان و سەرکردەکانی کورد وایانکردووە کە بزاڤێکی فیکری و فیقهی و مێژوویی لەناو کورددا بەرپا بێ. کەسانی وەك سەلاحەدین و، شەهرەزووری و ئیبن ئادەم و ئیبن خەلەکان و ئیبن مستەوفی .. هتد رووی گەشاوەی کورد بوونە لەشارستانیەتی ئیسلامیدا هەموو جیهانی ئیسلامی ناچارن نووسینی ئەو کەسانە بخوێننەوە. ئەرێ ئەمڕۆ تاکە بیریارێکی عەلمانی کورد هەیە لەسەر ئاستی جیهانی ئیسلامی یاخود ڕۆژئاوایی ناسراو بێت؟!

لە لایەکی دی سەلاحەدین هەر سەرۆکی کورد نەبووە، بەڵکو سەرۆکی عەرەب و تورکیش بووە ئەمەش نوختە گۆڕانێکی ستراتیژییە، چونکە لەسەردەمی عەلمانیدا تورك و عەرەب نەك هەر کورد بەسەرۆك قەبووڵ ناکەن، بەڵکو بەمیللەتیشی قەبووڵ ناکەن!

توخوا سەیر نییە ئەمپراتۆرێکی وەك سەلاحەدین واز لەو دەسەلاتە فراوانەی بێنێ وپێش سەردەمی خۆی بکەوێ (ئالای کوردایەتی) بەرز بکاتەوە؟

خالێکی دی لەئیجابیاتی سەلاحەدین ئەوەیە وایکردووە کە چەندەها بنەماڵەی ناودار لەمیسرو ئوردن و لوبنان و فەلەستین ناوبانگ دەربکەن، لەقەبە (کوردی)یەکەشیان شانازییەکی دیکەی کوردە بۆ بەئاگاهاتنەوەی عەرەبە شۆفێنییەکان لەمەڕ بوونی کورد و دەوری کورد لەشارستانیەتی ڕۆژهەڵاتدا.

لە دیدارێکدا "سەڵاحەدین ناسێك"ی ناسیۆنالیستیان ناچار کرد بڵێ: چاکبوو سەڵاحەدین دەوڵەتی کوردی دروست نەکرد، ئەگەر نا هەربەخۆمان لەناومان دەبرد، وەك چۆن هەر بەخۆمان هۆکاری ڕوخانی زۆربەی میرنشینە کوردیەکان بووینە.

+ کورد ئەوەندەی بەدەستی کێشە نەتەوەییەکانەوە (کورد-عەرەب) (کورد-فارس) (کورد- تورك) زەرەری پێکەوتووەو زوڵمی لێکراوە، ئەوەندە بەدەستی کێشەی دینی زوڵمی لێنەکراوە، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە بیری ناسیونالیزم هەردەم زەرەری لەکورد داوە؟

- ناسیونالیزم بەرنامەیەکی سیاسی یاخود نیزامێکی ئابووری یاخود کۆمەڵایەتی نییە، تاکو کورد بەرەنگاری داگیرکەرەکانی پێ بکا. هەرچوار دەوڵەتی عێراق و سوریا و تورکیا و ئێران، دەوڵەتی عەلمانی شەرقین، ئەوانە تەنانەت ستەم لەتاکەکانی خۆیانیش دەکەن، بۆیە لەبەرامبەر چارەسەرنەکردنی کێشەی کورددا هیچ یەکێ لەو دەوڵەتانە لەرەوشێکی سیاسی ئارام ناژین. ئەمانە هەر

کیشەی قەومییان لەگەڵ کورد نییە، بەڵکو کێشەی مەزهەبی و هەتا دینیشیان لەگەڵ کورد هەیە.

ئەو رەفتارو گوفتارە شۆفینیانەی ئەو رژێمانە ئیزدیواژیەتێکی لەململانێکەدا دروست کردووە ئەمەش پابەندە بەپاشخانی فیکری هەردوولا، هەروەها ناهۆشیاری بەشێکی تاکەکانی کۆمەڵی کوردی... من باوەڕم وایە گەر هاوسێ داگیرکەرەکانی کورد (مەسیحی) (جو) (هیندۆس) یاخود (بەرەسمی شیوعی) بووان، کورد لەرێگای ململانێی دینییەوە لەمێژ بوو دەوڵەتی هەبوو. رۆژئاوا هەمیشە بەرژەوەندییەکانی خۆی پێش هەموو شتێ دەخات لەم پێوەدانگەوە بەبڕوای من ئەگەر دەوڵەتێکی وەك دەوڵەتی عوسمانی لەیەك دوو دەوڵەتی داگیرکاری کوردستان هەبووایە رۆژئاوا تەواو پاڵپشتی لەتەیاری عەلمانی کورد دەکرد و شیمانەی ئەوە دەکرا دەوڵەتێك بۆ کورد دروست بکەن.

ئەگەر لەدوای شەڕی چالدێران کوردستان بوو بەدووبەشی سەرەکی نێو قەلەمرەوی سەفەوی و عوسمانی، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا رێککەوتنەکەی سوڵتان سەلیم و ئیدریس بەدلیسی تەناهییەکی سیاسی لەنێوان میرانی کورد و دەوڵەتی عوسمانی لێکەوتەوە بەجۆرێ هەتا سەرهەڵدانی ناسیونالیزم لەناو دەوڵەتی عوسمانلی دا نەبوو، ئەوەی هەشبوو مسیۆنێرەکان بەرپایانکرد.

لەو پێوەدنگەوە بەڕای من لادان لەدین بوو سەرانی عەرەب د

تورك و فارسی والیکرد ستەم لەکورد بکەن، شەڕی کوردیش لەگەڵ دەسەلاتی عەرەب و فارس و تورکدا مۆرکێکی دینی هەبووە..! بەلاّم هەرکە هەردوو بەرە پشتیان لەدین کرد، کێشەکە چوارچێوەیەکی قەومی وەرگرت.

+ شەڕو ناکۆکییە ناوخۆییەکان بەدرێژایی مێژوو بوونەتە ڕێگر لەبەردەم گەیشتنی کورد بەئامانجەکانی، ئایا ئەگەر ئینتیمایەکی بەهێزی نەتەوەیی یان ئایینی هەبووایە، دەبووە هۆی تەبایی گەلی کورد، واتا تاچەند هەر یەکە لە(ئایین) و (ناسیونالیزم) هۆکاری باشن بۆ گەیشتنی میللەتێك بەئامانجەکانی؟

- هەریەکە لەهەستی ئایینی و هەستی نەتەوەیی ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن لەبەدیهێنانی ئامانجە ستراتیژییەکانی هەر میللەتێك. ئەگەر ئیسلام نەبووایە عەرەب هەرگیز نەیاندەتوانی نە یەکگرتووبن و نە لەسنووری نیمچەدورگەی عەرەبی دەربێن، بەلاّم ئیسلام توانی شۆڕشێکی ئیمانی، حەزاری، کەلتووری لەبونیادی بیرکردنەوەی عەرەبدا بخولقێنێ. لەهەندێ ولاّت دین دەبێتە ناسنامەی قەومی بۆنموونە لەشیشان، بۆسنە، و کشمیر.. لەرابردوو ئەوەندەی مەسیحیەت توانی ئەورووپا بکاتە یەك دەسەلاّت، ئەمڕۆ بەوهەموو تەکنەلۆژیایەو مونەزیرەوە ئەورووپا نابێتە ئەورووپایەکی یەکگرتوو.. ئەوەی (بوزا) کردی تەواوی شیوعیەتی هەراسان کرد

لەبەردەم بووژاندنەوەی رۆحی بوزا!
ناسیونالیزم ئەو تاقەتەی دینی نییە، چونکە ناسیۆنالیزمی بەرنامەیەکی سیاسی یاخود رۆحی نییە هەروەها بیرۆکەیەکی رەمەکی نییە، کەواتە ناسیۆنالیزم پالپشتیکی رووحی دەوێ و بەتەنیا ناتوانێ چۆك بەباهۆزی بەرامبەری دابنێ.

خودپەسەندی و هەست بەنەتەوەکردن شادەماری ناسیۆنالیزمە جا ئەگەر ئەو ئینتیمایە رۆحییە بۆ نەتەوە لەئارادا نەبێ هیچ بووژانەوەیەکی حەزاری و مەدەنی و کەلتووری بەرپانابێ.

+ گەلانی جیهان زۆربەیان ئایین لەخزمەتی خۆیان بەکاردەهێنن، بۆنموونە بەعسییەکانی عێراق بۆ زولم و زۆرداری و چەوسانەوەی نەتەوەی کورد زاراوەیەکی وەکو (ئەنفال)یان بەکارهێنا تا شەرعیەت بەزوڵمەکەیان بدەن، کورد تا چەند توانیویەتی دین لەخزمەتی نەتەوەیی خۆی بەکاربێنێ؟ ئایا لەم حاڵەتەدا دین ماهیەتی خۆی لەدەست نادات کاتێ میللەتێ دین لەقالب دەدات بۆخۆی؟

- ئیسلام خۆی دینێکی نەتەوەیی نییە و تایبەت نییە بەتەنیا نەتەوەیەك، هیچ نەتەوەیەکیش بەسەر نەتەوەیەکی دی پەسەند ناکات.. بەلأم کە عەرەبی عەلمانی دێت بەناوی (توکلنا علی الله)و(الانفال) شەڕی کورد دەکات خۆی بەموسڵمان و کورد بەکافر دادەنێ.. ئەمە هەموو کەسێك کە لەدین گەیشتبێ دەزانێ

دین نییه، بەلکو ناسیۆنالیزمی شۆفینی عەرەبییە.. هەرچی فارسە کە بەناوی (ئال البیت) شەڕی کورد دەکات گوزارشت لەئیسلام ناکات، بەڵکو تەنیا نامانجەکانی (شیعەگەری) دەهێنێتە دی! لەهەمووی سەیرتر هەشتا ساڵ زیاترە ئیسلام لەتورکیا لە دەسەڵات لادراوە، کەچی لەشەڕی کورددا عاتیفەی دینی بەکار دێنن بۆیە کە دین لەچوارچێوەی نەتەوەیەك لەقالب درا، هیچ قودسیەتێکی نامێنێ و دەبێتە دینێکی سیاسی ئەو جۆرە دینەش خەتەرێکی جدی لەسەر غەیری خۆی هەیە، چونکە هەرگیز باوەڕی بەوەیدیکە نییە هەروەها مۆرانەیەکی چەند سەرەیەو ڕێگرێکی کۆنکرێتییە لەبەر دەم بووژانەوەی بزاڤی فیکری و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتیدا. سەرکردایەتی سیاسی کورد شیانی ئەوەی نەبووە دین بکاتە فاکتەری ململانێ لەگەڵ بەرامبەرەکەی خۆیدا.

+ ئەو دەوڵەتانەی کوردیان بەسەر دابەشکراوە هەموویان موسڵمانن، بەڵام تۆ لەنوسینێکدا زاراوەی (بەناو هاوئایینی کورد) بەکاردەهێنی، ئایا ئەمە پاساو هێنانەوە نییە بۆ (پاکێتی) دین؟

- لەم سەردەمەدا (هاوئایینی) هەر بەزەرەری کورد تەواو بووە چونکە هیچ یەکسانی و هاوکوفی یەك لەپەیوەندییەکان لەئارا نەبوون... داگیرکارانی کورد دینیان بە غەرەزی سیاسی بەکار

هێنـــاوه بـــەواتای پەیوەســـت نـــین بەبنـــەماکانی دیـــن، بـــەڵکو بانگەشەکردنیان بـۆ دیـن تـەنیا بـۆ چەواشـەکردنی کـورد بـوو.
ئینتیماکەی کوردیش بۆ دین ئینتیمایەکی مەزهەبی و عیبـادەتی بوو نەك وەك بەرنامەیـەکی سیاسـی و کۆمەڵایـەتی و ئـابووری و هتد.. ئەو دوو (بەدحاڵی کردن)و (بەدحاڵی بوونـە) لـەدین هـیچ ئاکامێکی پۆزەتیڤی بەدرێژایی سەدەی رابردووەوە لێ نەکەوتۆتەوە.

+ بـەتێڕوانینی جـەنابت ئێـستا لەکوردسـتان ئینتیمـای (نەتەوەیی) یان (ئایینی) بـەهێزترە ، دەرفـەتی گەشـەکردن بۆ کامیان لەبارترە؟

- ئێستا لەکوردستاندا رەوتی ئایینی خەریکە چوارچـێوەیەکی دیکە وەردەگرێ، زێتر جەخت لەسـەر بەمـەدەنیکردنی کۆمـەڵگا و عەقڵەکان دەکات.. هەتا تەیارە جیهادییەکـەش ئـاڵای کوردســتان هەڵدەکـەن، ئەمـەش گـۆڕانێکی سـتراتیژییە لەبیرکردنـەوەی عەقڵیەتی رەوتی ئایینی لە کوردسـتاندا.. هـەروەها دەشـێت ئـەو تـەیارە دەسـەڵاتدارە لـەماوەی ئـەو پازدەسـاڵەدا باشـتر بەئـەرکی نەتەوەیی و نیشتیمانی خۆی هەڵبستێ ئەوسا تێڕوانینی شـەقامی کوردی بەجۆرێکی دیکە دەکەوتەوە.

لێـرەدا نـاکرێ بـەوەڵامێکی یەکلاکـەرەوە بڵـێین ئینتیمـای (نەتەوەیی) یان (ئایینی) بەهێزترە، چونکە هیچ کامیان هەنووکە ئاسۆیان روون نییە! □

فاکتەری ئایینی لە خوێندنەوەی کێشەکاندا

ئەمە تەنیا خوێندنەوەیە، بەواتای دەکرێ (ڕاست) بێ بە نەزەر هەندێ کەسەوە هەروەها لە زەینی هەندێکدا (هەڵە) بێ. ئەوەندەی من دەرکی پێ بکەم و لێی حاڵی بم ئایین لە پەنای زۆر شت دایە. دەکرێ خوێندنەوەیەکی ئایینی بۆ زۆر شتی کۆن و ئێستا و داهاتوو بکرێ.

ئەوەندەی ئەوروپا لەسەردەمی کەنیسەدا یەکگرتوو بوو، لەهیچ زەمەنێکدا هێندە یەکگرتوو نەبووە، وێرای ئەو هەموو ئاژاوانەی کە ئەوروپا چەندەها ساڵ بوو لەنێوی دەگەوزا، هەرکە لە دیدی سەرکردەکانی (دوژمنێکی) دەرەکی بۆ دروست بوو، ئەوروپایان لە بەرەیەکی دینی کۆکردەوە و بەناوی (شەڕی پیرۆز).. هەر ئەو شەڕە پیرۆزە ئەوروپای لە لەیەکترازانێکی مەزندا ڕزگارکرد.

ئەو خێوە ئەمڕۆش دەسەڵاتی بەسەر ئەوروپاوە هەیە، هەرکە زلهێزێکی ئەوروپی دیاردەیەکی نا-ئەوروپی بە (ترسناك و هەڕەشە) دانا، هەر هەموو بە لەبەرچاوگرتنی هەندێ بەرژەوەندی لەزێدی نا-ئەوروپیەکە لە بەرەکە کۆدەبنەوە. هەموو بوزیەکانی دنیا بەجیایی قەومیەت و ڕەنگەوە تەعاتوفیان لەگەڵ یەکدا هەیە.

له هەر وڵاتێك بتێكی بوزا بڕوخێنرێ لـە وڵاتـەكانی دی كەسـانی تۆمەتبار كراو دەكەونە بەر هەڕەشەی بوزیەكانەوە.

ئەو فاكتەرەی دین كە خۆی لە كۆكردنـەوەی خـەڵك لـە دەوری دۆزێكدا دەدۆزێتـەوە زۆر جێگـای مـشتومڕ نیـە، بـەڵام غەڵـەت حاڵیبوون لەدین هەندێ جار هۆكارێكە بۆ هەڵوەشاندنەوەی دۆزێك یاخود بزاڤێكی سیاسی!

لێرەدا هەوڵ دەدەین لەم دوو حاڵەتەی دیـن لـە بزاڤـی سیاسـی كوردی بكۆڵینەوە.

كەس ناتوانێ نكوولّی لەوە بكات كە هیچ راپەڕین و شۆرشێكی كوردی هـەتا هەرەسـهێنانی شۆڕشـی ئـەیلول بـەدەر نـەبووە لـە سەروەری دین لە خولقاندن و بەردەوامبوون و هەتا رووخـانی هـەر شۆڕش و راپەڕینێك.

بەرایی پێكەوە گونجانی دەسەڵاتی كـوردی و عوسمـانی كـە بـە كۆششی شێخ ئیدریسی بەدلیسی و سولتان سـەلیم هاتـە ئـاراوە، دین بەگشتی و مەزهەب بە تایبەتی رۆڵی سـەرەكی لـەم پێكـەوە ژیانەیە بینی. بە گوێرەی رێكەوتنامەی بەدلیسی و سولتان سەلیم كوردسـتانی عوسمـانلی كەوتـە ژێـر دەسـەڵاتی میرەكـانی كـورد. دەسەڵاتی عوسمانی لە كوردستاندا دەسەڵاتێكی لامەركەزی هەبود. ئەو پەیوەندیەی نێوان میرانی كـورد و دەوڵـەتی عوسمـانلی هـەتا سەدەی نۆزدەهەم درێژەی كێشا. هەركە دەوڵەتی عوسمـانلی لـەژێر

فشاری رۆژئاوا و مسیۆنێرەکانی ناو ئیمپراتۆریەت لەو لامەرکەزیەتە پەشیمان بۆوە، پەیوەندی نێوان دەسەلاتی کوردی و دەوڵەت کە بە زەرەری هەردوولا تەواوبوو. کۆتایی پێهات.

هەروەها دامەزراندنی میرنشینی بەدرخان کە د.ئازاد گەرمیانی بە حکومەتێکی ئیسلامی ناوی دەبات، فاکتەری دین رۆڵی سەرەکی بینی لە گردبوونەوەی کورد لە دەوری ئەو میرنشینەدا. هەر ئەوەش وای لە مسیۆنێرەکان و ئاسوریەکان کرد کێشە بۆ ئەو میرنشینە دروست بکەن!

لە سەرتای سەدەی بیستەمیش، کە ئیمپریالیزمی ئینگلیزی و فەڕەنسی لەلایەك، کەمالیەکان بە پاڵپشتی سۆڤیەت و ئینگلیز لەلایەکی تر هەم خەلافەتیان هەڵوەشاندەوەو هەمیش لە چارەسەری دۆزی کورد پەشیمان بونەوە تەنیا زانایەکی ئایینی وەك شێخ سەعیدی پیران توانی شۆڕش بەرپا بکات نەك تەیاری عەلمانی رۆناکبیری کورد. لەشۆڕشەکەی شێخ سەعید تەواو خۆیا دەبێ کە فاکتەری دین و قەومیەت دینەمۆی هەڵگیرساندنی ئەو شۆڕشە بوونە. هەرچەندە ئەوسا کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستان هەبووە، بەڵام نەیانتوانیوە بە رۆحێکی حیزبی کورد لە دژی دەسەلاتی کەمالیەکان تەیار بکات.

لە بەشی رۆژهەلاتی کوردستانیش کۆمەڵەی ژێکاف بەو ئەنجامانەی کە هەیبوون نەیانتوانی شۆڕش لە دژی دام و دەزگای

شاهانه بەرپا بکات، بەڵام هەرکـە قـازی موحەمـەدی کەسـایەتی ئایینی ناسـراوی مـەهاباد پەیوەنـدی بـە ژێ‌کافـەوە کـرد تـوانی گۆرانێکی نەوعی لە چەمکی حیزبیەت دروست بکـاو خـەڵکێکی زۆر لە چواردەورەی حیزب کۆبکاتەوە.

هەر لەسەردەمی قازی محمددا بوو کە حیزب بەشێوەی ڕێکخستن و ئیدارە و حکومەتەوە لەناو کورد دا بەرپابێ. ئێـستاشی لەگـەڵ دابێ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هەر بە حیزبەکەی قـازی محمد دەناسرێ!

لە بەشی باشوری وڵاتیش هێندەی باس لە بنەماڵەی شێخ محمود و مەلا مستەفا دەکرێ، هەندە باس لە دەوری حیزب ناکرێ. خۆ لـە سەردەمی شێخ مـەحمود دا حیزبـی کـوردی هـەبوون، بـەڵام ئـەو حیزبانە بـەبێ سـەرکردەیەکی ئـایینی هـیچ دەورێکـی ئـەوتۆیان نەبوو. لە مەملەکەتی شێخدا هـەر شـێخ خـۆی حکومـەت بـوو، حکومەتیش شێخ بوو، ئەوەو وەنەبێ شێخ مەحمود سیاسەتمەدارێکی گەورە بووبێ و کەسی دی نـەبووبێ شـان لەشـانی بـدات، بـەڵکو مەسەلەکە زیاتر پەیوەست بووە بە کەسایەتی ئایینی شێخەوە.

هەر لە سەردەمی ڕاپەڕینەکانی بارزانـدا، چـەندەها کۆمەڵـەی کوردی هەبوون، لە هەموویان بەهێزتر کۆمەڵەی هیـوا بـوو، ئـەو کۆمەڵەیەش تاقـەتی شـەڕی چەکداری نـەبوو، چـونکە زۆریـەی ئەندامـەکانی ڕۆشنـاکبیری شـاریی بـوون و حەوسـەڵەی تفـەنگ و

عەقڵی تفەنگیان نەبوو، بۆیە ناچار بوون پەیوەندی بە مەلا مستەفاوە بکەن!

بەڵگەیەکی تر لەسەر رۆڵی فاکتەری دین لە خولقاندن و بەردەوامبوونی شۆڕشدا ئەوەیە کە لە پاش لەسێدارەدانی شێخ سەعیدی پیران و سەید ڕەزای دەرسیمی و قازی محمد و کۆچکردنی شێخ مەحمود و چوونی مەلا مستەفا بۆ سۆڤیەت، هەتا دەرکەوتنەوەی مەلا مستەفا هیچ بزاڤێکی چەکداری لەهیچ پارچەیەکی کوردستاندا بەرپا نەبووە! ئەم گردبوونەوە کوردەوارییە تا ڕادەیەکی زۆر هاوئاهەنگ بووە لەگەڵ بیرکردنەوەو دنیا دیتن و عەقڵیەتی کۆمەڵگەی کوردیەوە. بە واتایەکی تر، ناتوانرێ بەشێوەیەکی ڕەها حوکم لەسەر ماهیەتی ئەو ڕاپەڕین و شۆڕشانە و بەشداری ئەو خەڵکە بە پێوەرێکی ئایینی یاخود (نا-ئایینی) بدرێت، چونکە نە ئەو ڕاپەڕین و شۆڕشانە تەواو ئیسلامی بوون (لەڕووی تیۆر و مەنهەج و ڕەفتار و گوفتاردا)، نە خەڵکەکەش ئەوسا تێڕوانینێکی سیاسی بۆ دین هەبووە، بەڵام بە حوکمی ئەوەی کورد و دەسەڵاتی کوردی موسڵمان بوونە، ئەو موسڵمان بوونە بۆتە فاکتەرێکی سەرەکی ئەو گردبوونەوە لە چواردەوری شۆڕشدا.

دوای شۆڕشی (کلاسیکی) کوردی، شۆڕشی ئەیلول ١٩٦١-١٩٧٥ بوو، ئەو شۆڕشەش تا ڕادەیەکی زۆر درێژەپێدەری شۆڕشە کلاسیکیەکانی دی کوردی بووە، بۆیە هەر کە هەرەسی هێنا،

بەشێکی زۆر لە تەیاری سیکیولاری کوردی بەرەی لە بەرامبەر دین و (کوردایەتی) توندتر کرد، هەر هەمووی خۆی بە (مارکسی) دادەناو حیزب نەبوو —مەگەر پاسۆك نەبێ- لە بەندێکی پلاتفۆرمەکەیدا ئاماژەی بۆ مارکسیەت تێدانەبێ!

ئەو ڕەوتە مارکسیە مێژوویێکی گەشی نیە، چونکە هەر لەگەڵ پەیدابوونیان لە چیادا کەوتنە وێزەی یەکتر بەجۆرێ دەکرێ (شۆڕشی نوێ) بە دەسپێکی شەڕی ناوخۆ دابندرێ!

جا ئەگەر شۆڕشە کلاسیکیەکانی کورد بوونە قوربانی بەرژەوەندیەکانی رۆژئاوا لەلایەك و دەوڵەتە ئەقلیمیەکان لەلایەکی تر، ئەوە (شۆڕشی نوێ) یاخود شۆڕشی دوور لە دینی کوردی، وەك هەرەسی سۆڤیەت و ئەوروپای ڕۆژهەڵاتی هەرەسی خۆی لە هەناوی خۆی بوو.

با بزانین بۆچی دین لە هەندێ شۆڕشی کوردیدا بۆتە فاکتەری روخانی شۆڕشەکە؟! ئایا بەڕاستی شتێ لە ئیسلام داهەیە کە بانگەشەی نسکۆ و هەرەس لە بەرامبەر هێزێکی دەرەکی دا بکات؟!

ئیسلام شتێکە و دیتن و تێگەیشتنی خەڵك لە ئیسلام شتێکی ترە، ئیسلام یەکێ لەو دینانەیە کە ستەم قەبووڵ ناکات. لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا نەتەوەی باڵادەست و نەتەوەی ژێردەست نیە،

ئەوەی گەلان دراوسێی کورد لە بەرامبەر کورد دەیکەن، ئەوە تەنیا دینی عەقڵی ئەوانە.

هەندێ جار هەر داگیرکەرانی کوردستان لەمەدا بەرپرس نین، بەڵکو ڕەوتی عەلمانی کوردیش بەشێکی ئەو لێکدانەوە نابەجێیەی بەر دەکەوێت. هەر بۆ نموونە مەسەلەی مەلای خەتێ و میری سۆران کراوەتە کەلتورێك بەجۆرێ مەلای خەتێ بۆتە ڕەمزی خیانەت و میری سۆرانیش بۆتە (سەرکردەی نەتەوەیی!) ئەوانەی باسی روخانی ئەو میرنشینە دەکەن، دین دەکەنە فاکتەری ڕوخانی، بەڵام لەراستیدا دین هیچ ڕۆڵێکی نەبووە، چونکە نە میر ئەو سەرۆکە نەتەوەییە بووە کورد خەمی ڕووخانی بووبێ، نە مەلای خەتێش هیچ فەتوایەکی داوە، بەڵکی ئەوەی قەناعەتی بە میر کرد تەسلیم بێ (ڕیچارد وودی) بەریتانی بووە!!

کێشەی دەسەڵاتی کوردی ئەوە بووە دبلۆمات و سیاسی نەبووە، تەواویش لە ماهیەتی ئیسلام نەگەیشتووە، هەر بۆیە دراوسێکانی زۆر بە ئاسانی بەناوی دینەوە توانیویانە ستەم لە کورد بکەن، باوەڕم وایە ئەگەر کورد دراوسێکانی غەیرەدین یاخود مارکسی بووانە، کورد لەمێژبوو گەورەترین دەوڵەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەبوو، چونکە دەسەڵاتی ئەوسای کوردی دەسەڵاتی غەیری دینی قەبوڵ نەبوو! ❑

کوشتنی ئینتما

خۆشویستنی زێد و وڵات خەسڵەتێکی سروشتی هەر مرۆڤێکی سروشتیە، ئەوەتە پێغەمبەری ئیسلام لە بەرامبەر ناچارکردنی بەوەی زێدی بەجێبهێڵێ، دەفەموێ: ئەگەر ناچار نەکرابام بەجێم نەدەهێشتی. هەروەها لەشوێنێکی تر دەفەرموێ: دەزانن هاوەڵینە چۆن ئێمە کێوی ئوحودمان خۆش دەوێ، ئەویش ئاوا ئێمەی خۆشدەوێ..

لەو پێودانگەوە تاك و کۆمەڵ و دەسەڵات لە وڵاتدا دەبێ لە فەزایەکی پڕ هارمۆنیدا بژین، چونکە هەرسێك سێ جەستەی (باوەڕێك)ن ئەو باوەڕ و فەلسەفە و عەقڵیەتە هەرسێك تەعبیر لەیەك دەکەن.

لە وڵاتی ئێمەش، مەگەر داغستانیەکان، ئەگەرنا کەس بەقەد کورد وڵاتەکەی خۆش ناوێ، ئەوەتە هەر رۆژنامە و گۆڤار و ناوەندێکی رۆشنبیری، حیزبی دامەزرابێ کوردستانی هەر لەگەڵدا بووە. بە دەیان و سەدان گەنج لەمێژووی پڕ سەروەری کورددا بێ ئەوەی ئینتمای هیچ حزبێکیان هەبووبێت تەنیا لەسەر کوردستان لەدار دراون.

لەقۆناغی بەرراپەڕیندا، بەحوکمی ئەوەی حیزبەکان هەموو لە شاخ بوون، تەواو لەگەڵ ژیانی مەدەنی شار نەدەژیان، پێشمەرگە و سەرکردەکان رەمزی پیرۆز بوون، ئەوەی بەر لە راپەرین باوەڕی وابوو دەسەلاتی کوردی چارەسەری هەموو کێشە سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابووریەکانی کۆمەڵگای کوردستانی پێدەکرێ. ئەو تێڕوانینە لەلای هەر تاکێکی کوردی بەبێ ئینتمای حیزبییەوە ببوە هەقیقەتێك، بێگومان زۆر ئەگەر هەبوون ئەو (وەهمەیان لەلای تاکی کورد دروست کردبوو، چونکە لەلایەك بەعس هەردەم مۆتەکەی مەرگ بوو بۆ هەرکەسێك هەستێکی کوردانەی هەبێ، ئەگەر ئەو تاکە کەسێکی دیار بوایە یان بزاڤێکی رۆشنبیری یان سیاسی هەبوایە بێگومان بەشی ئەو کەسە یان زیندان دەبوو یان مەرگی حەتمی. لەلایەکی تریش ئاستی هۆشیاری خەڵك لەو ئاستە نەبوو تەواو ئیستیعابی عەقلیەتی حیزب بکا. هەروەها بەشێکی زۆری بێئاگا بوو لەو ململانێ و شەڕە ئەگریسەی نێوان حیزبەکان!

ئەو ئەوەیە بەو ئینتما بێئاگاییەوە ئینتمایەکی موتلەقی بۆ وڵات و بزاڤی کوردی هەبوو، هەرچەندە ئەو ئەوەیە لە نسکۆی ١٩٧٥ تووشی شۆك و هەرەس بوو. لەپاش ئەو هەرەسە زەمەنی تاك حیزبی بەسەر چوو، چەندەها حیزب لەبەر رۆشنایی مارکسیەت لە کوردستان دروست بوون. ئەو فرەحزبیە هەر لە بەرایی مەرگی حیوار و یەکتر قەبوڵکردنی لێبەرپا بوو، چونکە

هەریەکە خۆی بە (نوێنەری شەرعی) خەڵك دادەنـاو خەڵکیش بەتایبەتی ئەوانەی شار بێئاگا بوو لەو نوێنەرانەی یان ئەوەتا وا تەلقین درابوو کە حیزبەکەی ئەو لەسەر هەقە. ئەو پلورالەتیە Pluralityش تەمەنی هەر بەقەد تەمەنی تاکحیزبی بوو. لەگەڵ ئەو هەرەسەی ۱۹۸۸یش، ئەویش وەك ئەزمونی فرەحیزبی شاخ هەرەسی هێنا، بەڵام گیانی ئینتما بۆ وڵات و زێد هەر نەمرد، چونکە ئەوەی دەیویست ئەو ئینتمایە بکوژێ تەنیا رژێم بوو، رژێمیش لەلای هەر کوردێك داگیرکەر بوو...!

راپەڕین کە لە ۱۹۹۱ بەرپا بوو قۆناغێکی نوێ بوو، نوێ بوو لە هەموو روێکەوە. حیزب و خەڵك تەواو بەیەك ئاشنا بوون! دەسەڵات بووە رژێمێکی کوردی. هەموو شت بووە کوردی، بەڵام نەك لەپێناوی کورد! لە زەمەنی بەرەی کوردستانیدا هەرچی دەکرا خەڵك خۆی پاساوی دەهێنایەوە: ئەزمونەکە نوێیە، ئێمە لە دەسەڵاتی مەدەنی لێڕانەهاتووین، هەموو گەلانی دنیا بەو قۆناغەدا تێپەڕیون. هێشتا خەڵك و حیزب لە چوارچێوەی میلیشیان، میلیشیای حیزب ئیدارە بەڕێوە دەبات، هێشتا مارمانە بۆ ژیانی موئەسەساتی.. ئەمانە هەم قسەی خەڵك بوو هەم دەسەڵاتیش-دەسەڵاتی حیزب- ئاوا ئەندامەکانی تەلقین دەدا، ئەوانیش هەمان شتیان بە زیادەوەش بەرەش و ڕووتی وڵات دەگوت. هەردوو حیزب بە دەسەڵاتی بەرە رازی نەبوون، چونکە لە بەرەدا

هەشت حیزب هەبوون.. ئەوەبوو هەڵبژاردن کرا، بەڵام مەرجی وا دانرا، هەر تەنیا هەردووکیان دەرچوون! هەر لەگەڵ دەرکەوتنی ناکامەکانی هەڵبژاردندا چی نەمابوو هەر لە یەکەم رۆژدا لەسەر کورسیەکی پەرلەمان عەقڵی شاخی زیندوو بکەنەوە.

لە سەردەمی حکومەتی یەکەم و دووەمدا، هەرچەندە هەندێ دام و دەزگا زیندوو کرانەوە، بەڵام عەقڵی میلیشیای نەك هەر لەنێو نەبردرا، بەڵکو بەرگێکی مەدەنی وەبەر کرا.. حیزب هەر خەریکی خۆقەبەکردن و تێرکردنی فەرماندەکانی بوو، حکومەتیش هەر دەیگوت هێشتا ساواین، تازە گاگەڵە دەکەین.. هەر بەپێ بکەوین دەزانین چیتان بۆ دەکەین!! ئەو حکومەتە ساوایە بەرگەی عەقڵی میلیشای حیزبی نەگرت، بۆیە شەڕ لەدوای شەڕ بەرپا بوون.. زمانی حیوار هەر لەپێناوی بەرژەوەندی حیزب بوو.

ئەوە پازدە ساڵە حیزب و حکومەت ئەو قەوانە سواوە لێدەدەن و لێدەدەنەوە. ئەوەندەی من لە سیاسەت بگەم نەك ئەو پازدە ساڵە، دوو پازدە ساڵی تریش هیچ گۆڕانێکی نەوعی لەو عەقڵیەتەی دەسەڵات دروست نابێ چونکە سروشتی هەر حیزبێکی ناسیونالیستی رۆژهەڵاتی هەر ئەوەی لێدەکەوێتەوە، زیاتر لە پەنجاساڵە تەیاری ناصری و عەرەفاتی لە میصر و فەلەستین ئەو قەوانە لێدەدەنەوە. ئەمڕۆ وەنەبێ وڵاتانی عەرەبی لە مصر و فەلەستین باشتر بن، بۆ نموونە بە حوکمی ئەوەی کەنداویەکان

پارەیەکی ئێجگار زۆریان هەیە، بە پارە دەمی خەڵکیان گرتووە نەگەڕنا هەموو کەنداو شەڕی هەر هەفتەیەکی لەگەڵ ڕژێمێکی وەك صدام پێدەکرێ!

لەنێو ئەو ململانێیەی دوای ڕاپەڕین نەوەیەك دروست بوو وەك نەوەی پێشوو نیە بە هەموو دوعایەکی حیزب بلێ ئامین. بەشێك لەم نەوەیە هێندە لە دەسەڵاتی کوردی بێزارە و سەری خۆی هەڵگرتووە بەرەو هەندەران لەوێش ڕۆژ لەدوای ڕۆژ خەریکی گومکردنی خودی خۆیەتی. لە وڵات هەستی بە نامۆیی دەکرد، لە ئەورووپاش بەشی ئەو تەنیا پارە پەیداکردنە. زۆربەی ئەو گەنجەی لە هەژمەت و حەسرەتی دەسەڵاتی کوردی هەڵاتووە هیچ ئینتمایەکی ڕۆحی و قەومیی بۆ وڵات نەماوە و بە عەقڵ بۆتە غەریبەکی غەوارە! ئەو توانەوەو خۆ ونکردنە لە کەلتوری ڕۆژئاوادا ئەنفالێکی ڕەشە دەرهەق بە ناسنامەی کەلتوری و مرۆیی تاکی کورد دەکرێ و غەیری دەسەڵاتی کوردی کەسی تر لێی بەرپرس نیە. هەروەها لەناو ئەم نەوەیەدا بەشێك لە نەوەی بەر لە ڕاپەڕینیشی تێدایە. ئەوانەش زۆربەی هەرەزۆری پێشمەرگەی حیزب بوونە، بەڵام بە حوکمی ئەوەی حیزب ئێستا لە قۆناغی دەسەڵات و حکومەت دایە و قۆناغی ((ڕزگاریخوازی نیشتمانی)) بڕیوە پەکی بەوانە نەکەتووە. حیزب ئەمڕۆ فەرمانبەری هەیە بە زەبری پارە ئینتمای

بۆ دروست کردووە هێندە پێویستی بە عەقلی کۆنی پێشمەرگە نیە!! ئەوانە زۆری بە حەسرەتەوە سەر ئەنێنەوە.

بەشێکی تری ئەم ئەوەیە نایەوێ یان نەیتوانیوە ولات بەجێبهێڵێ.. ئەوەی نەیتوانیوە ولاتی بەجێبهێڵێ وەك (ماغوت) بیرەکاتەوە لە زەنی ئەو راستیە دروست بووە:

کە ئەوەی بە نیشتمانی دەبەستێتەوە تەنیا پێڵاوەکانیەتی!

ئەو بێنیشتمابوونە یان خۆ بەریکردنە لە دەسەلات لە غەیری زیادبوونی ئەهامەتیەکەی تر بۆ کورد وەك ئەتەوە هیچی تری لێناکەوێتەوە. دەسەلاتی کوردی هەست بەوە ناکات کە خۆی لە چ گێژەنەك دەژی و ئەگەر ئەمجارە بقەومێ وەك قەرمانی ۷۵ و ۸۸ نابێت!! چونکە لەدوای ئەو دوو هەرەسە گەنج و لاوی کورد هێشتا لە لوتکەی ئینتمادابوو!!

لەوانەیە هەندێ باوەڕیان وابێ، هێشتا حکومەت ساوایە، بۆیە لەدستی نایەت ئەگەرنا کوردستان دەکەنە سویسرا! ئەم جۆرە توتیەش، چونکە مشەخۆرێکی بەردەوامە، لە بەشێکی زۆری دام و دەزگای ولاتدا پێی خۆی توندکردووە بەجۆرێ وەك یەکێ لەوانە وتەنی: "لادانم قیامەت دەقەومێ" خۆی وتەنی بۆ ئەوەی قیامەت نەقەومێ با هەر لە خەڵك بقەومێ..؟!

بەکورتی هۆکاری سەرەکی کوشتنی ئینتما دەسەلاتی کوردیە نەك دەسەلاتی هەر داگیرکەرێك. دەسەلاتیش لە ولاتی ئێمە یەعنی

(ینك) و (پدك) ئەوانەش لەدور هەوێ دەچن کە دەیانەوێ لە هەمو شتێ وەك یەك بن. جا ئەگەر یەکێکیان داوە سپیەکانی سەری پیاوەکە دەربهێنێ، ئەویتر داوە رەشەکان دەربهێنێ ئەوە چۆن کابرا سەری روتایەوە، کوردستانیش لەنێوان ئەو ململانێیەدا خەریکە بەهەمان دەرد دەچێ. ئەو کاتەش ئێوە هەر ئینتما ناکوژن، بەڵکو مەعریفە و عەقڵی مەعریفیش دەکوژن و زانکۆ دەبێتە جەهالەتکۆ و هیچ پەیوەندیەکی رۆحیی و نیشتمانی و هەتا ئینسانیش لەنێوان تاك و دەسەڵات نامێنێ ، عەرەبە چاورەشەکانی پەرلەمان و حکومەتی بەغداش هەر خەریکی خۆ تەیارکردنن. ئەدی ئەوە بەس ئەوە خەریکن پرۆسەی بەجاشکردن دەبوژێننەوە، دەبێ جاش دروستکردنەوە بۆچی بێ؟ شەڕی ئەمریکا یان ئیسرائیلی پێدەکەن؟!. ❑

دەوڵەتنەبوون لەنێوان گرفت و پاساودا

لەبەردەم کێشە هەنوکەییەکانی ئەمڕۆماندا هەبوون و نەبوونی دەوڵەت دووڕای هەڤدژی لێکەوتۆتەوە. دەبێ هەموو کێشەکانمان لە نەبوونی دەوڵەتەوە سەرچاوەگرتووبێ؟! لەلایەکی دی دەبێ دەوڵەت دارعەساکەی موسابێ و هەموو کێشەکانمان چارەسەر بکات؟!

ئەو سێکوچکەی (دەوڵەت- گرفت- پاساو) خوێندنەوەیەکی دەوێ کە جیابێ لە هەر خوێندنەوەیەکی ئایدیۆلۆژی و حیزبی. با بزانین گرفتی دەسەڵاتی کوردی لەچیدایە. ئایا دەسەڵاتی کوردی ڕەنگدانەوەی هزر و بیرکردنەوەی کۆمەڵگای کوردیە. دەمانێکە کۆمەڵگەی کوردی گیرۆدەی عەقلیەتی خێڵداریە، ئەوەی ئاغا دەیڵێت دەستورە بۆ غەیری ئاغا نەك ئاغا خۆی.

هەر ئەمڕۆش ئەوەی ئاغای مۆدێرن (سەرۆك حیزب) دەیڵێ دەستورە! دەستورە بۆ هەر تاکێك-حیزبی بێ یان نەبێ-، بەلام لە سنوری قەڵەمڕەوی ئەودا بژی.

میەکانی کورد هیچ خوێندنەوەیەکی پۆزەتیڤانەیان بۆ یەکتر نەبووە. هەر ئەو ململانێ ئەزەلییەی ئەوان بوو هەموو تاکی کوردی تووشی پاشاگەردانی و نسکۆ کرد.

لەعێراقدا بەرلەوەی شا فەیسەڵ ببێتە شای عێراق و کوردستان بەعێراقەوە بلکێندرێ، شێخ مەحمود حوکمداری سلێمانی بوو -نەك کوردستان-. عەرەب بە شیعە و سونەوە شافەیسەڵی (ناعێراقی)یان قەبوڵ بوو، بەڵام کورد شێخ مەحمودی قەبوڵ نەبوو. رەفیق حیلمی لە یاداشتەکانیدا دەنووسێ: شێخ لەڕاووشکاری خۆی نەدەکەوت و ئێمەی ڕووناکبیرانیش شەوان خەریکی کەیف و سەیفی خۆمان بووین. با بپرسین بۆچی هەولێر و ڕەواندز و بەهدینان شێخ مەحمودی قەبوڵ نەبوو؟! لەبەر ئەوەی خەریکی ڕاوەشکار بوو!!

بیرکردنەوەی میر هەر لە پاوانەکەی خۆی بوو. ئەو بیرکردنەوە لەزات و بەرژەوەندیەکانی خۆی لەخۆیدا بیرنەکردنەوەیە لە غەیری خۆی. ئەوەی پێی دەوترێ (ئەویتر) نەك هەر میر بیری لێ ناکاتەوە، بەڵکو بە کردەوە هەموو هەولێك دەدا بۆ ئەوەی نەیهێڵێ!! دەوڵەتی میر عەقڵی میر بوو، هەتا ئەو شوێنەی سنوور بوو میر لەوێ بوو. ئاخاوتنی میر دەستور بوو، هەموو دەبوو بڵێن فەرمایشتە ئەی خاوەن شکۆ! میری بادینان دەڕوخێنم، هەموو: فەرمایشتە گەورەم. هەموو یەزیدیەکان قڕدەکەم، هەموو: فەرز و واجبە گەورەم. هەموو میرەکانی تر خایەنن. ڕاست دەفەرمووی گەورەم!! کێ ڕۆژێ لە میری خۆی ڕاپەڕی؟! ئەمە دەستورە. مەلاش لەولاوە دەیوت: ئیتاعەی وەلیولئەمر واجیبە. ئەمە ئەو کەلتورەیە چەندەها ساڵە

بۆتە مێردەزمەی عەقڵی کوردی و نایەڵێ کەس بە ئاسانی لێی دەرباز بێ، دەبێ ئەمە تەلیسم نەبێ؟!

ئێستاش دەڵێن دەوڵەتمان نییە. چواردەورەمان دوژمنە! مەسەلە ئەوە نییە دەوڵەت گرفتە یان گرفت نییە. گرنگ گۆڕان لە هزر و بیرکردنەوەی تاکی کوردە. دەسەلات ناتوانێ کۆمەڵگایەکی مەدەنی پێکبێنێ هەموو نەیارەکان لەسەر یەك خوان کۆببنەوە، چونکە ئەوەی پێ هەرس ناکرێ. ئەی کەلتوری دەستور مانای چی؟! من خۆم دەوڵەت هەبوون و نەبوون بە گرفت نابینم، چونکە بۆ ئێمە پازدە ساڵە چیمان هەیە. ئەرێ عەرەب کێشەی هەبوونی دەوڵەتی هەیە؟ کێ بە ئەندازەی عەرەب دەوڵەتی هەیە؟!

بۆچی لەهیچ دەوڵەتێکی عەرەبیدا ڕەوشێکی دیموکراتی هەقیقی بەرپا نییە. لەسەر لالێکردنەوەی ڕژێمەکان لە هەندێ بواردا قسەی باوکی برایەکی نزیکم دێتە یاد ئەیوت: ڕژێم خۆی ئەو شتانە دەکا تا بەو شتانە بتانگرێ!! سەرۆکی (حیزبی غەد) لەسەرچی گیراوە.. دەبێ ئەویش تیرۆریست بێ پێمان نەزانیبێ؟!

ئێمەی کورد هێندەی پێویستمان بە دەوڵەتێکە لەناو عەقڵمان هێندە پێویستمان بە دەوڵەتی سەر زەمین نییە. ئەوە دەوڵەت دروست بوو کێ دەوڵەت بەڕێوە ببا، وەك وتم بۆ لە نیشتمانی عەرەبیدا چەند دەوڵەت هەن؟ عەقڵی دەوڵەتی، عەقڵی مەدەنی، عەقڵی یەکتر قەبوڵکردن.. عەقڵی ئەویتر زۆرگرنگە ببێتە بەشێك

لە ستراتیژیەتی بیرکردنەوەمان، ئێمە بەدەگمەن ئەو عەقلانەمان لەلا هەن، ئەوەی جارێ هەشە سەر بە هەشە و دەسەلاتی مەعریفی بەقەد دەسەلاتی چەکدارێکی کالفامەوە نییە.

ئەمە ڕوویێکی مەسەلەکەیە، ڕووەکەی تر عەقلێکی خوێندەوار بەڕوونی دەیبزوێنێ. ئەگەر دوێنێ کرمانج نەیدەتوانی لە غەیری ئەشهەدوبیلا بۆ ئاغا بلێ کە ناچار بوو هەر هێندەی دەزانی ئەمڕۆ بابای خوێندەوار بە قەلەمەکەی هەزار ئەشهەدوبیلا لەسەر دەستوری ئاغاکەی ئەمڕۆ دەلێ. بەمەش دەستورەکە (پیرۆزتر) دەبێ و هەر لادانێکیش لەو پیرۆزییە ئەوا وەك هەندییە کۆنەکان دەیانوت: (پیرۆزی دەقەکە دەشێوێنێ!). ئەم قەلەمە دایك و باوکی نییە. زوڕنایەکە بەقەد شاباشەکەیە!

هەندێ جار ڕەوشەکە وادەخوازێ لە بیکیت و ئەلبێرکامۆ ڕەشبین تر بن. تۆ خەمی پرسی هەبوون و نەبوونی دەوڵەتتە، کەچی سەرکردایەتی سیاسی کوردی هەر بیر لە مەسەلەی دەوڵەت ناکاتەوە. لەبیرکردنەوەی خۆتدا دەگەیە ئەو ئاکامەی کە شیعە و سوننەی عێراق بەهیچ جۆرێ بەو فیدرالیەتە ڕازی نابن کە کورد دەیەوێ. هەروەها ئەگەر زیاتر بەگژ فکران ڕابچی بۆت دەردەکەوێ کە ئەو (سێ‌سەرکە) لەو مەنجەلە (عێراق) قەت پێکەوە ناکولێن، هێشتا سەرکردایەتی کوردی ئیش بۆ بەهێزکردنی (برایەتی) و یەکێتی خاکی عێراق دەکات. ڕۆژ نییە من خۆم تووشی هێدمە و

شۆك نەبم، چونكە هیچ ئایندەیەكی ڕوون بۆ خـۆم و غـەیری خـۆم نابینم، كەچی دەبێ كوڕی گەدا بەكچی پاشا ڕازی بێ!

بەنەزەر من هەبوون و نەبوونی دەوڵـەت هـیچ لـە مەسـەلەكە ناگۆڕێ، ئەدی ئەوەنییە ماركسییەكان خەون بەوە دەبینن كە ڕۆژێك دادێ ئەو دەوڵەتەی پرۆلیتاریا دایمەزراندووە هەر خۆی دەیڕوخێنێ، چونكە پێویست نییە! دەوڵەتەكەی ئێمەش هێشتا خەونی شێت و شاعیرانە، هێشتا نەبۆتە بیرۆكە دەیڕوخێنین، چونكە نازانین چی لێ بكەین، نە ئەو تێمان دەگا و نە ئێمەش لـەكاری وی دەگـەین! بـە مندالّی دایك و باوكمان ئێمەیان بـە (دێـو) و (خێـو) و (شـەوە) دەخەوتانـــد، هەنـــد نووســـتین هێـــشتا لـــەبواری تـــەنوێمی موگناتیسییەكە ڕزگارمان نەبووە، بۆیە ئێـستاش بـە (كارەبـا) و (نەوت) و (بەنزین) دەمانوێنن.

دەبێ كاری باوكانێك هەر نوستاندنی ئێمە نەبێ تا ڕۆژێـك وەك ئەسحابی كـەهف لـە خـەو رادەپـەڕین دەبیـنین هـەموو شـتەكان پێچەوانە بوونەتەوە!

لەدووسێ جێ (لە كتێبەكانم) وتوومـە فاكتـەرەكانی دروسـت نەبوونی دەوڵەتی دەگەڕێتەوە بۆ هۆكاری زاتی و بابەتییەكان، بەلاّم ئەمڕۆ هێندەی باوەڕم بە فاكتەری زاتـی هەیـە هێنـدە بـاوەڕم بـە فاكتەری دی نییە. ئێمە نەمانتوانیوە خۆمـان دروست بكەین، بۆیە بەدرێژایی مێژوو میللەتێكی پاشـكۆین. لـە نـەزەری دكتـۆرێكی

سێ زاتی کورد
لە دادگای ناسیۆنالیستی کوردیدا

لێرەو لەوێ چەندان نووسین لەسەر هۆکاری بەدەوڵەتنەبوون نووسراون. زۆرکەس بە بێ بەڵگەی کۆنکریتی هۆکاری بنەڕەتی دەگەڕێنێتەوە بۆ هەندێ زاتی کورد. لێرەدا بەگرنگی دەزانین لەسەر سێ زاتی کورد بەجواب بێین، ئەویش مەولانا ئیدریسی بەدلیسی و مەلای خەتێ و شێخ مەحمود.

لە سەردەمی مەولانای بەدلیسیدا ململانێیەکی مەزهەبی لە دەڤەرەکەدا لەئارادابوو. بەحوکمی ئەوەی کوردستان لەنێو بەرداشی هەردوو ئەمپراتۆریەتی ئۆسمانی و سەفەوی دابوو، بەشێکی زۆری نەهامەتییەکانی وەبەر دەکەوت. ئەوسا میرە کوردەکانیش هیچ دەسەڵاتێکی عەسکەری و سیاسی ئەوتۆیان نەبوو بتوانن پەرگیر بن و نەبنە هاوپەیمانی هیچ لایەك!

رێژەی هەرە زۆری کورد سونە مەزهەبە. لەنێو ئەو سونانەی باکوری کوردستان مەولانا ئیدریسی بەدلیسی سیاسەتمەداری زەمەنی خۆی بوو. ئەو زاتە بەو عەقڵە مەعریفییەی خۆی توانی لەگەڵ سوڵتان سەلیمی (ئەمپراتۆری) ئۆسمانی رێك بکەوێ. رێککەوتنەکەی بەدلیسی-سوڵتان هاوپەیمانییەکی دوولایەنی بووە.

بەدلیسی توانیبووی ببێتە نوێنەری میر و ئاغەکانی کورد. بەڕای ئەوان ئامادەبوو "سوپای کورد" ببێتە بەشێك لە لەشکری ئۆسمانی شەڕی سەفەویەکان بکات، لە بەرامبەریش، سولتان سەلیم بەڵێنی "فیدراڵی" بۆ کوردستان دابوو. ڕەنگە لە فیدراڵیش زیاتر بووبێت، چونکە ئەو بەڵێنەشی تیابوو، هەر دەستدرێژییەك بکرێتە سەر کورد و ئەو ئیمارەتانە، ئەوا دەوڵەتی ئوسمانی بەهاواریەوە بێت. بەو شێوەیە ڕێکەوتنەکە لە خاڵی (٤)یدا بەرەو دوو دەوڵەت دەچێت، ئەگەرچی هەریەك لە بەدلیسی و سولتان سەلیم بە ماوەیەکی کەم دوای شەڕی چالدێران ١٥١٤ مردن، بەڵام ئەو ڕێککەوتنە کە نیزامی لامەرکەزی لێکەوتەوە، نزیکەی چوارسەدە کوردستانی لە نەهامەتی و ماڵوێرانی پاراست!!

ئەو ڕێککەوتننامەیە، کە فیدرالیەتی کوردستانی لێکەوتەوە، چونکە لەلایەن زاتێکی دینییەوە بۆ کوردستان هاتۆتەدی، نووسەرە "نائەکادیمیەکان!!" لەو زاتەیان لە هەڵلا داوە بەجۆرێ هەیە ئەمەی بە خیانەت داناوە. کێشەی ئەو نووسەرانە ئەوەیە دوێنێ بەچاوی ئەمڕۆ دەخوێننەوە، هەروەها مێژوو دەشێوێنن و دەیانەوێ وا بە نەوەی نوێ ڕابگەیەنن کە ئەوسا کوردستان ئازاد بووەو هەموو کوردستان لەژێر ئالای یەك میردا بووە و کوردستان شامی شەریف بووە! ئیدریسی بەدلیسی ئەو دوو سێ بەشەی

کوردستانی خستۆتە ژێر دەسەڵاتی ئۆسمانییەوە!
وەك چۆن لەم زەمەنەدا سەرانی کورد یەك نین، ئەوسا زۆر خراپتر، بەحوکمی ئەوەی میرەکان هەموو دەرەبەگ و ئاغا بوونە، هەمووش دژیەك بوونە. خانی لە (مەم و زین)دا لەم بارەیەوە راستییەکی مێژوو تۆمار دەکات، کە میرانی کورد هەموو ناکۆك و هەڤدژی یەکتر بوونە. ئیدریسی لەو زەمەنەدا توانی لەلایەك فیدراڵی بۆ کوردستان فەراهەم بێنێ، بەجۆرێ هەتا سەدەی نۆزدە هیچ کێشەیەکی ئەوتۆ لەنێوان میرانی کورد و دەوڵەتی ئۆسمانی لەئارادا نەبووە. ئەگەر لێرەو لەوێ کێشەیەك هەبووبێ، ئەوا لەنێوان میرانی کوردیش خۆبەخۆ هەبووە.
ئێمە لەنووسینێکمان بەکورتی باسمان لەوە کردووە کە بۆچی لە سەدەی نۆزدەهەمدا ئەو هەموو کێشەیە کوردستانی گرتەوە! لەوێ بەئاشکرا و بە بەڵگەوە روونمان کردۆتەوە کە مسیۆنێرەکان و بیانییەکان و کەمایەتییە ئایینیەکان و گۆرانی نیزامی دەوڵەتی عوسمانی لەلامەرکەزییەوە بۆ مەرکەزیەت ئەو هەموو ماڵوێرانییەی لێکەوتەوە. بە واتای ئەوەی مەولانا ئیدریسی بەدلیسی بۆ کوردستانی هێناوەو ئێستاشی لەگەڵ دابێ هیچ میرێکی کورد ئەوەی بۆ کورد نەکردووە.
سەدەی نۆزدەهەم، سەدەی رووخانی میرنشینە کوردیەکان بووە. ئەو هەموو میرنشینە بەرلەوەی ببنە پارویێکی چەور بۆ سەرانی

دەوڵـــەتی ئۆسمـــانی خۆیـــان مۆرانـــەی خۆیـــان بوونـــە. ئەوەتـــە میرنشینێکی وەك میرنشینی سۆران کێـشەو ملـملانێـی چـەکداری لەگەڵ میرنشینی بادینان و بابان و ئەردەلان هەبووە. میر محمد، کە دوا مـیری ئـەو میرنـشینە بـووە، لـەلای هەنـدێ لـە نووسـەرانی ناسیۆنالیست کراوەتە باوکی رۆحی ناسـیۆنالیزمی کـوردی، ئـەو هەموو شەڕەی لەگـەڵ میرەکـانی دی بـە بەهانـەی دامەزرانـدنی "دەوڵەتی قەومیی" لێکدراوەتەوە!

ئەوەی لێرەی گرنگـە روخـانی ئـەو میرنـشینەیە. قەومییـەکان "فەتوا"ی مەلای خەتێ بەهۆکاری سەرەکی روخانی ئەو میرنشینە دادەنێن. هەتا شاعیرێکی وەك شێرکۆ بێکـەس مـەلای خـەتێ بـە "مەدرەسەی خیانەت" دادەنێ! ئەوەی ئەو برادەرانە دەیڵێن هیـچی لەسەر بنەمایەکی لۆژیکی یاخود دۆکیۆمێنتێکی کۆنکریتی بینا نەکراوە، بەڵکو تەنها زەنێکی رووتە. ئەو زەنە ڕووتەش رەنگدانەوەی نالۆژیکی و نائەکادیمی ئەو نووسەرانەیە.

لەڕوویەکی تر، هەندێ کەس هەر لەسەر بنەمایـەکی زەنییـەوە هاتووە داکۆکی لە مەلای خەتێ کردووە. هەر ئەو "زەنانە" هانیان داین لەسەر بنەمایـەکی مێـژوویی و لۆژیکییـەوە ئـەو "لیڵییـە سەپاوە"ی سەر ئەو زاتەش ڕۆشن بکەینەوە. دەریبخەین کە مـەلای خەتێ نە بە ئیجابی و نە بە سلبی هیچ فەتوایەکی نەداوەو میریش ئەو زاتە نەبووە گوێ لە شـیەت و ئامۆژگارییـەکانی زاتێکـی وەك

مەلای خەتێ بگرێ.

هەموو دەزانین میر محمد پیاوێکی زۆر توند بووە، بەجۆری نزیکترین کەسانی خۆی تیرۆر کردووە، هەروەها شەڕی سەختی لەگەڵ میری بادینان و ئێزیدییەکان کردووە. ئەو میرە توندە چۆن ڕازی دەبێ کەسێکی وەك مەلای خەتێ فەتوایەك بۆ سوپای میر بدات و پێیان بڵێ: ئەوەی شەڕی ئۆسمانییەکان بکات لەدین وەردەگەڕێ و تەڵاقی دەکەوێ. ئەو مەلایە لە ڕەوازندزیش دابنیشێ! ئەمە چ لۆژیکێکە ئەو ئەفسانەی قەبوڵ بێ؟! نەك مەلای خەتێ بەڵکو هیچ کەسێ لەدەست و پێوەندەکانی جورئەتی ئەوەیان نەکردووە شتی ئەوها بەمیر بڵێن. ماکدۆل لە The modern History of the kurds ڕێك لە شوێنی مەلای خەتێ ناوی "ریچارد ود" دێنێ. ماکدۆل دەنووسێ ئەو جاسوسەی بەریتانیا توانی میر محمد ڕازی بکات شەڕی ئۆسمانییەکان نەکات، بەمەش سەری پارێزراو دەبێ. نووسەرە قەومییەکانمان بەبێ بەڵگە "مەلای خەتێ" تاوانبار دەکەن، کەچی لەڕاستیدا ماکدۆلێکی مێژوونووس بە بەڵگەوە باس لەوە دەکات کە ریچارد ود میری ڕازی کردووە دەستبەرداری شەڕ بێت. چونکە بەریتانیا تاراتەیەك داکۆکی لە ئۆسمانی دەکرد، تا پارچەپارچە نەبێت و لەدەستی دەرنەچێت، لەو ڕووەوە ڕێی لە (محمد عەلی پاشا)ش گرت کە لەشام بکشێتەوە میسر، هەمان کرداریشی لەدژی روسیا کرد، بۆیە بەریتانیا

مەلای خەتێ بگرێ.

هەموو دەزانین میر محمد پیاوێکی زۆر توند بووە، بەجۆرێ نزیکترین کەسانی خۆی تیرۆر کردووە، هەروەها شەڕی سەختی لەگەڵ میری بادینان و ئێزیدییەکان کردووە. ئەو میرە توندە چۆن ڕازی دەبێ کەسێکی وەك مەلای خەتێ فەتوایەك بۆ سوپای میر بدات و پێیان بڵێ: ئەوەی شەڕی ئۆسمانییەکان بکات لەدین وەردەگەڕێ و تەڵاقی دەکەوێ. ئەو مەلایە لە ڕەوازندزیش دابنیشێ! ئەمە چ لۆژیکێکە ئەو ئەفسانەی قەبوڵ بێ؟! نەك مەلای خەتێ بەڵکو هیچ کەسێ لەدەست و پێوەندەکانی جورئەتی ئەوەیان نەکردووە شتی ئەوها بەمیر بڵێن. ماکدۆل لە The modern History of the kurds ڕێك لە شوێنی مەلای خەتێ ناوی "ریچارد ود" دێنێ. ماکدۆل دەنووسێ ئەو جاسوسەی بەریتانیا توانی میر محمد ڕازی بکات شەڕی ئۆسمانییەکان نەکات، بەمەش سەری پارێزراو دەبێ. نووسەرە قەومییەکانمان بەبێ بەڵگە "مەلای خەتێ" تاوانبار دەکەن، کەچی لەراستیدا ماکدۆلێکی مێژوونووس بە بەڵگەوە باس لەوە دەکات کە ریچارد ود میری ڕازی کردووە دەستبەرداری شەڕ بێت. چونکە بەریتانیا تاراتەیەك داکۆکی لە ئۆسمانی دەکرد، تا پارچەپارچە نەبێت و لەدەستی دەرنەچێت، لەو ڕووەوە ڕێی لە (محمد عەلی پاشا)ش گرت کە لەشام بکشێتەوە میسر، هەمان کرداریشی لەدژی روسیا کرد، بۆیە بەریتانیا

ویستویەتی راستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆ بەرپێنە بداتە بەر ئەو دووهێزە.

لەلایەکی تر هەندێکی تر هەر بەبێ بەڵگە باس لەوە دەکەن کە لەوانەیە مەلا خەتێ بۆ بەرژەوەندی میرنشینەکەو خەڵکەکەوە فەتوای لەو جۆرەی دابێ. وەك وتمان لە بنەڕەتدا هیچ فەتوایەك بوونی نییە. "مەلای خەتێ"ش زاتێکی دیاری سەردەمی خۆی بووە، بەڵام نەیتوانیوە کار لە میر بکات کە بڕێك لێبوردە بێ و بە ئاشتی چارەسەری ململانێیەکانی لەگەڵ نەیارەکانی بکات. ئێمە دەزانین کە میر شەڕی بادینان و بابانی کردووە. جا چۆن مەلای خەتێ هیچ فەتوایەکی لەسەر "شەڕی کورد -کورد"ەوە نەداوە و لەسەر شەڕی "کورد-ئوسمانی"یەوە داوە؟! ئەمەو ئەگەر فەتوایەکی وا لە ئارادا بووایە چۆن مەلای خەتێ جورئەتی ئەوەی دەکرد لە کوردستان بمێنێ و لە تیرۆری دەست و پێوەندەکانی میر رزگاری بێ..

بەکورتی ئەو فەتوایە کە ناونراوە بە فەتوای مەلای خەتێ تەنها لە واهیمەو عەقڵی و نەخۆشی هەندێ نووسەرەوە بوونی هەیە، ئەگەرنا ئەوە "ریچارد ود"ە تەلقینی میری داوە کە شەڕی دەوڵەت نەکات.

لە سەدەی بیستەمیش، تەوقەنەکردنی شێخ مەحمود لەگەڵ ئینگلیز بۆتە بنێشتێکی تری هەندێ نووسەر و هەر دەیجوونەوە. ئەگەر شێخ تەوقەی بکردبا ئێستا کورد دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی

دەبوو! برادەرێکی دکتۆرم هەیە زۆرجار کە هەندێ شتی نامـاقووڵ دەبینێ دەڵێ: بژی تەخەلوف!! بەڕاستی ئەمە تەخەلوفە!

ئـەوەی یاداشـتەکانی رەفیـق حیلمـی و "چـیم دی"ی ئەحمـەد خواجەی خوێندبێتەوە، بۆی دەردەکەوێ کە ئەو تۆمەتـە چـەند لـە راسـتییەوە دوورە. ئـەو بـرادەرە ئینگلیـز دۆسـتانە لـە ئینگلیـز ئینگلیزترن، ئەگەرنا دەبێ چاك بـزانن کـە بـەر لـەوەی ئینگلیـز هـەموو عێـراق بـەو کوردستانیـشەوە بگـرێ لـە سـاڵی ١٩١٦ بەگوێرەی رێککەوتننامەی سایکس-پیکۆ باشوری کوردستانی بـۆ فەرەنـسا دانرابـوو، بـەڵام پاشـان لەسـان ریمـۆ (لۆئیـد) تـوانی (کلیمانسۆ) رازی بکات دەستبەرداری باشوری کوردسـتان بـێ بـۆ ئینگلیز!!

لەلایەکی تر شێخ نەك هەر ئامادەی تەوقـەکردن بـووە، بـەڵکو بەرلەوەی ئینگلیز تەواو "کـەرکوك"یـش کـۆنترۆل بکـات، شـێخ نامەی بۆ سەرانی ئینگلیز ناردووەو هەتا سەربازە تورکەکانیشی لە سلێمانی دەستبەسەر کردووە لە بەرامبەریش ئیتیحادیەکان سـزای مەرگیان بۆ دانابوو!!

وێڕای ئەوەش هـەموو دەزانـین "لیـنین" سـەرۆکی دەوڵـەتێکی "سۆشیالیستی" بووە کە تەواو دژ بە ئایینی شێخ مـەحمود بـووە، کەچی شێخ سێ نامەی بـۆ "لیـنین"یـش نـاردووە، کـە بـەهانای کوردەوە بێت، کە ئاکام "لینین" نەك هەر بە هانای نامەکانی شێخ

نەهاتووە، کەچی بەڕەسمی دانی بە دەوڵەتی تورکیای کەمالی ناوەر پاڵپشتی ماددی و عەسکەریشی کردوون!

ئنجا وەزیری دارایی (شێخ مەحمود) کەریمی عەلەکە بوو، کە مەسیحی بووە، ئیتر مانای تەوقە چی دەمێنێ؟

جا با شێواندنی مێژوومان بەس بێ، ئەو زاتانە سیاسەتمەداری سەردەمی خۆیان بوون، زۆریان بۆ کورد کرد، ستەمە پاداشتیان بە "خیانەت!" بدرێتەوە. هەروەها دەبێ ئەوەش بزانین ئەوەی تۆمەتی خیانەت دەداتە پاڵ یەکێك بەبێ بەڵگە، ئەوەی هەر خۆی بەشێك لەو خیانەتەی بەردەکەوێ. ❑

١ + ١ = ١

خوێندنەوەیەك بۆ ناسیۆنالیزمی کوردی

هەتا ئاغا هەبوو، بەشی جوتیار تەنیا سەپانی بوو! لە کۆمەڵگای دەرەبەگیدا بەگ و ئاغا و کێخوا هەموو شتێ بوون. غەیری ئەوان هەر بە هی ئەوان حسێب بوون بەجۆرێ لە هەندێ دەڤەر بە غەیری خۆیان دەگوت (کرمانجەکانمان). بەواتای هەروەك چۆن زەوی و زار و مەڕ و ماڵات و ڕەشەوڵاغ موڵکی ئەوان بوون، کرمانجەکانیش بەشێك بوون لە موڵکی ئەوان!

ئەوان ئاغا بوون! لە زەمەنێك دەژیان کرمانجەکان نەیاندەزانی لەشاری چ باسە، بۆیە ئەوەی پێی دەوترێ (ئەویتر the other) لە فەرهەنگی هیچ ئاغایەکدا نەبوو.

ئەوەی ئێمە دەمانەوێ گەنگەشەی لەسەر بکەین، هەمان دیاردەیە لە زەمەنێکی تردا، بەقەولی خۆیان لە کۆمەڵگەیەکی تردا. لە زەمەنی ئاغادا، (ئاغا + کرمانج) هەر ئاغا دەردەچوو، چونکە ئەویتر وەك گوتمان تەنیا بەشێك بوو لە مومتەلەکاتی ئاغا!!

دەبێ لە زەمەنی "عەولەمە"دا، کە زۆربەی شتەکان لەنێو یەکدا دەتوێننەوە. ئەوەی پیرۆزیشە خەریکە بە "ناپیرۆز" دەکرێ،،

بۆ ئەوەی "بەرەی پیرۆز" و "بەرەی ناپیرۆز" نەمێنێ!! تا لەم گێژەنەدا دەسەڵاتی کوردی غەیری خۆی چۆن دەخوێنێتەوە؟!

هیچ کەسێ نکوڵی لەوە ناکات کە دەسەڵاتی کوردی بانگەشەی "عەلمانیەت" دەکات و هەوڵ دەدات -بەقەولی خۆی- وڵات بەرەو ڕۆژئاوا بەرێت. ئەوەی ئێستا وا لە عەلمانیەت گەیشتووە کە دەستور چۆن بۆ مەلیکە ئاواش بۆ فەرمانبەرێکە. لەڕێگای پرۆسەی هەڵبژاردنەوە کورسی دەسەڵات بەرپەرێ گیانی وەرزشییەوە بۆ "ئەویتر" چۆڵ دەکرێ.

لێرەدا پرسیارێك خۆی دەسەپێنێت، دەبێ ڕۆژئاوا هەر بە فیترە ئاوا گیانی لێبوردنیان لەگەڵ یەکتر هەبووبێ؟! دەبێ "مەسیحیەت" فاکتەری خولقێنەری ئەو دیاردە حەزاری و مرۆڤدۆستییە بێت؟

بە کورتی ئەو ڕۆژئاوایەی ئەمڕۆ لافی مرۆڤدۆستی لێدەدات، گەورەترین دڕندەی سەرزەوی بوونە، هەتا پێیان کراوە لە یەکتریان کوشتووە، هیچ گەلێکی ئەورووپی مێژووێکی کۆنی پۆزەتیڤی نییە. ئەو مەسیحیەتەی ئێستاش نەك هەر فاکتەری پۆزەتیڤ نەبووە، بەڵکو فاکتەرێکی بەکۆیلەکردنی عەقڵی مرۆڤی ڕۆژئاوا بووە. ئێستاشی لەگەڵدابێ پرۆستانیەك کاسۆلیکێکی قەبووڵ نییە!

ئەوان لە کوشتن و فەرهود و پاتاڵ بێزار بوون، تێر بوون ئەوجا لەنێو خۆیان- دەستبەرداری بوون! ئەو ئەمریکایەی ئەمڕۆ زلهێزترین هێزە لەسەر زەویدا، هەتا بڵێی مێژوویکی ڕەشی نائینسانی هەیە. لەنێو خۆیان دیموکراسین، لە دەرەوە هەژموونی فیرعەونیانەی خۆیان بەسەر غەیری خۆیان دەسەپێنن.

ئا لێرەوە هەندێ جاران کە بەگژ فکران ڕادەچم وەهمێکم لەلا دروست دەبێ، کە بۆچی دەسەڵاتی کوردی جارێ ناتوانن غەیری خۆی قەبووڵ بکات؟! بۆچی دەستبەرداری شەڕی رکابەری خۆی نابێ. بێگومان دروستکردنی کۆمەڵگایەکی مەدەنی لە "چاولێکردنەوەیەکی نەزەری"دا بەرقەرار نابێ، بەڵکو وەك مارکسیەکان دەڵێن حەتمیەتی مێژوویی وادەخوازێ کۆمەڵ و عەقڵی مرۆڤ قۆناغەکان ببڕێ!! دەبێ دوو قەرن بەس نەبێ لە کوشتنی یەکتر و قبوڵ نەکردنی یەکتردا مارکسیەکان زەنیان وابوو کە نابێ دوو حیزبی شیوعی لە وڵاتێکدا هەبێ، ئەگەر هەبوو دەبێ یەکێکی "زۆڵ" بێ، هەروەها میەکانی کوردیش لە رابردوودا هەر بەو "ڕێسا!"یە بەڕێوە دەچوون. هەرچەندە خۆی بە "ڕەسەن" و ئەویتری بە "ناڕەسەن" دەدیت.

لەسەر بەزمی کوردایەتیش هەتا شەکەت بوون، حیزبەکان کوردیان بەکوشتدا. لەمەشدا لەوانەیە ئەو حیزبانە هەر پەیڕەوی یەکێ لە رابەرانی مارکسیەتیان کردبێ کە دەیوت لەپێناو

سەرکەوتنی مارکسیەتدا لام ئاساییە ئەگەر یەك لەسەر چواری بەشەریەت لەناو بچێ!!

ئەوانی ئێمەش وەك رۆژئاوا خەریکە لە یەکتر کوشتن بێزار دەبن.. ئەگەر بێزاریش نەبن بەرژەوەندی هاوبەش واخەریکە لەبەرەیەکدا کۆیان دەکاتەوە. کۆبوونەوەی دژەکان لەبەرەیەکدا ئەمرۆ بۆتە حاڵەتێکی تەندروست و سروشتی.

لە فلمێکی ئەمریکیدا، کارەکتەرێکی فلمەکە دەڵێ: ئەمە دنیایە باپیرانمان شانازیان بەوە دەکرد کە ڕاوە هیندیان دەکرد، ئەمرۆش لەشەڕی دووەمی جیهانی هیندیەکان لەسوپای ئێمەدان شەڕی یابانیەکان دەکەن.. کێ دەڵێ بەیانیش نەوەکانمان لەگەڵ یابانیەکان لە سوپایەکدا نابن شەڕی دوژمنێکی هاوبەش ناکەن؟!

خۆ ئەمرۆ ئەمە ڕوویداوە!!

ئەو هەموو ململانێیە ژێدەرەکەی قەولێکی شەیتانیە "انا خیر منه" یان فیرعەون گوتەنی "انا ربکم الاعلی"یە.. دەبێ بتوانن دەستبەرداری ئەو خێو و خووە بن؟! با وەڵام تەنیا لای ئەو کەسانە بێ کە لە ماهیەتی مشکلەکان دەگەن!

خاڵێکی تری گرنگی ئەم بابەتە ئەوەیە: دەبێ کۆمەڵگەی مەدەنی چی بێ؟ دەبێ مەدەنیەت پەیوەست بەچی بێ؟

لە ڕۆژئاوا تارادەیەك مرۆڤ هەست بەوە دەکات کە هەندێ مافی هەیە، جا ئەو مافانە چ مافی مەدەنی بن یان سیاسی. ئەوان

بەجۆرێك لە مەدەنیـــەت دەگـەن کـە زۆر جیایـە لــە مەدەنیــەتی مەملەکەتی ئێمە. ئەوەی گرنگە عەقڵ مەدەنی بێت نەك جەستە و پۆشاکی مرۆڤ. کە عەقڵ مەدەنی بوو زۆربەی شتەکان پارســەنگی خۆیان وەردەگرن. کـەم هەڵدەکـەوێ شـتەکان لـە سـنوری خۆیــان دەربچن. زۆر گرنگە عــەقڵ ئاراســتەی دەســەڵات بکــات، چـونکە لەکۆندا دەسەڵاتداران هەردەم لەبــەر قــاپی عەقڵـداران دا بــوون، ئێـستاش لە هەندێ وڵاتی ئەوروپادا ئەو دیاردەیـە هەیـە، هەرکـە دەسەڵاتدار لە سـنوری دەسـەڵاتی خـۆی دەرچـوو، بـەزەبری یاسـا دەیهێننــەوە ســەر خــەت! ئەوەتــە لــە بــەریتانیا تــەواو یاســاکەی عومەری کوڕی خەتاب، کە دەیوت "مــن ایــن لــك هــژا" پــەیڕەو دەکەن. بلێر ناتوانێ بــە ئیـشی ڕەسمـی وڵات هەڤژینەکـەی خـۆی لەگەڵ خۆی لەسەر حسابی بودجەی وڵات بیات!

لەلای ئێمە ئەوەی بەناو لەسەر دینی عومەری کـوڕی خەتابـە، نەك هەڤژینەکەی، بەڵکو ئابا و ئەژدادیشی بە "مــوڵکی کــورد" تێرکردووە!

وەك وتمان لە ئەوروپا کۆمەڵگەی مەدەنی هەیە "بەشێکی" ئەو کۆمەڵگەیە عەقلێکی مەعریفی و مەدەنی دروست کردووە، بــەڵام چونکە "عەقلێکی سیاسی" ئاراستەی دەکات، خەریکە لەناو ئەو کۆمەڵگەیەی مرۆڤدا، مرۆڤ ون دەبــێ. لــەوێ ڕاســتگۆیی، یــەکتر قــەبولکردن، ئینتمــا بــۆ دامودەزگــای کــار و وڵات و خەیانــەت

نـەکردن، لەسـیما دیارەکـانی کـاری هـەر تـاکێکی ڕەوشـەنبیری ئەورووپییە. دەبوو ئەوانە هەموو لە کۆمەڵگەی ئێمەبوونی هەبوایە، چونکە دینی ئێمە زۆر جەخت لەسـەر ئـەو بنـەما و شەنگستانە دەکات.

بوونی پەرلەمان و حکومەت و زانکۆ و کـۆڕی زانیـاری و دام و دەزگای مەعریفی و مەدەنی تر لە وڵاتدا ئەوە ناگەیەنێ کـە ئێمـە کۆمەڵگەیەکی مەدەنیمان هەس، چونکە هـەموو ئەمانـە ئەگـەر تەواو دەسـکردی حیـزبیش نـەبن، حیـزب بـەڕێوەیان دەبـات. زۆر دەگمـــەنیش هەڵدەکـــەوێ عـــەقڵێکی مـــەعریفی، ئینـــسانی مرۆڤدۆستانە دەسەڵاتێکی ئەوتۆی لەو دامودەزگایانە هەبێت!

مـەدەنیـەت و مرۆڤدۆسـتی لـە عەقڵدایـە نـەك لـە جەسـتەو جلوبەرگ. هەروەها زۆرانێك هەن باوەڕیان وایە کە چەند کۆمەڵگە ئـافرەتی ڕووت یـان نیـوەڕووت بـێ، ئەوەنـدە مەدەنییـە! ئەگـەر مەدەنیەت ئەمە بوایە ئەوە بێگومان کۆمەڵگەی پێش مێـژوو لـە هەموو کۆمەڵگەیەکی تر مەدەنیەتی تر بوون.

لە هەموو وڵاتانی عەرەبیدا بەدەگمەن سـەرکردەیەك دەدۆزیـەوە کار بۆ "یـەکێتی عـەرەبی" بکـات، کەچـی هـیچ کامیـان نیـە چەندەها وتەی ئاگرینی بۆ کۆمەڵە ساویلکەکەی نەبێ لەوبارەیەوە. ئـەوە سـەدەیەك تـەواوبوو کەچـی دەسـەڵاتدارانی عـەرەب نـەك نەیانتوانی ئەو یەکێتیە لەسەر زەوی دروست بکەن، بەڵکو ئـەوەی

هەشبوو نەمیشکی تاکی عەرەبیان سڕیبەوە، هۆی سەرەکیش ئەوەیە ئەرتە کەمی بەکەم لەسەر ناکەن، هەرچەکە هەوڵ دەدات هەر هەوی سەرزلەمین، ئیمپراتۆریەتی زۆر گەورەیتە لەبرچاویەوە گیران، موفووسە موزەکانی جەمال عەبدولناسر، حافز ئەسەد و سەددام، ئەمە مصری هێرومیژوی خۆی بە وڵاتانی عەرەبی دارا، کەچی هەزاران ئاثرت بە "ئەرکەلۆگیکی پێشداراپی" لەمیسی پێشەسازییەوە!

ئەوان ناتوانن عەددانی بن، چونکە عەقڵی ئەمەنیان سەیر دکن بەر هۆوان هەڵاتنەشی تاوەن ئەوانە هیچ زانیکیان هەبێ،

ئینەی کوردیش لەگەل عەرەبی، بەرێ روژئاوا کە [١٩٩١-٢٠٠٢] ر ئەویش ئاکی روژئاوایش ئەزیر ئەو سیبەرەدا بەئاسایی و تەبایی دەژین و یەکتر قەبوڵکردنیش لە سیما دیارەکانی ئەو کومەڵگایەن یان لە پەرەی وڵاتانی عەرەبین. کە تا عەلمانی ئین و تا لەسەرێ ئیسلامین، پەرلەکی میزگەتی دەسەڵاتەکەیان لە چەشنی مجبور تاهێنا، چینی هەمووی لێ دەبیتەوە. فەیری ئەوە ئەبێ کە تابیری بتە بەهشتیک لەم جیهانە بوشانە!؟ □

١ + ١ = ١

خوێندنەوەیەك بۆ وتارێكی فەهمی هوەیدی

من خۆم چاوەڕێم نەدەكرد نووسەرێكی وەك فەهمی هوەیدی وەك عـەرەبێكی ناسیونالیـست بیر بكاتـەوە. هوەیـدی یـەكێ لـەو نووسەرانەیە لە زۆر نووسیندا داكۆكی لە كورد و مەسەلەی كورد كردووە، بـەڵام داگیركردنـی عێـراق و ڕووخـانی ڕژێمـی عـەرەبی عێراقی ئەویشی تەنگەتاو كردووە وەك عـەرەبێكی ناسیۆنالیـست بیربكاتەوەك نەك وەك بیرمەندێكی ئیسلامی.

هەرسێ مەسەلەی : ١- گێڕانەوەی كوركـوك بـۆ كوردسـتان، ٢-مانەوەی میلیشیای پێشمەرگە وەك سوپایەكی تایبەتی كـورد، ٣-شێوازی فیدراڵیزم بۆ سێ پارێزگا كوردییەكە تەوەرەی سـەرەكی وتارێكی هوەیدین بەناونیشانی "كوردەكانی عێراق یاری بـە ئـاگر دەكەن".

من بەو ڕایەی هوەیدی مەنـدەهۆش بـووم، چـونكە ئـەو چـاك دەزانێ تا كوێ كوردستانە؟ ئـەو چـاك دەزانـێ هەرسـێ نەتـەوەی هاوسێی كورد بەناوی دین چەند بەرامبەر كورد "بێدین" بوونـە! دەبێ "كورد" بۆچی ئەمەریكای پێ قەبووڵ بـێ؟! یـەقینم ئەگـەر كورد لە برایەكانی ئەمین بوایە جارێكی تر هاوپـەیمانێتی لەگـەڵ

ئەمریکا بەتایبەتی رۆژئـاوا بەگـشتی نـەدەکرد، چـونکە رۆژئـاوا فاکتەرێکی سەرەکی نەبوونی دەوڵەتێکی کوردی بووە لـە سـەدەی نۆزدەهەم و بیستەمدا!

هوەیدی گەڕانـەوەی خـەڵکی رەسـەنی کـەرکوکی بـۆ دەڤـەری کەرکوك "بە پرۆسـەی دەسـت بەسـەراگرتنی کـەرکوك" تێـدەگا دەرکردنی عەرەبی هاوردە بە "راگـوێزانی هاووڵاتیـانی عـەرەب و دەست بەسەر ماڵ و موڵکیان" تێدەگا.

جا ئەگەر ئەمە رای دۆستێکی دوێنێی کورد بێ، دەبـێ دوژمـن چ رایەکی هەبێت؟

کورد لە تـەواوی سـەدەی بیـستەمدا شـەڕی کـەرکوکی بـووە لەپێناوی کەرکووکدا بە هەزاران رۆڵـەی بـە قوربـانی ئـەو شـارە کوردییە کردووە. جا لەپاش رووخانی فاکتەری مانەوەی کـەرکوك بە عەرەبی دەبوو ئەو عەرەبانەی بەنانی کورد گەیشتنەوە دەسەڵات، بەبێ کێشە و ئاریشە، ئەو شارە بەکورد بدەنـەوەو ئیـسپات بکـەن ئەوانیش "سەدامی" نین! عەقڵ مەدەنی ین و باوەڕیان بە "غەیری خۆیان" هەیە! بەڵام مەحاڵە عەقڵییەت بگـۆڕدرێ: عـەرەبی ئـەم سەردەمە باوەڕی بە غەیری خۆی نییە و هەر دەیەوێ خۆی هـەموو شتێ بێ و غەیری خۆی نۆکەر و مەوالی بێ!

جا هوەیدی خـۆت وەك مـن دەزانـی کـەرکووك نـەك شـارێکی کوردستانییە بەڵکو کوردییە، بەڵام ڕەوشی سیاسی دەڤەرەکـە ئـەم

حەقیقەتە تاڵەی ئێستای بەسەر ناوچەکەدا سەپاندووە. ئەگەر لای تۆ گەڕانەوەی کەرکوك بۆ کوردستان یاری کردن بە ئاگر بێت، بێگومان من دەرنەکردنی عەرەبی هاوردە لە ناوچەکەدا بە فاکتەری مانەوەی حاڵەتی زەوتکاری لەلایەك، باری ناسەقامگیری لەلایەکی تر تێدەگەم. لەو نێوەش نەوە لەدوای نەوەی کورد و عەرەب باجی ئەو ملهوڕیەی عەقڵییەتی عەرەبی دەدەن!

چ کوردێك لەگەڵ ئەوەیە ئالا سێ ئەستێرەکەی بەعس لەسەر کوردستان بشەکێتەوە؟ نازانم تۆ چۆن لەو ئالایە دەگەی؟ کەی ئەمە ئالای عێراقە؟ ئایا هێماکانی سەر ئەو ئالایە تەواو هەڤدژ نین لەگەڵ بیروباوەڕی بیرمەندێکی وەك تۆ؟! بۆچی هەرێمی کوردی تایبەتمەندی خۆی نەبێ؟ کەی دین ڕێ لەو مافە دەگرێ؟ لەژێر ئەو ئالایەدا بە هەزاران کورد و عەرەب بوونە قوربانی.. بە هەزاران مزگەوتی ماڵی خوا خاپوور کراون.. کەی ڕەوای هەقە ئەو ئالایە و هەڵگرانی ئەو ئالایە جارێکی تر لەو وڵاتە بژین؟

بۆچی پێشمەرگە نەمێنێ.. بۆچی سوپای نوێی عێراق لە کوردستان هەبێت؟ ئەوان لە کورد باشتر هەرێمەکە لە هەڕەشەکانی تورکیا و ئێران و سوریا دەپارێزن؟ ئەگەر بۆ داگیرکردن نەبێت دەبێ بۆچی پێویست بێ سوپای عێراق لە کوردستان هەبێت؟

ئەگەر سوپای لوبنان لە باشوری لوبنان بووایە، هیچ عەرەبێکی

ویران لە ماڵی خۆی ئەمنی دەبوو؟! حەوتا ساڵ سوتانی عیراقی لە کوردستان بوو. لە هەمووی گرتن و بڕین و ناموس بەڵدی کورد چنین کردووە؟!

هەروەها مەسەلەی پێشمەرگەیە. ئەگەر ئاوارەکە و هێناکە بەهێزی شەڕی لەگەڵ ئاوارەی پێشتر خۆی ئیتاڵی کردووە، پێشمەرگە پێشمەرگەی حزبە ئیسلامییەکان لەسەر وڵات. سەلام چیرۆکی مەسەلەی کوردی لە مەسەلەکی عەرەبی ئەمنی نییە و ئەمەیە مەسەلەکە لەلای عێراقی کورد هیچکەی مەسەلە نییە. بۆیە لێرە لەترسی گیان و ناموسی خۆیەی دەسەڵاتی عەرەبی و سوپای عێراقی عەرەبیەوە چی هەموو شاگردی سەدام و بەعسی چەند تەرجەمەکانی بەشێکی "عروبە" گۆڕش کردووە، چا ئەو حزانە ئەمان هەموو حزبێکی ئیسلامی دەبێ هەموو بە عەقلییەتی عروبە مامەڵە لەگەڵ قەزیەی خۆیان دەکەن، کێ گەرەنتی ئەوە دەدات جارێکی تر سەدات گیەدانی هەسکەری بەناوی دین یاخود دیموکراسی بەسەر کورد و کوردستان نامەیەتی؟ بەگوێرەی ئەوەی لە "عروبە" مارالکنار بوێتە، چونکە شاگردی عەرەبیە بە عەقڵیەتی سەدام و سزاکانی خۆی بانەمەورستینەوە. ئەتوانی ئەو عەقڵیەتە تیرۆریستییە بۆرگاری بێت لە جوێن و گەڵتەکەی لە دژی دەستکێنی!

هەروەها لە بەشێکی رێنماییەکەیدا دوو جارهەمەر لەبەردا کورد داتی: ئایەتێکیان جارەسەریکی نموونەییە هاتی بەرنامەی

چارەنووسی بۆ کورد فەراهەم دێنێ و دەوڵەتی سەربەخۆیی بۆ کورد دادەمەزرێنێ و ئەو کیانەی لە ئاکامی شەڕی یەکەمی جیهانی لە یەکهەڵوەشاوە بۆی دەگەڕێنێتەوە. بەڕای هەوەیدی ئەو چارەسەرە ئاگر لە هەموو ناوچەکە بەردەدات و دەبێتە کارەسات بۆ کورد و لەوانەیە کورد زۆرترین زیانی بەربکەوێت.

بێگومان هەتا عەرەب بەو عەقڵیەتە بیر بکاتەوە، کە بەشێك لە کورد پاشکۆیەتی، ناوچەکە لە نەزیف بوونێکی بەردەوام دەبێت و ڕۆژئاوا بەگشتی و ئەمەریکا بەتایبەتی شوێن پێی لە ناوچەکەدا مکومتر دەکات. بەشێوازێکی تر، بەپێچەوانەی هوەدییەوە دەڵێم ئەگەر عەرەب غەیری خۆی پێ قەبووڵ بێ واز لە عەقڵییەتی فیرعەونیی بێنێ، نەیارە کلاسیکیەکانی خۆی، بە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی دەڕووخێنێ. نازانم بۆچی عێراق بۆ سێ هەرێمی کوردی-سوننی- شیعی دابەش نەکرێ! تاکەی لاوی کورد و عەرەب ببنە خۆراکی عەقڵیەتێکی دواکەوتووی عەقڵیەتی عەرەبی، کە نە ئیسلامیە و نە غەربی!

چارەسەری دووەم بریتییە لە مانەوە لە چوارچێوەی عێراق دابینکردنی حوکمی زاتی و پاراستنی تایبەتمەندی و ڕەگەزی کوردی.. هەتا هوەیدی خۆیشی ئەو چارەسەرە بە چارەسەرێکی ناقس دادەنێ. لەو بارەوەش پەنا بۆ بنەمایەکی مەنتیقی ئوسولی دەبا کە دەڵێ: "بە زەرەری کەم قایل بە بۆ ئەوەی لە زەرەری گەورە

دوور بکەویتەوە".

لە هوەیدی دەپرسم بۆچی ئەوها نەبێ "مەرگیان پیشان بدە بۆ ئەوە بە تا رازی بن" سەیرم بەو بیرکردنەوە دێ بۆچی چیکۆسلۆڤاکیا کە هەم "غەیرە دین" هەم "بێ-دین" بوون بێ کێشە بوونە دوو دەوڵەت! بۆچی ئەگەر کورد داوای "فیدراڵی" نەك "دەوڵەت" بکات دەبێ قایل بێ، ئەگەرنا خراپتری بەسەر دێ. بۆ عەرەب دەوڵەتی هەبێ، کورد نەیبێ. پێغەمبەر(د.خ) نافەرموێ: ئیمانت تەواو نابێ ئەگەر چت بۆ خۆت پێ خۆشە بۆ براکەشت پێ خۆش نەبێ"؟!

فیدراڵی کوردی بەشێکی تری وتارەکەی هوەیدییە. کورد لەگەڵ ئەوەدایە کە شێوازی فیدراڵییەکەی جیاواز بێت و هەموو کوردستانی بگرێتەوە. هەرچەندە لە دەستووری کاتی عێراق کە ناسراوە بە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت، ئاوا لە فیدراڵییەت نەدراوە. دەسەڵاتی کوردی تاکە دەسەڵاتە لە هەموو عێراق کە ئیدارە و یاسا و سوپای هەبێت، کەچی هەر ئەو دەسەڵاتە نەیهێشت عێراق دابەش بێت. خۆ ئەگەر هەر لەگەڵ رزگارکردنی کەرکووك کورد یەك ڕاو یەك ئاڵا بوایە ئێستا عەرەبێکی هاوردە لە کەرکووك نەدەما و فیدراڵی کوردی هەرچوار شاری دەگرتەوە نەك تەنیا سێ شار! مەسەلەی عەرەبیێتی کەرکووکیش سنووری عێراقی نەدەبەزاند، بەڵام چ لەگەڵ دوو دەسەڵاتی کوردی دەکەی کەسێکی

وەك پلومر و عەلاوی پێیان بڵێ کەرکووك بدەینە کامەتان؟

لەکۆتاییش هوەیدی خەمی ئەوەیەتی کە بۆچی کۆمکاری عەرەبی لە بەرامبەر ئایندەی دەوڵەتی عێراق و یەك پارچەیی عێراق بێدەنگە و تەنها تورکیا لەسەر ئەو مەسەلەیە بەدەنگە؟

ئەرێ کۆمکاری عەرەبی بێجگە لە "دمیە"یەك کە بێجگە لە بێدەسەڵاتکردنی جەماوەری عەرەبی چیترە؟ چارەسەری چی بکات؟ عەرەب ئەگەر کۆمکاری عەرەبی بە مەرجەعیەتی خۆیان بزانن لەوە زەلیلتر دەبن! هەرچی تورکیایە، ئەو چاك دەزانێ: "کێنەدرێی دیشێ"! ئەو خەمی چارەشی عەرەبی عێراقی نییە، بەڵکو لەوە دەترسێ چارەنوسی وەك چارەنوسی سەدام و سەدامییەکانی رۆژهەڵات بێ! □

سەرنج: ئەو وتارەی هوەیدی لە رۆژنامەی "الشرق الأوسط" بڵاوکراوەتەوە، کوردییەکەش لە ژمارە (٥٣٠) گوڵان بڵاوبۆتەوە.

کورد له ئەفسانەی ناسیونالیزمی دا

که چاوێك به مێژوی کۆن و نوێ و هاوچەرخی کورد دادەگێرین، دەستبەجێ پرسیارێك خۆی دەسەپێنێت، ئایا کورد نەتەوەیە؟! ئەو پرسیارەش لەخۆڕا دروست نابێت، بەڵکو ئەو هەموو شێواندن و گچکۆڵە کردنی دەوری کورد له مێژوی ڕێنیسانس و شارستانی ئیسلامی و ئێرانی لەلایەك، نەبوونی کیانێکی سیاسی ـــ نەتەوەیی و پاشاگەردانیو فەشەل هێنانی شۆڕشەکانی کورد له هەر قۆناغێك له قۆناغەکانی دا بۆتە هۆی خولقاندنی ئەو پرسیارەو، کاریگەریەکی خراپی لەسەر سایکۆلۆژی، هەتا ئایدیۆلۆژی تاکی کورد بەجێهێشتووە!

دروستکردنی ئەو بارە ناکۆکە لەلای کوردان، شتێکی سروشتیيە، چونکه دوای داتەپین و هەرەس هێنانی دەوڵەتی (ماد)، ساسانیەکان هەوڵیان داوە نەك کوردان وەك کۆمەڵێك لەنێو خۆیاندا بتوێننەوە، بەڵکو هەتا دەستیان له فەرهەنگو ئایینی کوردیش وەرداوە! دوای هەردوو داگیرکردن و دابەشکردنەکەی تر بە تایبەتی بەرنامە ئیپمریالیيەکەی (سایکس بیکۆ) و (لۆزان) جارێکی تر کوردیان وەك نەتەوەیەك له بەردەم ڕمانێکی حەتمی سیاسی و ئاینی دانا، ئەو هەوڵە

ئیمپریالیه واتای ڕەتکردنەوەی قەوارەی سیاسی کورد و، هەروەها بە کۆڵۆنی کردنی نیشتمانەکەی بوو..

دروست بوونی چەند دەوڵەتێکی شۆڤێنی لە ناوچەکەدا و دابڕین و دابەشکردنی کوردستان بە سەریاندا مەسەلەی بوونی نەتەوەیی کوردی ئاڵۆزتر کرد، چونکە هەریەك لەو دەوڵەتانە هەم هاوسێ و هەم بەناو هاو ئایینی کورد بوون، هەروەها هەریەك لەم نەتەوانە پێشتر نەتەوەی باڵادەستی ئیمپراتۆرییەکانی ڕۆژهەڵات بووینە، جا ئەو نەتەوانە بەپێی پەیڕەوو پڕۆگرامێکی ئیستعماری، بوونی نەتەوەیی کوردیان نکوڵی لێ کردووە، جاری تواندنەوەی کوردیان بە پرۆسەیەکی سروشتی و خۆهیشتی غیبی داوە! وەك بڵێی کوردی بوون گوناهێکی گەورە بووبێت.. هەروەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد هەوڵی تواندنەوەی کورد بەشێوەیەکی دبلۆماسی هەر لەدوای دابەشکردنی جاری دووەم دەستی پێ کردووە. ئەو هەوڵە ئیستیعماریە ئایینی پیرۆزی کردۆتە دەسکەلای خۆی، بە حوکمی ئەوەی پێکهاتی کورد پێکهاتێکی ئایینی هەڵکەوتووە!

بەڵێ لەو سۆنگەوە تورکێك بە نێوی خواجە سەعدەدین ١٥٣٧ – ١٥٩٩ پەرتوکێکی بە نێوی (تاج التواریخ) نووسییەوە، ئەفسانەیەکی ئاین ئامێزی لە سەر تواندنەوەی هەستی کوردایەتی و ئایینی تێدا داتاشیوە شەرەفخانی بەدلیسیش لە پەرتووکە مێژوویەکەیدا (شەرەفنامە)، دەقی ئەو ئەفسانەیەی تۆمار

کردووە، وەکو دەڵێت گوایە: (پێغەمبەری ئیسلام دوعای لە کورد کردوە کە هیچ کاتێك یەك نەگرن، چونکە یەکبوونی کورد دەبێتە هۆی تێکدانی هەموو جیهان، هەر لەبەر ئەوەشە کە کورد لەوساکەوە تا ئێستاش نەیانتوانیوە دەوڵەتی مەزن و فەرمانڕەوایی گەورە دابمەزرێنن.[1]

ئەفسانەیەکی دی هارمەبەست لە کوردستانی باشووردا بڵاوە، ئەویش ئەوەیە: (کورد لەو فەرمانەن کە گوێڕایەڵی قسەی نەمروود بوون داریان کۆ کردۆتەوە بۆ سوتاندنی ئیبراهیم پێغەمبەر لە مەنجەنیقەکەی نەمردوودا، هەر لەبەر ئەوەشە خوا نەفرەتی لە کورد کردوە، دەبێت هەر بە ژێردەستەیی و پەرتەوازەیی بژین!).

ئەو هەوڵدان و کردن بە عەرەبەو خولقاندنی گیانی یاخی دژ بە ئاین لە یەککگرێدانی هەرلێکی کۆن و نوێیە. مەسعودی لە پەرتووکی(مروج الذهب) دا باسی نەژادی کورد ئەوەندە بە ڕق و قینەوە دەکا، مەگەر ئەو وەسفە هەر لەخۆی بێت، کە دەڵێت: کورد لە ئەجندە لاسار و بەدرەوشتەکانی حەزرەتی سلێمان وەپاش کەوتوون.[2]

خەیروڵڵا تەلفاحی نووسەری (بەعسی ئیسلامی!) دەڵێت: (ئەوی باوەڕ بەوە نەکات کە ڕەگەزی عەرەب لە هەموو ڕەگەزێکی دی بەرزترە: ئەوکەسە لە شعوبیە دەمار پیسەکانەو،

کردووه، وەکو دەڵێت گوایە: (پێغەمبەری ئیسلام دوعای لە کورد کردوە کە هیچ کاتێك یەك نەگرن، چونکە یەکبوونی کورد دەبێتە هۆی تێکدانی هەموو جیهان، هەر لەبەر ئەوەشە کە کورد لەوساکەوە تا ئێستاش نەیانتوانیوە دەوڵەتی مەزن و فەرمانڕەوایی گەورە دابمەزرێنن.[1]

ئەفسانەیەکی دی هاومەبەست لە کوردستانی باشووردا بڵاوە، ئەویش ئەوەیە: (کورد لەو قەومانەن کە گوێڕایەڵی قسەی نەمروود بوون داریان کۆ کردۆتەوە بۆ سوتاندنی ئیبراهیم پێغەمبەر لە مەنجەنیقەکەی نەمرددوددا، هەر لەبەر ئەوەشە خوا نەفرەتی لە کورد کردوە، دەبێت هەر بە ژێردەستەیی و پەرتەوازەیی بژین!).

ئەو هەوڵدان و کردن بە عەرەبەو خولقاندنی گیانی یاخی دژ بە ئاین لە یەککگرێدانی هەرڵێکی کۆن و نوێیە. مەسعودی لە پەرتووکی(مروج الزهب) دا باسی نەژادی کورد ئەوەندە بە ڕق و قینەوە دەکا، مەگەر ئەو وەسفە هەر لەخۆی بێت، کە دەڵێت: کورد لە ئەجندە لاسار و بەدرەوشتەکانی حەزرەتی سلێمان وەپاش کەوتوون.[2]

خەیروڵڵا تەلفاحی نووسەری (بەعسی ئیسلامی!) دەڵێت: (ئەوی باوەڕ بەوە نەکات کە ڕەگەزی عەرەب لە هەموو ڕەگەزێکی دی بەرزترە: ئەوکەسە لە شعوبیە دەمار پیسەکانەو،

شعوبیەکانیش نەویترین بەندەی خودێن.[3]

لە سوریای بەعسی شۆفێنیشدا هەمان بیرو بۆچوونی دەمارگیری ڕەگەزپەرستی لە قوولکردنەوە و دوورخستنەوەی ئیسلام و کورد لە ئارادایە. (مونزیر ئەلموسلی) ئەندامی بەرزی دامودەزگای بەعسی سووری لە چاپی یەکەم ١٩٨٦ و دووەمی ١٩٩١ لە پەرتووکی (عرب واكراد رؤية عربية للقضية الكردية) ئەفسانەیەکی دی دەستکردی واهیمەی بەعسی عەرەبی لە (ل٢٩٩-٣٠٠) پەرتووکەکەیدا تۆمار دەکات: (ان الله وزع اللغات علي شعوب الارض فلم يبقى شعب الا وحظي بلغة اختص بها الا الشعب الكردي، واذ حار الاكراد في الامر فانهم توجهوا الى الله يشكون اليه حظهم السئ ويطلبون لانفسهم لغة خاصة بهم، فأجابهم الله بأنه لم يبق في السماء من اللغات فائضة، مشيرا عليهم ان ينتقوا من كل لغة ما يشتهون و يرغبون.. وهكذا كان، لذلك جاءت لغتهم خليطا وعديدا من اللهجات) بەو شێوەیە داگیرکەران، دیماگۆجی خۆیان لە بەرژەوەندی نەتەوەیی خۆیان دژ بە ئیسلام و کورد بڵاودەکەنەوە، دەیانەوێ شوێنەواری داگیرکردنی کوردستان و داگیرکردنی فیکری و سیاسی و رۆشنبیریشی بخەنە پاڵ....

لە کوردستانی رۆژهەڵاتیش بە نێوی هاو ڕەگەزی و ئایینی هێرشێکی فرەگەورە و شاراوە لە ئارادابوو.

ڕەزاشای پەهلەوی کە لە بیستەکانەوە کۆتایی بە فەرمانڕەوایی

قاجاری هێنا، دەستی کرد بە بەفارسی کردنی مێژوو و فەرهەنگی گەلانی ئاری غەیرە فارسی، ئەو هەوڵە لـە ڕووی دەرەوە شـاراوەیە. بەڵام لە ناوەوە زۆر زەق و بەرچاوە، ئەو کـە دەیـووت (ئێـران) لـە ناوەوە مەبەستی پێی نەتەوەیی (فارس) بوو. بەڵام لە دەرەوە وشەکە واتای (وڵاتـی ئـاری یـان) دەگەیـەنێت! دەسـەڵاتدارانی ئێـستاش هەمان بەرنامە پەیڕەو دەکەن بەوەی بەهیچ جۆرێك ناهێڵن خوێندن لە هیچ قۆناغێك لە قۆناغەکانی خوێندن لە کوردستان بە کوردی بێت هەتا لە هەشـتاکان (جیهـاد) یـان فـەرزکرد لەسـەر کـورد هەروەك چـۆن سـەدام هێرشـی بـە کۆمـەڵ کوشـتنی ١٩٨٨ بـە (ئەنفال) ناودەبرد! ئەو هەوڵانەش نکۆڵی کردن و تواندنەوەی بوونی کورد و زراندنی بیری ئایین تا ڕادەیەك دەوری خۆی بینیوە و دروست بـوونی ئـەو هـەموو ڕێکخـراو و پارتـە سیاسـی یـە مارکـسی و دیموکراتی و ناسیۆنالیزمی یە گەواهی ئەو ڕاستیە ڕەهایە دەدەن.

ئەوان بە ناوی دینەوە دەدوێن، بە ناوی دین هەوڵ دەدەن (کوردی بوون) نەهێڵن و، فارسی، تورکی عەرەبی، بـوون بـە پرۆسـەیەکی غەیبی و خۆهێشتی دابنێن، جا بزانین هەڵوێستی ئـایینی ئیـسلام سەبارەت بەو مەسەلەیە چی دەڵێت؟! ئایـا کـورد ئەجندەیـە؟!یـا مرۆڤە بە پێی بەرنامەی خوا؟! ئایـا (کـوردی بـوون) گونـاهێکی غەیبی یە؟ ئایا نەبوونی قەوارەی سیاسـی کـورد و پاشـاگەردانی شۆڕشەکانی کورد، دوعای پێغەمبەر و نەفرەتی خوایی یە؟!

ئایدۆلۆژیا و بنەماکانی ئیسلام ڕوون و ئاشکران ، هەر بۆ نموونە سەبارەت بە یەکسانی ڕەگەزی مرۆڤ و فرەنەتەوە و گەل، خوای گەورە لە سورەتی (الحجرات)دا دەفەرموێ: ﴿ یاأیها الناس انا خلقناکم من ذکر وأنثی وجعلناکم شعوبا وقبائل لتعارفوا إن أکرمکم عندالله أتقاکم ﴾ لە سورەتی (الروم)یشدا دەفەرموێت: ﴿ومن آیاته خلق السموات والارض واختلاف ألسنتکم وألوانکم ان في ذلك لآیات للعالمین ﴾ بەر لە هەموو شتێك خوای گەورە نافەرموێت (ئەی عەرەب، تورك ، فارس، کورد..) بەڵکو دەفەرموێت: ئەی گەلۆ ــــ خەڵکینە ــــ وە نافەرموێت ئەوەی عەرەب نەبێت لە ڕەگەزێکی نزمترە ! بەڵکو دەفەرموێت (هەموو لە نێرو مێیەك وەپاش کەوتوون، ئەویش لە گڵ دروست بووە) بەرزی گروپێك بەسەر گروپێکی تر بە پێوەری قەومی و ڕەگەزپەرستی، هەروەك شۆفێنیەکان حسێبی بۆ دەکەن، حسێبی بۆ ناکرێت ، بەڵکو بەڕێزترین گەل و نەتەوە ئەوکەسانەن، کە ملکەچ و گوێڕایەڵی فەرمایشتەکانی خودێن.. لەوبارەیەشەوە پێغەمبەر (درودو سەلامی خوای لێبێ) لە (حجە الوداع) فەرموی: (هیچ عەرەبێك بۆی نی یە خۆی لە غەیرە عەرەبێك پێ باشتر بێت بە تەقوا نەبێت، هەروەها هیچ غەیرە عەرەبێکیش بۆی نی یە خۆی لە عەرەبێك پێ باشتر بێت بە تەقوا نەبێت).

لەو چەند ئایەت و فەرموودەیە دەفامرێتەوە، کە تواندنەوەی

کورد لە بۆتەی عەرەبێتی، تورکایەتی و، فارسێتی، پرۆسەیەکە دژ بە جەوهەری ئایینی ئیسلامە، هەروەك چۆن عەرەب بوون شتێکی سروشتیو خواکردەیە بە هەمان شێوە کوردبوون کارێکی سروشتی و خواکردەیە! داکۆکی کردن لەسەر ئەو مەسەلەیە نەك هەر گوناه نییە، بەڵکو کارێکی پیرۆز و بەجێیە، بەمەرجێك ئەو داکۆکی کردن و بەرگری کردنە کوێرانەو نامرۆڤانە نەبێت!

کەوابێت لە سۆنگەی ئیسلامەوە کورد وەك هەر نەتەوەیەکی دی نەتەوەیە و خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئەمەش حەقیقەتێکی دی بوونی خوایییە، ئەمڕۆش لە چەرخی تەکنەلۆژیاو مافی مرۆڤ و دیموکراسییەتدا چەند بنەمایەك دانراون وەك مەرجێك بۆ بە نەتەوەبوونی کۆمەڵێك!

با بزانین بە پێی ئەو بنەمایانە کورد نەتەوەیە؟ مافی نەتەوەیی خۆی هەیە؟ بۆی هەیە خۆی بڕیاری چارەنووسی خۆی بدات؟

دکتۆر (ستاروشنکۆ) لەو بارەیەوە دەنووسێت:

نەتەوە ئەو کۆمەڵە خەڵکانەن کە بە درێژایی مێژوو دروست بوون و جێگیر بوون، بنەماکانی نەتەوەش زمان و خاك و ئابووری هاوبەش و ژیانی سایکۆلۆژی هاوبەشن،[٣] زانای بولگاری (ئیڤانۆڤ) قوڵتر بە ڕەگ و ڕیشەی مەسەلەکەدا دەچێتەوە خواریّ و پێناسەیەکی تێرو تەسەلتر دادەڕێژێ و دەڵێت: (میللەت لە کۆمەڵە خەڵکێك پێکهاتووە کە خاوەنی یەك هەلس و کەوت بن،

چ له لەش و لار و، چ له بارەی دەروونیا، یەك نەریت بیانگرێتەوە و ئامانجیشیان یەك بێ.. ئەو ڕەگەزانەی کە هەڵس‌وکەوتی نەتەوەیەك پێك ئـەهێنن و ئـەیپارێزن ئەمانـەن: یـەکێتی ڕەگـەز، سـنووری جوگرافی، زمـان، ئـایین، وێـژە (ئـەدەب) کەلـەپوور، بیروبـاوەڕ و چۆنیەتی ژیان، یـەکێتی ڕامیـاری ، مێـژووی هاوبـەش هـەروەها هاوبەشی له ڕێڕەوی ڕۆشنبیری دا.(٥)

هەریـەك لـەم دوو پێناسـەیەدا مـەرجێکی بنـەڕەتی بـە نەتەوەبوونی کۆمەڵێك دەسەلمێنێ ئەویش هەستی خۆرسکی خۆ بە نەتەوەزانینە لە نێو تاکەکانی کۆمەڵ، دوایی کۆمەڵ خۆی.

هەر بۆ نموونە هەست بە کوردی کردن بڕبڕەی بـوونی نەتـەوەیی کورد دەسەلمێنێت، هەرکاتێکیش ئەو هەسـتە لـەنێو بـچێت ئـەو قەوارە و بوونە قەومیەش لەنێو دەچێت، بـەپێی بەڵگـە ئـایینی و بەرجەستەکان کورد نەتەوەیە و خاوەنی زێدی تایبـەتی خۆیـەتی و بەجۆرێك نیـشتمانەکەی بـە لانکـی مرۆڤایـەتی دووەم دادەنرێـت هەروەك قورئانی پیرۆز ئامـاژەی بـۆ کـردووە و بـە بەڵگـەش ئـەو ڕاستیە ئەمڕۆکە ڕوون بۆتـەوە! هـەروەها هـەر بـە دەقـی قورئـان کوردستان وڵاتێکی پیرۆزە وێڕای بە کۆلۆنی کردنی کوردستان کـە بۆتە هۆی دواکەوتنی کورد لـە بـواری سیاسـی و کۆمەڵایـەتی و ئابووری و ڕۆشنبیری بەرامبەر بە نەتەوە باڵادەست و داگیرکـەرانی، بەڵام داب و نـەریتی کوردانـە، مێـژووێکی تایبـەتی و زمـانێکی

زیندوو و ڕەسەن بەڵگەی بوونی ئەو نەتەوە ڕۆژهەڵاتیە دەگەیێنن.

هەر ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندێتی نەتەوەیی کوردە، فەلسەفە و تێڕوانینێکی جیاو تایبەت بە سروشت و پێکهاتی قەومی کوردی دروست کردووە، ئەگەر بێتو بەراوردێکی خێرا لەنێوان بیرو تێڕوانینی کورد لەگەڵ داگیرکەرانی بکەین، ئەو ڕاستیە زیاتر ڕوون دەبێتەوە. بە پێی تێڕوانینی کورد کە لە ئەزموونی چەند ساڵەی ژێر دەستەیی و پێکەوە ژیانی لەگەڵ عەرەب، تورك، فارس، فرچکی گرتووە و نەش و نمای کردووە، نەتەوە پەرستی عەرەب، تورك، فارس، هەست و بیرێکی دوورەگی و ئیستعماریە.

هەر یەك لەو نەتەوانە بەشێك لە خاکی کوردیان داگیر کردووە و، بە هی خۆیانی دەزانن، تواندنەوە و سڕینەوەی ناسنامەی قەومیی کورد بە شتێکی زەروری و بە بەشێك لە فەلسەفە ڕەگەز پەرستیەکانیان دەزانن، بوونی قەوارەیەکی قەومیی کورد بە خەتەرناك و هەڕەشە دەدەنە قەڵەم، هەروەك دکتۆر ئیسماعیل بێشکچی دەنووسێت: (نەتەوەپەرستی کورد لە گەوهەردا لە ڕێبازیدا هیچ دوژمنایەتیەکی تێدا نیە، بەڵام نەتەوەپەرستی تورك و عەرەب و فارسەکان دوژمنکارن، سروشتی بزوتنەوە نەتەوەییەکانی تورك و عەرەب و فارس ناوەڕۆکێکی ئیمپریالیستی و ئیستعمارییان هەیە، تەواو بە پێچەوانەوە، نەتەوە پەرستی کورد هەوڵ دەدات لە ئیستعمار و بزووتنەوەکەی ڕزگاری ببێت یەکسانی

لەگەڵ تورك و عەرەب و فارسدا ئامانجیەتیو تێدەکۆشێت کورد لە هێرش و دڕندان دەرباز بکات).[٦]

هەر لە ڕوانگەی ئەو داگیرکردنەوەوە سروشت و تێڕوانینی کوردیی لەگەڵ هەمبەرەکانی قوڵتر دەبێتەوەو، هەریەکەی خانەیەکی لەخۆ جیایی دادەگرێت.

بەپێی ئایدۆلۆژیا و تێڕوانینی کوردیی پەیمانی سیڤەر ١٩٢٠ جاڕدانی قەوارەی نەتەوەیی و، سەربەخۆیی کوردی دەگەیاند، کەچی هەمان پەیمان لە ڕوانگەی بیری تورکایەتیەوە (سێدارەی تورك) دەگەیەنێت، ئەو پەیمانە لەگەڵ پەیمانی (لۆزان)دا هەڵچوون و داچوونێکی ناکۆك دەخولقێنێت، چونکە (کورد، پەیمانی لۆزان، ٢٣ ی تەمووزی ١٩٢٣ تەواو بە کۆیلەیەتی دادەنێت، کوردستان بەپێی ئەم پەیمانە، لە نێوان چەند دەوڵەتێکدا دابەش و پارچە پارچە کراو، کوردیش دوچاری کۆیلەیەتیەك کرا، کە لە هیچ شوێنێکیتر وێنەی نیە، بەڵام ڕێکەوتنی لۆزان لای تورك مانایەکی تری هەیە. لۆزان بۆ ئەوان سەربەخۆیی و بیناکردنەوە دەگەیەنێت.[٧] هەردوولا بە ڕواڵەتی مەسەلەکە هەڵخەڵەتابوون، ئەگەرنا هەروەك چۆن لە ڕووی نەتەوەییەوە لۆزان لە ئەمری واقیعدا کۆتایی بە هەموو شتێ هێنا، بۆ تورکەکانیش هەروا کەوتەوە. ئەوە دیدی ناسیۆنالیستیە ئەو وەهمەی لەلای هەردوولا دروستکردووە.

ڕێکەوتنی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ دان نان بوو بە بوونی نەتەوەی کورد، بەڵام هەمان ڕێکەوتن لە ڕوانگەی بیری بەعسیەکانەوە مل کەچی و بێ دەستەلاتی عەرەبی دەگەیاند.

پەیمانی جەزائیر، ٦ی ئازاری ١٩٧٥، وێنەیەکی دی لۆزان بوو، بەڵام بە پێی فارسەکان سەرکەوتنێکی مەزن بوو. چونکە هەم هەرەس و شکستی بە شۆڕشی کورد هێنابوو، هەم لە لایەکی دیەوە، دابڕینی بەشێکی ستراتیژی خاکی عێراقیشی بەدواوە بوو!(٨)

لەو چەند دێڕەوە دەردەکەوێت کە کورد نەتەوەیەو، خاوەن خەسڵەت و تایبەتمەندێتی و ، مێژوو و زمان و کەلەپوورو، کەلتوری خۆیەتی و بەو پێودانگەوە هەروەك نەتەوەیەك مافی چارەدانی مافی چارەی خۆنوسینی خۆی هەیە هەروەك لەو بارەیەوە دکتۆر (فوئاد ساکۆ) ڕای دەگەیەنێت: (کوردەکان هەموو بەڵگەیەکی یاسایی و نێودەوڵەتیان هەیە بۆ داکۆکی کردن لە مافە نەتەوەیی و سیاسی و ئابوورییەکانیان). لەگەڵ ئەو هەموو ڕاستیە دینی و یاساییەدا ناسیۆنالیستی عەرەبی لە عێراقی سەدام و دوای سەدام هێشتا کورد بە نەتەوە ناخوێنێتەوەو هیچ مافێکی پێ ڕەوا نابینێ! □

* * *

سەرچاوەکان:

١) شەرەفخانی بەدلیسی، شەرەفنامە، تەهران ١٩٨٢.

٢) برادەرێك کە بۆ ماوەیەکی زۆر دیلی ئێران بوو بۆی گێڕامەوە کە کاربەدەستانی ئێستای ئێران لە موحازەرەکدا هەمان شتیان دەربارەی نەژادی کورد گوتووە. هەروەها زۆربەی رۆژهەڵاتناسەکان بە سادەیی‌و خراپی لە کۆمەڵی کوردەواری دواون و، بە جەردەو رێگرو هەزاران ناو و ناتۆری دی باسی کوردیان لە کتێبەکانیاندا بڵاوکردۆتەوە.

٣)جەمال نەبەز، دکتۆر، بیری نەتەوەیی کورد نە بیری قەومی رۆژهەڵاتی یە، نە بیری ناسیۆنالیزمی رۆژئاوای یە.. ١٩٨٤.

٤) رۆژنامەی مافناس ژ(؟) ١٩٩١.

٥) کادر، گۆڤار، ژ (٢) ی حوزەیرانی ١٩٩٢. ل٧٨.

٦) ئیسماعیل بێشکچی، کورد و مەسەلەی کورد: ل٤٥.

٧) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦ــ٢٧.

٨)عەرەبیێتی نوێ بیرێکی سروشتی نی یە، بەڵکو دەتوانین بڵێین دووڕەگی یە هەروەك جۆرج ئەنتۆنیۆس لە (یقظه العرب) دەنووسێ: (بیری نەتەوەیی عەرەب لە ژێر چاودێری ئەمریکا بەهۆی بوونی جامیعەی ئەمریکی لە لوبنان لەلایەك و، کاریگەری بزووتنەوەی تەبشیری لەلایەکی دی یەوە هاتۆتە کایەوە. بانگی هەق ژمارە(١) ل١٠، هەروەها تورکێتی تورکە لاوەکان تۆرانیەتی کەمالیەکان لە

پاریس و سلانیك لەسەر ویستی یەهۆدی یەكان نەش و نمای كردووە.
فارسێتی ڕەزاشاش لەگەڵ سەرهەڵدانی نازییەت لە ئەلمانیادا بەرە بەرە ڕەگ و ڕیشەی داكوتی یە، هەروەك دەزانین ناسیۆنالیزمی ئینگلیزو یەهودی ــ جوو ــ و، ئەلمانی هیتلەری بیرێكی ئیستعمارین دەیانویست لەسەر حسێبی نەتەوەكانی دی جیهانێكی نوێ بۆخۆ دروست بكەن و تەواوی بەشەریەت بە كۆیلە و بەندەی خۆ دابنێن.

لەو بارەیەوە دەمەوێت ئاماژەیەك بۆ بیری ئیستعماری ئینگلیز بكەم، كە لە چەند دێڕ هۆنراوەیەكدا شاعیرێك كە ناوی (برووك)ە بڵاوی كردۆتەوە:

(ئەگەر مردن بەگژم داهات
تەنیا ئەوەندە منتان وەبیربێت:
چەند گۆڕێك (گۆڕی سەربازانی ئینگلیز) لە كێڵگەكانی بێگانەدان
ئەوانە هەتا هەتایێ خاكی ئینگلیزن (برۆك هۆنراوەی Thu Soldier).

هەروەها دكتۆر ئۆسكار لیڤی سەبارەت بە خودی یەهودی دەڵێت: (ئێمەی یەهودی گەورەی جیهان و تێكدەری ئەوین، هەروەها بزوێنەری بەڵاو جەلادی وین (اثر الأقلية اليهودية في سياسة الدولة العثمانية تجاه فلسطين) ل١٠.

ناسیۆنالیزمی هیتلەرییەکانیش هەموو داب و نەریتێکی گەلانی غەیرە ئاری بە چاوێکی نزم تەماشا دەکەن، ئەو تێڕوانینە ڕەگەزپەرستییە دەقاودەق لەگەڵ تۆرانیزمی کەمالیەکان تێک دەکەنەوە.

تێبینی/ ئەم وتارە خۆی لەساڵی ١٩٩٢ نووسراوە، لە ژمارە (٧٢)ی (پەیامی ڕاستی) بڵاوکراوەتەوە.

ڕۆژنامەگەریی کوردی لەنێوان
ئازادبوون و وابەستەبووندا

حوکومەتکاری یاخود خۆ بەڕێوەبردن دیاردەیەکی نوێیە لەنێو ئێمەدا. حوکمدارییەکەی شێخ مەحمود سەرەتایەکی ئەو فەرمانڕەواییە نوێیەی کوردییە. ئەوسا هەر حکومەت نەبوو، ڕۆژنامەگەریش هەبوو، ڕۆژنامە هەبوو ئازاد بوو! هەشبوو زمانحالی حوکمدارییەکە بوو! لەپاش هەرەسی یەکەمی شێخ، مێجەرسۆن یەکەم کەس بوو یەکەم ڕۆژنامەی کوردی لەسەر خاکی کوردستان دەربکا. ڕۆژنامەکە ناوی (پێشکەوتن) بوو. دەرچوونی ڕۆژنامەکە خۆی لەخۆیدا بۆ زیاتر شکاندنی خێوی دەسەلاتی شێخ بوو. هەر ئەو ڕۆژنامەیە و هەندێ ڕۆژنامەی تر زۆر نووسەر و ڕۆناکبیری دژەشێخی لەخۆکۆکردەوە. ڕۆمانی (لەخەوما)ی جەمیل صائب یەکێ لەو نووسینانەیە کە لەدژی دەسەلاتی شێخ نووسراوە!!

لە کوردستان دیاردەی "ئازادبوون و وابەستەبوون" لەوساوە لەنێو ئێمە سەریهەڵداوە. ئەوانەی وابەستەی دەسەلاتی شێخ نەبوون هەموو "پاک" نەبوون. هەبوو وابەستەی "ئینگلیز!" بوو، هەبوو وابەستەی "تورکیا!" بوو لەمێژوودا بە جلخۆر ناسراون، هەشبوو

وابەستەی دژی میللەتەکەی بوو لەهیچ بەرەیەکی دەسەڵاتەکان نەبوو!!

لەدوای راپەڕینی بەهاری ۱۹۹۱ نەك حکومەت، کورد پەرلەمانیشی دروست کرد. بێگومان حکومەت و حیزب بۆ داکۆکی لەبوونی خۆیان دەزگایەکی راگەیاندنی مەزنیان دامەزراندووەو بەسەدەها نووسەر و "روناکبیر"یان لەخۆ کۆکردۆتەوە. ئەوانەی وابەستەی دەسەڵاتن هەندێ جار لە چەکدارێك خراپترن دیماگۆژیانە مامەڵە لەگەڵ رەوشی وڵات دەکەن، بۆیە هەر خەڵك ناکوژن وەك چەکدار، بەڵکو ستراکتۆری ماڵوێرانی لە بونیادی دام و دەزگای حکومەت و حیزب دەچێنن!!

مەرج نییە ئەوانەی بەناو "ئازادن!" لەگەڵ وابەستەکان یاخود وەك دکتۆرێکی برادەرم دەڵێن "دابەستەکان!" تەوفیرێکی ئەوتۆیان هەبێت!!

ئەوەی وابەستەیە، بەر لەوەی هەر شتێ بێ فەرمانبەرە لە حیزب ئەوجا حکومەت. حیزب و حکومەت هەرچی بخوازێ دەبێ هەر ئەوەبێ. هەر ئەو حاڵەتەشە وای لە هەندێ کەسی حیزبی یاخود وەزیر کردووە هیچ رێزێك بۆ "قەڵەم" دانەنێت. ئەو چاکدەزانێ "قەڵەمدار" وا دەم چەورکراوەو هەروەها وا تەلقین دراوە بزانێ هێڵی سوور هەیە! جا لەوانەیە ئەو هێڵی سوورە هێندە بچووك بێ، چۆن مدیرێك فەرمانبەرێ غائیب دەدا ئەگەر (دە

دەقیقە) دوابکەویٚ یان وەك ئـەو مـامۆسـتايەی کـە هـەر پرسـيار لێکردنێك بەزاندنی هێڵی سوورە لەلای!! ئەوهابیٚ!!

هەنـدیٚ جـار دەسـەلاٌت يـاخود حيـزب لـەنێو وابەسـتەکاندا کەسانێك تەمويل دەکا رۆژنامـەيەکی "ئازاد" دەربکا. ئەو وابەستە ئازادانە لە هەمـوو شتیٚ ئازادن تەنها زەرەريان بـۆ پەزەکـە نـەبیٚ. دروستکردنی ئەو کەسانەش چەندەها مـەرامی لەدواوەيـە. ئـەوەی حيزب ناتوانیٚ لە رۆژنامـەی رەسمی بيلیٚ، لەو رۆژنامـەيـە بـە زاری ئەو رۆناکبيرە دەيلیٚ! لەمـەشدا حيزب هيچ بەرپرسـياريەتی رەسمـی ناکەويٚتـە ئەسـتۆ. هـەر قـسەيەکيش بکـریٚ "وەلاٌمـی ئامـادە" ئامادەيە!

لەو رەوشەی ئێستا باوەڕ ناکەم هيچ مەسئولێك لە دەرگای هيچ رۆناکبيرێك بۆ ڕاو تەکبيرێك بدات. حيزبدار و حکومـەتـدار ئەگـەر قەڵەميشی نەبیٚ دەسەلاٌتی هەيە هەرچی قەڵەمدارە نە دەسـەلاٌتی هەيە و نە ترسی هەيە، بۆيە کەس لێی ناترسیٚ!!

من خۆم قەت بە موتڵەقی نائاخافم چـونکە چـاك دەرکـم بـەوە کردوە خەتی لە يەك جياکەرەوەی نێـوان "وابەسـتە" و "ئـازاد"دا ئاسان نييە، دياريکریٚ. ئەوەی ئەویٚ ڕۆژیٚ لـە هەنـدەران دوژمنـی سەرسەختی دەسەلاٌت بوو، لەژێرەوە پەيوەندی فەوقە تەبيعی لەگەڵ لوتکەی دەسەلاٌت پەيـداکردووە. ئـەو بـرادەرە هەندەرانيانـە هـەر خۆيان نادۆڕێنن بەڵکو متمانـەش لـە دەرونـی تاکـدا دەڕوخێـنن.

هەندێ لەم حاڵەتانە وای لە تاکی کورد کردووە گومانی بەرامبەر هەموو کەسێ، شتێ، ڕۆژنامەیێ، هەبێ.. بە واتای بابای هەندەرانی هەر دۆڕانی خۆی لە بەرەکەدا ڕاناگەیەنێ و بەس بەڵکو گومانیش لە دەرونی تاکی کورد دەڕوێنێ دەسەڵات و حیزبیش لەو نێوەدا بەشیان هەر "بردنەوە!" دەبێ.

هەندێ لە بەناو ئازادەکان کە لە گۆڕەپانی فیکردا دۆڕاون دێن بۆ ئەوەی دۆڕاندنەکەی خۆیان بشارنەوە ڕەخنە لە بیروباوەڕی خەڵك دەگرن، هەندێ بە ئاشکرا و هەندێ بە لابەلایی ڕەخنە لە دیاردەی "ئیسلامی سیاسی!" یان خودی ئیسلام و بە "تیرۆر!"ی لە قەڵەم دەدەن، لاسایی سەرۆکی ئەمریکا دەکەنەوەو جاڕ دەدەن: ئەوەی لەگەڵ ئەوان نەبێ تیرۆریستە! ناسریەکانیش بەجۆرێ تەعامولیان لەگەڵ نەیارانی خۆیان دەکرد، دەڵێی ئەمریکاش دەرسی لەوان وەرگرتووە. ئەوەی لەگەڵ ئەوان نەبوایە ئەوە لە یەك کاتدا یان بە شیوعیەت یان بە ئیخوانی تۆمەتباریان دەکرد.

وابەستە ئازادەکان لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانیاندا هەندێ مەسەلەی زۆر گرنگ و حەساس دەوروژێنن و بەشێك لە تەیاری ئیسلامی هەراسان دەکەن. ئەوان باس لە سێکس و سێکسی ئازاد و فرەژنی دەکەن، هەروەها زۆرجاران لە مەسەلە نیشتمانییەکاندا ئیسلامییەکان بە کەمتەرخەم تاوانبار دەکەن. من نازانم بۆچی بەشێك لە تەیاری ئیسلامی ترسی ئەو مەسەلانەی هەیە؟! لە

قورئاندا لە چەندەها شوێن خوای گەورە وردترین حاڵەتی سێکسی باسکردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئاشکرا باسکردنی ئەو مەسەلەیە لە نەزەر کۆمەڵەوە شکاندنی ئادابی گشتی و "کەلتوری پیرۆز"ە، ئەو درووژاندنە لە گوتاری ئیسلامیدا حزورێکی ئەوتۆی نییە.. بە پێچەوانەش ئەدۆنیس دەڵێ هەر کە ئێمە باسی ئەو شتە بکەین ئەوە رەخنەیەکی توندمان ئاراستە دەکرێ!

گرنگە نوسەری ئازادی هەقیقی خزمەتی فکر و ئایدیۆلۆژیا و عەقیدەی خۆی بکات لە درووژاندنی مەسەلە سێکسییەکان نەك هەڵنەچێ بەڵکو بەشێك لە ڕاگەیاندنی بۆ ئەو مەسەلە حەساسە تەرخان بکا. پێم سەیرە وابەستە ئازادەکان بەوپەڕی حورپیەتەوە باس لە ئازادی سێکسی بکەن بڵێن "لەشفرۆشی" با ببێتە حاڵەتێکی ساخڵەم و جێ و شوێنی تایبەتیان بۆ تەرخانبکرێ و دکتۆریان بۆ دابنرێ نەك بەدزی لەم ماڵ و ئەو ماڵ بێ تۆ بە زمانی "جائیز نییە، شەرعی نییە" وەڵامی ئەم دیاردەیە بدەیەوە!! بەرامبەر لەم زمانە تێناگات، تۆ دەبێ بەرنامەت هەبێ و بە بەرنامەی خۆت دابچیەوە بزانی چارەسەر چییە؟! لەشفرۆشی بۆتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ڤایرۆسی خۆی لە تەواوی رۆژهەڵاتدا بە ڕێژەی جیاجیا بڵاوکردۆتەوەو خەریکە بەم بێدەنگییە وەك ڕۆژئاوای لێدێ!! ئەو بەو جۆرە لە فرەسێکسی دەدوێ بەڵام تۆ بە شەرمەوە یان وەك ئەو لە فرەژنی دەدوێی! بۆ نموونە لە کوردستان دەنگۆی ئەوە هەیە کە

بەرامبەر هەر پیاوێك هەشت ژن هەیە! من ئەوە زۆر بەڕاست نازانم بەڵام گومانم لەوە نییە کە بەرامبەر هەر پیاوێك دوو ژن هەیە. جا وەرە تۆ چارەت چییە وەك دۆڕاوەکان تەشجیعی فرەسێکسی نا تەبیعی دەکەی کە خۆی لە لەشفرۆشی ساخلەم نەوال سەعداوی گوتەنی دەکات؟! عەرەب و تورك و فارس لە ڕووی نەتەوەیی و هەتا دینییەوە زۆر ئازاری ئێمەیان داوە بۆیە لەگینە هیچ کوردێك ئامادە نەبێ کچی خۆی، خوشکی خۆی لە باشوری کوردستاندا بداتە عەرەبێك!! جا ئەمە ناکاو بە لەشفرۆشی ساخلەمیش ڕازی نییە، نازانم بۆ لای شەرمە تەشجیعی فرەژنی بکات کە کوڕ و کچی کورد، کە سامانی گرنگی نەتەوەن، لە روخان ڕزگار بکات! پێم سەیرە زۆر نوسەری ئیسلامی وابەستەی حیزب لە ڕاگەیاندن هەند بە شەرمەوە باسی ئەو دیاردەیە دەکەن وەك بڵێی فرەژنی لەگەڵ فرەسێکسی وەك یەك بێ و تاوان بێ!![1]

---

[1] هەندێ (ژن) و (ئافرەت) خەریکی پرۆژەیەکن کە بەڕەسمی (فرەژنی) حەرام! بکرێ. خەمەکە ئەوەیە دەیانەوێ دەروێشەکانی خۆیان وا تەلقین بدەن، کە ئەمە پاراستنی مافی ئافرەتە!.. ئەمە بێ یەك و دوو هاندانی فرەسێکسی و فرەدۆستی لێدەکەوێتەوە، چونکە ئەگەر ڕێژەی کورد لە باشوری کوردستان پێنج ملیۆن بێ، ئەوا بەلای کەمی سێ ملیۆنی ئافرەتە. جا ئەگەر دوو ملیۆن پیاوەکە هەموو ژن بێنن، ئەوا یەك ملیۆن ئافرەتی کورد هەتا ماوە مافی مێردکردنی نابێ!! ئێمە (١٨) پاکیزەمان لە (مەلهاکانی میسر)ن وەختە لە هەژمەتان شێت ببین، ئەدی چارەنوسی ئەو ملیۆن ئافرەتە چی لێبکەین؟! کێ هەیە کچی خۆی بداتە عەرەبێك، تورکێك، فارسێك؟! ئێ

پێغەمبەر(د.خ) و یارانی هیچ کامێك تەنیا ژنێکی لەلا نەبووە هەر ئەوانیشن بۆ ئێمە بە سەرمەشق دادەنرێن و نەشزانیوە لە هیچ ژێدەرێك ئەوان کێشەی هاوکێشەی جیلی ئێمەیان هەبووبێ!!

نازانم چ دینێك بەقەدەر ئیسلام تەشجیعی مەسەلە نیشتمانییەکان دەکات؟! کەچی زۆربەی تەیاری ئیسلامی عەرەبی قەبوولی نەتەوەیەکی وەك کورد ناکات. هەتا فیدرالیش بە دەستێکی ئەمریکی دادەنێن. من پێم سەیرە کە تەیاری ئیسلامی کوردی لە کوردستاندا بۆچی تەشجیعی دەوڵەتی کوردی ناکات؟ ئایا جائیز نییە؟! دەبێتە بەشبەشکردنی ئوممەی ئیسلامی؟! ئەو قەوانانە زادەی عەقڵی تەیاری ئیسلامی-عەرەبین نەك قورئان و سوننەت.

بەکورتی دیاردەی وابەستەبوون و ئازادبوون هەموو تەیارێکی وڵاتی گرتۆتەوە. سەرچاوەی سەرەکی ئەو نەگبەتی و ماڵوێرانییەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی حیزب لەپێش هەموو شتێکەوەیەو حکومەت هەر تەنیا کۆپی و لەیستۆکی حیزبە و نان هەر بەدەست حیزبەوەیە. مەسەلەی موئەسەساتی هەر جوینێکەو ئەوە پازدە

خۆ ئەو ملیۆن ئافرەتەش وەك هەر ئافرەتێکی تر مافی سێکس و خێزان دروستکردنی هەیە...! بۆیە ئەگەر دەسەڵاتی کوردی خەمی "ئافرەتی کورد"یتی، دەبێ لەپێناو (ناموس و کەرامەت و رێزی ئافرەتی کورد) هانی خەڵکی بەرێز و بەواتای وشە پیاو نەك نێری سێکسی بدات ژنێکی تر بێنێ نەك دۆستێك (ژنێکی ناشەرعی) تری هەبێ!!

ساڵە هەر کاوێژ دەکرێتەوە و بەنجی موخەدەرە لە عەقڵی تاکی کورد دەدرێ. لەو نێوەش لە زۆر حاڵەتدا ئازاد و وابەستە تێکەڵ بەیەک بوونە ئەستەمە بکرێ خەتێک لەنێوان هەردووکیان بکێشی...! □

ئەرمەنییەکان دەیانویست
کوردستان بکەنە ئەرمەنستان

باوەڕناکەم هیچ میللەتێك بەقەد کورد لێبوردەیی ئایینی هەبێت، بەدرێژایی موسڵمانبوونی کورد، کورد هیچ کێشەیەکی ئایینی لەگەڵ غەیرە موسڵمان نەبووە. ئەوەتە ئەم هەموو دیان(کریستیان) و جولەکە و ئێزیدیەی لە کوردستان هەن هیچیان ڕۆژێ لەڕۆژان کورد لەرووی ئایینییەوە نەیچەوساندوونەتەوە. ئەو هەموو دیانەی لە شەقلاوەو دیانە و هەریر و کۆیە و ئاکرێ و دهۆك دەژین بوونەتە بەشێك لە کۆمەڵگەی کوردستانی، بەجۆرێ هەندێکیان هەر خۆیان بە کورد دادەنێن.

ئەمە ڕاستییەکی مێژووییە، ئەوەی لێرەو لەوێ باسدەکرێ، کە کورد کێشەیەکی ئایینی دەگەڵ کەمایەتییە ئایینیەکانی کوردستان هەبێت، ئەمە تەنها تەئویلێکی ڕۆژئاواییانەیە ئەگەر نا هەر ئاریشەیەك ڕووی دابێ سەد دەر سەد سیاسی بووە نەك ئایینی. نووسەرێکی وەك نورەدین وەیسی لە ژمارە (٢٤١)ی ڕۆژنامەی (میدیا)دا بە چاویلکەیەکی ڕەشی ڕۆژهەڵاتناسییەوە هەوڵ دەدا بەشێك لەمێژووی کورد بشێوێنێ، یاخود لەبەرچاوی نەوەی نوێدا

بە قێزو بێزەلەتی بکا و بەجۆرێ ببێتە جێگەی سەرزەنشت و شەرمەزارکردن.

وەیسی سێ مەسەلە دەورووژێنێ: شەڕی میری سۆران لەگەڵ ئێزیدییەکان، کوشتاری ئەرمەن و بەمەسیحی بوونی هەندێ کورد.

وەیسی دەیەوێ بڵێ پاڵنەری ئایینی (ئیسلامی) لەپاڵ ئەو شەڕەی میری سۆران بووە. یەکێ ئەو قسەیە دەکات کە میری سۆرانی نەناسیبێ. جارێ مەسەلەی شەڕەکە وەك لە سەرچاوەکاندا هاتووە، کاردانەوە بوونە نەك کردار. دەوترێ میر ئەو شەڕەی لەپێناو ئەو زوڵمە کردووە کە سەرانی ئێزیدی لە (مەلا یەحیای مزووری) و بنەماڵەکەیان کردووە. لەلایەکی تر، ئەگەر کاك وەیسی شەڕی میری سۆران لەگەل ئێزیدیەکان بە پاڵنەرێکی ئایینی تەئویل دەکا، ئەدی شەڕی میر لەگەڵ میری بابان و بادینان لەسەر چە بنەمایەك تەئویل دەکات، خۆ میرنشینی (بابان) و (بادینان) جولەکە و مەسیحی نەبوون؟! هەموو کەسێکی ئاگادار دەزانێ ئەو شەڕانە شەڕی سیاسی بوونە نەك ئایینی.

هەرچی مەسەلەی کریستیانی بوونی هەندێ لاوی کوردە، ئەمەش هیچ پەیوەندی بە ئیسلامەوە نیە، ئەوەی شارەزای ئیسلام بێ دەزانێ باوەڕبوون بە مەسیح و ئینجیل بەشێکە لە ئیمانی هەر موسڵمانێك، بۆیە هیچ موسڵمانێك نابێتە مەسیحی چونکە خۆی (مەسیحی) و (ئینجیلی)یشە، ئەوەی بۆتە (مەسیحی) تەنیا ئەو

کەسانەن کە هەر بە (نفوس) موسڵمانن، ئەگەرنا پێشتر (مارکسی) و (نادینی) بوونە.

لەمەش زیاتر، کوردە مەسیحیەکان یان ئاشوریە مەسیحیەکان ئەو پرۆسەی بە "مەسیحی بوون"ە بە کارێکی سیاسی دادەنێن نەك ئایینی. ئەو دوو مەسەلەیە لای زۆربەی رۆشنبیران روونن، تەنیا لەلای کەسانی وەك وەیسی نەبێ، کە تەنیا ماوەیەکی کورتە لە هەندەرانە، هەموو شتێکی لەلا ئاوەژوو بووە. هەموو کەسێکی وریا و وشیار دەزانێ هەموو گەلانی ئەورووپا و ئەمریکا بەقەد کورد لێبوردەیی ئایینیان نییە. ئەوەتە لە مەسەلەی (بۆسنا)و (ئەلبانیا) و (سەرایێڤۆ) و (چیچان) دەرکەوت کە ئەو رۆژئاواییانە چەند درِندەن، بەرگەی بوونی ئەو چەند ژمارە کەمەی موسڵمانان ناگرن!! کام وڵاتی رۆژئاوا هەیە دەستی لە کوشتاری چیچانی و بۆسنی و ئەلبانی نەبێ؟!

وەك وتم، ئەو مەسەلەیە هەر ئەوەندە دێنێ لەسەری بدوێم. بەڵام ئەوەی گرنگە و زۆر کەسی سەرچیخ بردووە مەسەلەی ئەرمەن و کوشتاری ئەرمەنە. بەراستی ئەم مەسەلەیە هەڵوەستەکردنی دەوێ، پێویستە ئەوەی نوێ تەواو لەم مەسەلەیە شارەزابێ بۆ ئەوەی چیتر مێژووی لەلا رەش نەکرێ.

لە تۆماری ئەرمەنەکاندا هاتووە کە کوردستان خۆی لەخۆیدا لە رەسەندا زێدی ئەرمەنە کۆنەکانە و بەزۆری بەکورد و بە ئیسلام

کراوە: "ئەو نیشتمانە -کوردستان- چەندین سەدەیە نەتەوەیەکی لەسەر دەژی، وەکو ئێمەی ئەرمەن لە ڕەگەزی ئارین و ئێمەش هەست دەکەین کە ئەو نەتەوەیە زیاتر لەئێمەوە نزیکن وەك لە تورك، بەڵام هەرچەندە کە بەشێکی ئەو نیشتمانەیان-خۆ هەر بەدەستی ئەرمەنییەکانی چاخە کۆنەکان ئاوەدان کراوەتەوە، ئەمڕۆ بەزۆری بەئیسلام کراوەو بەکورد کراوە".[1]

هەروەها لە شوێنێکی تردا هاتووە: "هیچ مەڵبەندێك لەجیهاندا بەقەد مەڵبەندەکانی وان و بەدلیس ئەرمەنی نین".[2]

ئەم بیرۆکەی بە ئەرمەنی دیتنی کوردستان روناکبیرێکی وەك حاجی قادری کۆیی ناچار کردووە کە ڕووبکاتە سەرانی کورد کە وشیار بن، ئەگەرنا دین و نەتەوەتان دەکەونە بەر هەڕەشەی ئەرمەنەکانەوە:

خاکی جزیرە و بۆتان یانی وڵاتی کوردان
سەد حەیف و سەد مخابن دەیکەن بە ئەرمەنستان
هیچ غیرەت نەماوە، سەدجار قەسەم بە قورئان
پەیدابێ ئەرمەنستان نامێنێ یەك لە کوردان [3]

ئەمە و بەندی (١٦)ی پەیمانی (سان ستیڤانۆ) و بەندی (٦١)ی پەیمانی (بەرلین) دوو بەڵگەی رۆژئاوان لەسەر بە ئەرمەنیکردنی کوردستان.[4] ڕووسەکانیش لەپاش کۆدەتاکەی ١٩٠٨ خەریکی جۆشدانی ئەرمەنییەکانی نا دەوڵەتی عوسمانی

بوون، بەجۆرێك لەنێوان ساڵانی ١٩٠٨-١٩١٤ ڕووسەكان نزیكەی دەهەزار خەبیر و سەربازی خۆیان لە ناوچەی ئازەربایجان مۆڵ دابوو.[٥] هەركە شەڕ هەڵگیرسا، ڕووسەكان و ئەرمەنەكان كەوتنە قەتل و عامكردنی خەڵكی وان. هەر لەو بارەیەوە دكتۆر جەمال نەبەز دەنووسێ: "لەنێوان ساڵانی ١٩١٥- ١٩١٨ لە ڕۆژهەڵاتی توركیا نزیكەی (٧٠٠) هەزار كورد بەدەستی ئەرمەن كوژراوە. تەنانەت لە ساڵی ١٩١٦ كاتێك سوپای ڕوسی لە ناوچەی حاجی ئۆمەران و باڵەكایەتییەوە بەرەو ڕواندز هاتن، چوار فەوجی ئەرمەنی و فەوجێكی نەستوریان لەگەڵ بوو، ڕۆژی (١٣)ی مایس ئەم هێزانە شاری ڕواندزیان داگیركرد، ئەرمەنەكان بە بەرچاوی ڕوسەكانەوە كەوتنە گیانی دانیشتوانی ڕواندز، لە ئەنجامدا نزیكەی (٥) پێنج هەزار پیاو ئافرەت و منداڵ بوونە قوربانی، گوایە زۆربەیان بە گوللە نەكوژراون، بەڵكو فڕێدراونەتە گەلی (خەرەند)ی ڕواندز. لە نزیكەی (٢٠) هە زار خانوبەرەی ناوشار تەنها (٢٠) ماڵ بە سەلامەتی دەرچووە.[٦]

ئەو سیڤەرەی كە لەسەر كاغەز بەڵێنی "دەوڵەتی كوردی" تێدایە، هەر لە هەمان پەیماندا لە بەندی (٨٨)و (٩٣) هاتووە، كە ئەرمەنستان لە چوار ناوچەی تەرابزۆن، ئەرزەڕۆم، وان، بەدلیس پێكدێ.[٧]

هەرچەندە شەریف پاشا زۆری هەوڵدا وەهمی "ئەرمەنستان لە

کوردستان" لەمێشکی یۆگۆس تۆبایی نوێنەری ئەرمەن دەربێنێت، بەڵام قۆمیسیایی ئەمریکایی بە وەفدی کوردی گوتبوو، کە ئەمریکا سوورە لەسەر ئەوەی دەوڵەتی ئەرمەنیا دابمەزرێنێ، کە بەشێکی زۆر لە خاکی کوردستان دەگرێتەوە.[٨]

لەپاش ئەو هەموو ڕاستییە مێژووییە، شەرم نییە کوردێک لەژێر کاریگەری ئەو سەرچاوانەی کە بە هەموو شێوەیەك هەوڵیاندەدا دەوڵەتێکی ئەرمەنی لەسەر خاکی کوردستان دابمەزرێنن، هەندێ خێڵی کورد بە کوشتاری ئەرمەن تاوانبار بکات؟! لەسەرەوە ڕوونمان کردەوە کە ئەرمەنەکان لە هەموو شوێنێکی باڵادەست بووبن هەوڵیان داوە کورد قڕبکەن، بەڵام "سەرکردایەتی کوردی" نەك نەیویستووە کوشتاری ئەرمەن بکات، بەڵکو هەوڵی زۆریشی داوە کە چەندی پێبکری ئەرمەنەکان لە ئیتحادیەکان رزگار بکات، ئەوەتە مەسعود بارزانی لە بەرگی یەکەمی کتێبەکەیدا دەنووسێ: "لە کوردستانی باشور شێخ ئەحمەد بارزانی هێزێکی پێکهاتوو لە دووسەد چەکداری ناردۆتە کوردستانی بندەستی تورکیا بۆ ئەوەی گیانی چەند خێزانێکی ئەرمەنی رزگار بکات، یەکێك لەو خێزانانەی هێزە کوردییەکە ڕزگاری کردووە، خێزانی ئەندراتیك پاشا بوە، ئەوەی شایەنی باس بێت چواردە کەس لەو هێزە کوردییە بەدەست تورکەکان کوژران.[٩]

بێگومان هەریەك لە ئەرمەنییەکان و ئاشوریەکان هاوپەیمانی

هاوپەیمانەکان بوون لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا و بەشێکی کوردیش لە سوپای ئیتیحادیەکان دابوون. لە نەزەر ئیتحادیەکان ئەو هاوپەیمانیەی ئەرمەنی و ئاشوریەکان خیانەت بووە لە دەوڵەت، بۆیە هەروەك چۆن ئەرمەنیەکان لە کوشتنی موسلمانی عوسمانی و کوردی درێغیان نەکردووە، دەوڵەتیش لە کوشتنی ئەواندا درێغی نەکردووە. ئەو کوشتارەش هیچ پەیوەندی بە کورد و ئیسلامەوە نیە، چونکە نە کورد دەسەڵاتی خۆی هەبووە و نە دەوڵەتی عوسمانیش لە سەردەمی ئیتیحادیەکان ئیسلامی بووە، بەڵکو هەموو مێژوونووسێکی بەویژدان دەزانێ ئیتیحادیەکان بە واتای وشە "ماسۆنی" بوونە!!

ئەو ڕایەی وەیسی لە سەر دەوری کورد لە کوشتاری ئەرمەندا هیچ جیاوازییەکی نیە لەگەڵ لێدوانەکەی تەوفیق پاشای سەرۆك وەزیرانی حکومەتی تورکی، کە بەڕاشکاوی تاوانی کوشتاری ئەرمەن دەدات پاڵ کورد و تورکی لێ بەری دەکا، هەروەك دەڵێ: "ئەوانەی کوشتاری ئەرمەنیان کرد کورد بوون".

لەگەڵ ئەو هەموو جەورو ستەمەی ئەرمەن لەسەر کورد و کوردستان، کە هەر تەنها بانگەشەی داگیرکردنی کوردستانیان - باکوری کوردستانیان- نەدەکرد، بەڵکو ئیدیعای غەوارەبوونی کوردیشیان دەکرد لە باکوری کوردستان، کوردی باکور لەژێر بەرداشی و فشاری ڕووسی و ئینگلیزی "نۆئیل" واتەنی تەنها یەك

ڕێگەی لەپێش بوو کە دینەکەی بگۆڕێ و بێتە سەر دینی ئەرمەنیەکان!!

لەپاش ئەو هەموو زانیارییە نازانم نورەدین وەیسی داوای لێبورد لەکورد دەکات یان هەروەك مەلای مەشهور بەعەقڵی "بشفرێ هەر بزنە!" هەر میر و بەگزادەکانی کورد بەگشتی و هەندێ خێڵی کورد بەتایبەتی تاوانبار دەکات و ئێمەی میللەتیش هەر سەرچیخ دەبا کە شەرم لە مێژووی دوو سەدەی ڕابردوومان بکەین؟!□

پەراوێز و سەرچاوەکان:

١- گۆڤاری یەکگرتن، نەرویج، نووسینەکەی د.فەرهاد پیربال.

٢- سەرچاوەی پێشوو، هەروەها بڕوانە ژمارە (٩)ی گۆڤاری سەنتەری برایەتی.

٣- کۆمەڵە شیعری حاجی قادری کۆیی، بەغدا، ل٥١

٤- محمد سەلام- لۆزانی ١٩٢٣ و لۆزانی ١٩٨٩٠، ل١٠

٥- Shaw, History of othman Empire

هەروەها بڕوانە لاپەڕە (٦٨)ی هۆکارەکانی لکاندنی ویلایەتی موسڵ بە عێراقی عەرەبیەوە.

٦- محمد سەلام، ل١١ ، هەروەها سەنتەری برایەتی ژمارە (١٦) ، ل٧٧

٧- محمد ئـەمين زەكـى بـەگ، خولاسـەيەكى تـاريخى كـورد و كوردستان.. هەروەها بڕوانە لاپەڕە (٧٢)ى كورد لە ئنسلكۆپيدياى ئيسلاميدا.

٨- د. بلەج شێركۆ، ئێستا و مێژينەى كورد

٩- سەلام ناوخۆش- هۆكارەكانى لكاندنى ... ل٦٩

١٠- د. بلەج شێركۆ، ئێستا و مێژينەى كورد

مافەکانی کورد لە لۆزان و
دەستووری عێراقی نوێدا

لەمەڕ ڕۆشنبیرانی کورد وایە کە پەیمانی سیڤەر یەکەم پەیمانی نێودەوڵەتییە کە لە مادەکانی (٦٢-٦٣-٦٤) بەندی سێی باسی دەوڵەتی کوردی کردبوو. پەیمانی لۆزانیش هەر (خەونی کورد)ی هەڵوەشاندەوە، بەڵکو لە جیاتی هەنگاوێکی ڕاست خۆی لە مندالەکانی خۆیدا ماوەی مەرجی ... کە لە دوای پێشمەرجەکانی پەیمانی ڕابردوو ... کە پەیمانی سیڤەر تەنیا هەنگاوێکی ... بوو، هەر بەو جۆرەی کە خۆی لە دوای سایکس-پیکۆ و ... یەکەم پەیمانی نێودەوڵەتییە کە کوردستانی ... پەیوەندی کوردستانی خوارووی و کوردستانی باکووری ... هەموو پەیمانەکە پەیوەستە بە (کوردستانی خوارووی) نەک هەموو کوردستان، ... ئازادی کوردستان لە ... دەستی ... بەڕێوەبردنی ... ئیتر هەموو ... باکووری کوردستان بەگشتی ... یەکگرتنەوەی لەم ... هیچ جۆرە ... یەکگرتنەوە لەو ... بە ... دەوڵەتێکی ... ئەو ...

ڕیزای ئەمەش هەر بەگوێرەی پەیمانی سیڤەر بەشێك لە باکووری کوردستان دراوەتە ئەرمەنییەکان!

ئەوەی لەلای ئێمە تابووە Taboo لۆزانە، تەنانەت لە ساڵی ١٩٩٠ کۆنگرەیەکی کوردی لەو شارە بەسترا، سەرۆکی هەرێمی لۆزان خاتوو (یەڤێن جاجی) بێزاری خۆی لە بەرامبەر بەیەکەوە بەستنی ناوی شاری لۆزان لە پەیمانی لۆزانەوە دەربڕی. مەن تەواو لەو قەناعەتەدام کە پەیمانی لۆزانیش وەك پەیمانەکانی دی ئەوسا دژی ماف و بەرژەوەندییەکانی کورد بووە، بەڵام ئەوەی لە پەیمانەکە هاتووە (نووسین- نەك کردەوە) زۆر جودا نییە لەو پەیمان و دەستوورانەی کە بەناو باشن بۆ کورد. با بەکورتی دەقی ئەو چەند بەندەی لۆزان بنووسین، بزانین ئەگەر پیادە بکرابان، ئێستا کورد دەوڵەتی دەبوو یان نا؟!

کۆنگرەی لۆزان لە دوو ماوە بەستراوە، خولی یەکەمی دانوستانەکان لە ٢٠/١٠/١٩٩٢ هەتا ٤/٢/١٩٢٣. خولی دووەم لە ٢٤/٤/١٩٢٣ هەتا ٢٤/٧/١٩٢٣، ئەوەی پێویستە بوترێ لەلۆزان مەسەلەی باشووری کوردستان چارەسەر نەکرا، چونکە شاندی ئینگلیز و تورك نەگەیشتنە هیچ ئامانجێك، ئەوەی چارەسەرکرا دروستبوونی دەوڵەتی تورکیا بوو. ئەو دروستبوونەش پابەند بوو بە مەرجێکی سەرەکی ئینگلیز، ئەویش ئەوەبوو کە کەمالییەکان بە تەواوی ئیعلانی عەلمانیەت بکەن و خەلافەت

بەیەکجاری هەڵوەشێننەوە، لە بەرامبەریش ئینگلیز بێدەنگ بێ لەسەر بەشی باکووری کوردستان و رازی بێ ئەو بەشە بەشێك بێ لە دەوڵەتی تورکیای نوێ. کەوابێ چارەنووسی باشووری کوردستان کۆمەڵەی گەلان بڕیاری لەسەردا کە بەشێك بێ لە عێراق نەك لە تورکیا. هەرچەندە ئەو بڕیارەی کۆمەڵەی گەلان بە قازانجی تورکیا نەبوو، بەڵام هەروەك پرۆفیسۆرێکی تورك دەنووسێ "گەرەنتی هێمن و تەناهی بۆ تورکیا مسۆگەر کرد".

لەمەتە دەفامێتەوە لە سیڤەر و لۆزان هەر ئینگلیز خۆی بوو نەیهێشت کورد وەك میللەتانی دی ناو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کیانێکی نەتەوەیی خۆی هەبێت!

لە لۆزان پێنج بەند هەن -هەرچەندە بەهیچ جۆرێك باسی دەوڵەتی کوردی ناکەن، بەڵام بۆ بەراوردکردن لەگەڵ دەستووری نوێی عێراق بایەخی هەیە.

لە هەرسێ بەندی ٣٨-٣٩-٤٠ دا واهاتووە:

"تورکیا بەڵێن دەدات کە ئازادی تەواو بە هەموو دانیشتوانی تورکیا بدات، بێ دروستکردنی جیاوازی سەبارەت بە زێد و نەتەوە و زمان و رەگەز و دین و عەقیدە".

هەروەها هاتووە: دەوڵەتی تورکیا دەستەبەری ئەوە دەبێ کە کورد کەمەنەتەوەیەکی تورکیا پێکدەهێنێ، بۆی هەیە بە ئاشکرا بەزمانی نەتەوەیی بدوێ، لە دادگاکانی تورکیا بە کاری بێنێ،

ڕۆژنامە و گۆڤار و پەرتوکی پێ دەربکا. بۆی هەیە یانەی زانستی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی کورد زمان پێکەوە بنێ و بەڕێوەبەری ئازادییەوە لەناوخۆ و دەرەوەی تورکیا هاتووچۆ بکاو هەموو ئەو مافە سیاسییانەی دەبێ کە تورکەکان هەیانە.

لە بەندی ۳۷ "تورکیا بەڵێن دەدات کە هەرگیز یاسایەك دەرنەکا یا بڕیارێك دەرنەخا ئەو مافانەی لە هەرسێ بەندەکەی پێشوو خرانە بەرچاو پێشێل بکات."

لە بەندی (٤٤)یش هاتووە "بەڵێنەکانی تورکیا بەڵێنی جیهانین. لەبەر ئەوە بەهیچ شێوەیەك بۆی نییە ئەو بەڵێنانە بشکێنێ، ئەگەرنا ئەو دەوڵەتانەی پەیمانی لۆزانیان مۆرکردووە ئەندامەکانی کۆمەڵەی گەلان بۆیان هەیە سەرپەرشتی جێبەجێکردنی بەڵێنەکان بکەن و تورکیا ناچار بکەن ئەو بەڵێنانە جێبەجی بکات کە بە دەوڵەتانی داوە."

لەو پێنج بەندەدا: کورد بەشێکی دانیشتوانی تورکیا پێکدێنێ، ڕەگەزێکی جیاوازە لە تورك، مافی ئەوەی هەیە زمانی خۆی لە دامودەزگاکان بەکاربێنێ. لە هەمووی گرنگتر مافی سیاسی وەك تورکەکان هەیە. هەروەها زەماناتی نێودەوڵەتی هەیە، دەبێ تورکیا پێگیریان پێ بکات، ئەگەرنا کۆمەڵەی گەلان ناچاری دەکا کە پێگیری بەو بەندانە بکات!!

ئەمانە هەموو شتی نووسراو بوون!! لە هەشتا ساڵی تەمەنی

کەمالیزمی کۆن و نوێدا چ ڕێزێک بۆ ئەو مافانە داندران؟!
بێگومان نەخێر.

لێرەدا پێویستە بەخۆمان دابچیینەوە، هەر ئەوەندە گرنگ نییە چی لە دەستوور دەنووسرێ، بەڵکو گرنگتر ئەوەیە کێن ئەوانەی دەستوورەکە پەیڕەو دەکەن. من بە موتڵەقی ناڵێم مافەکانی کورد لە لۆزان و دەستووری عێراقی نوێدا وەك یەکن، بەڵام زۆر شتی بنەڕەتی کوردی لە دەستووری عێراقدا دیار نەکراون، وەك مافی چارەی خۆنووسین و سنووری کوردستان، ئەو دووە خۆی ناسنامەی کوردێنی بە کورد دەدەن، کەچی هەر ئاماژەشیان بۆ نەکراوە، وەك وتمان زۆر مافی ڕۆشنبیری و سیاسی لە (لۆزانی شووم!) هەن، هەروەها لە دەستووری عێراقیشدا هەر ئە جۆرە مافانە هەن! سەددامی دیکتاتۆریش حوکمیزاتی بەو سێ شارەی هەرێم دابوو، هەروەها خۆی بەدەیان جار ناوی کوردستانی دەهێنا، کەچی بەدەیان کەس لە کۆمەڵەی نیشتمانی عێراقی دیموکراتی هەن بەقەد سەددام ماف بەکورد ڕەوا نابینن.

هەروەها ئەو زەمانەت و گرەنتیەی لە لۆزاندا هەیە لە دەستووری عێراقیدا نییە، بەڵکو ئەوەی لە دەستووردا هەیە ئەگەر دەستوورەکە پەیڕەو نەکرا، دەستوورەکە هەڵدەوەشێتەوە، کە دەستوورەکەش هەڵوەشایەوە "عەرەبی بالادەست" شەلم کوێرم بە خاکی کورد وەردەبێ. ئەوانەی ئەمڕۆ حوکمی عێراق دەکەن بێ

ناسنامەن، نە ئیسلامین یەکسانی دروست لەنێوان کورد و عەرەب بپارێزن، نە عەلمانین مێشکیان ئەوەندە کراوەبێ غەیری خۆیان قبوڵ بکەن!! لە هەموو نیشتمانی عەرەبیدا "بەهی" یەکی گەورە هەیە لەسەر ناسنامەی عـەرەبێتی عێـراق، یـەکێك لـە شـۆڤێنییەکان دەڵێت: "عروبەی چی! عێراقیێك سەرۆکەکە و وەزیری دەرەوەی کورد بـێ، چـی عروبـەی پێـوە دەمێنـێ". وەك بڵێـی ئـەو دوو پۆسـتە کوردێنی بەعێراق دابێ!!

عەرەبی عێراقی بە هەردوو مەزهەبەوە لەو بـارە ئەمنییـە بـێ سەروبەرەدان، ئینجا سەر بۆ داواکانی کورد نانوێنن. ئـەی ئەگـەر سوپاکەیان وەك ئەوەی سەددام پرچەك کرایەوە، دەبیت چ بقەومێ؟!

ئەو ئەمریکایەی هەتا خۆی و نەتەوە یەکگرتووەکان بە "هێـزی داگیرکەر" ئێستاش بە "هێزی فرەڕەگەزی لەعێراق" نـاوی دەبـەن، کەچی سەرکردایەتی کورد هـەر بـە "ڕزگارکـەر" نـاوی دەبـات، ئەویش لەپێنا بەرژەوەندییەکانی هەر گوشار لە کورد دەکـات، بـە کەمترین مـاف لەعێراق ڕازی بێت.

هەمـوو دەزانین شـیعەی عێـراق ئێـران بـە مـەرجـەعی خۆیـان دەزانن، جا ئەوانـە کـە لـە بەرامبـەر عـەرەبی سـوننە بالآدەسـتن لەترسی ئێران چۆن مـل بۆ داواکانی کورد دەدەن. ئەو سوننەیەی لە (زاخۆ) تا (فاو) "میر" بوو، ئەمڕۆ چۆن ڕازی دەبێ کـورد مـافی لەو زیاتر هەبێ؟!

ئەوەندە مایەوە ئەو سەرکردایەتییە کوردییەی هیچ هێزێکی پاراستنی نیشتمانی نییەو هەر مژۆڵی دەسەڵاتی خۆیەتی، چۆن دەتوانێ بەرەنگاری شیعە و سوننەی عێراق ببێتەوە؟

بۆیە هەقمانە چۆن ڕەشبین بووین بە لۆزان، بە دەستوور و عەقڵیەتی دەسەڵاتداری عێراقیش ئەوەندە ڕەشبین بین. □

ئەم وتارە لە ژمارە (٢٠٨)ی ڕۆژنامەی میدیا بڵاوکراوەتەوە.